hewalname.com/ku/

# ديموكراسی و يەكسانی

ئيريك كيسلاسی

hewalname.com/ku/

# دیموکراسی و یەکسانی

ئیریك کیسلاسی

hewalname.com/ku/

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د. جەهیدە لاوەند

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەمە ڕەشید**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٧)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

سەرچاوە:
الديمقراطية والمساواة
تألیف: ایریک كيسلاسي. ترجمة: جهيدة لاوند
منشورات: معهد الدراسات الاستراتيجية
الطبعة: الاولى ٢٠٠٦ بغداد ـ بيروت

hewalname.com/ku/

■ **دیموکراسی و یەکسانی**

نووسینی: ئیریک کیسلاسی

وەرگێڕانی: حەمە ڕەشید

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی سێیەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ــ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٤٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ناوەڕۆك


پێشەكیی وەرگێڕی عەرەبی ........................................................ ٧
پێشەكی ........................................................................................ ١٣

**بەشی یەكەم:**
دیموكراسی چییە؟ ........................................................................ ١٩

**بەشی دووەم**
ئایا دیموكراسی دەتوانێت لە نێوان یەكسانی لە ماف
و یەكسانیی ڕاستەقینەدا سەركەوتوو بێت؟ ......................................... ٤١

**بەشی سێیەم**
ئایا دیموكراسی ڕێگە بە سازانی نێوان یەكسانی و ئازادی دەدا؟ ....... ٧١

**بەشی چوارەم**
ئایا دیموكراسی ڕێگە بە مۆبێلیتەی كۆمەڵایەتی دەدا؟ ............................ ٩٩

**بەشی پێنجەم**
ئایا دیموكراسییەت بە دادپەروەرییەكی گەورەتر تەرجەمە دەكرێ؟ . ١٣٥

زاراوەكان ......................................................................................... ١٧٧


hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# پێشەکیی وەرگێڕی عەرەبی

ئەم کتێبە باس لە مانای دیموکراسیی ڕاستەقینە و یەکسانیی کردەیی و پەیوەندیی نێوانیان دەکات. ئەوەش هەلومەرجێکە پێدەچێت لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بە تەواوەتی بزر بێت. ئێمە لە عێراق، فەڵەستین و لوبنان سەرقاڵین یا سەرقاڵیان کردووین بە بارودۆخی بارگاویی پەیوەست بە سەروەری و داگیرکاری و کاروباری تاقەتپڕووکێنی دییەوە کە ڕووماڵی پانۆرامای فیکری و سیاسیمان دەکات.

نووسەری کتێبەکە ئێریک کیسلاسی (Eric keslassy)، سۆسیولۆجیستێکی ناوداری فەرەنسییە و خوێندکارێکی سەرکەوتووی بیریاری سەدەی نۆزدەهەم و تیۆریسینی دیموکراسی، ئەلێکسی دو تۆکڤیڵ (Tocqueville)ە. کیسلاسی ئەکادیمیستێکە لە زانکۆی فەرەنسا، هەوڵ دەدا بۆ فێرخواز و خوێندکار و تەنانەت مامۆستاکان و هەموو ئەوانەی گرنگی بە ڕووداوەکانی چواردەوری کۆمەڵگەکەیان دەدەن لە دیبەیت و گفتوگۆ و هەڤپەڤین و فاکتە کۆمەڵایەتییەکان، باسی ئەوە بکات کە ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی چۆن دەخوێنرێنەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی لە کاریگەری و ئاسەوارەکانی تێبگەین. نووسەر شیکارییەکی سوسیۆلۆجیی ئەنجام داوە، بە لێهاتووییەکی پسپۆڕانەوە ئامادەی کردووە و پشتی بە فیکری

newaname.com/ku

تۆکڤیلی مامۆستای بەستووە. ئەم فەیلەسوف و کۆمەڵناسە دیموکراسی نەک وەک سیستمێکی سیاسی، بەڵکو وەک "واقعێکی کۆمەڵایەتی"ی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هاووڵاتیان دیاری دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە جۆرێک لە یەکسانی کە "یەکسانییە لە هەلومەرج"دا. ئەمەش جیاوازە لە یەکسانی لە مافدا کە فەیلەسوفەکانی سەدەی ڕۆشنگەری هەڵوەستەیان لەسەر کردووە و یەکسانیی سیاسی بە یەکسانی لە بیرکردنەوە و یەکسانی لە دەرفەتدا دەبەستێتەوە. هەروەها ئەو پێودانگە کۆمەڵایەتییە کە هاووڵاتیی سەردەمی دیموکراسی یەکسان و چونیەک دەکات. وەک دەرئەنجامێکی لۆجیکیی ئەم دیدگایە، دواجار پێویستە یەکسانی لەو ڕاستییانەدا بەرجەستە ببێت کە هاووڵاتیان تووشی دەبن و ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەپێی تۆکڤیل، گواستنەوەی کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی بەرەو کۆمەڵگەیەکی تازە فۆرمی گواستنەوەی کۆمەڵگەیەکی ئۆرۆستوکراتی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بە خۆیەوە دەگرێ؛ ئیدی دەبێتە هێزێک یەکسانی لە هەلومەرجدا پێشکەش دەکات، ئەوەش ڕێگە بە ڕوودانی ئەم تازەگەرییە دەدا. یەکسانی لە هەلومەرجدا کار لەسەر یەکسانیی سیاسی، یەکسانی لە دەرفەت و یەکسانی لە بیرکردنەوەدا دەکات، ئەوەش دەرکەوتنێکی بەرفرەی چینی ناوەڕاست و نائومێدی و تێکشکانی ڕێژەیی و گەشەسەندنی تاکگەرایی و گرژیی لە ئازادیدا لێدەکەوێتەوە.

ئیریک کیسلاسی لە ڕێگەی پشتبەستنی بە فیکری تۆکڤیل، هەوڵی داوە لێکۆڵینەوە لە یەکسانی بکات. ئایا ئەوە یەکسانییە لە مافدا یا یەکسانیی کردەییە؟ لە میتۆدە شیکارییەکەیدا پەنای بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی کاری گواستنەوەی مۆبیلێتەی

کۆمەڵایەتی بردووە کە لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا باڵادەستە: ئایا "سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی"، واتە شێوازی هەڵکشان و سەرکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، هێشتا لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا کار دەکات، یا لە کار کەوتووە؟ لە حاڵەتی لەکارکەوتنیدا، ئایا مەبەست لێی دیموکراسییەتە؟ ئیدی لەو دەمەدا پێویستە چاو بە پیادەکردنیدا بخشێنرێتەوە یا هۆکارەکە لە شوێنێکی دییە؟ لەمڕۆدا چ ڕێگەیەک هەیە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان یەکسانی و ئازادی –ئەوەش بابەتی سەرەکیی کتێبەکەی تۆکڤیلە "دەربارەی دیموکراسی لە ئەمەریکا"– و پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیبوون و دەوڵەت و بەرپرسیارێتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران؟

کەواتە ئێمە لە ڕوونکردنەوەی هەموو ئەم گرفتانەی ئێستادا قەرزباری ئەم نووسەرەین، ئەوەش لە ڕێگەی پشتبەستنی بە فیکری سۆسیۆلۆجیستە گەورەکان، هەر لە تۆکڤیلەوە بۆ ئامارتیا سین (Amartya Sen) تا دەگاتە ماکس ڤێبەر (Max Weber) و جۆن ڕاولز (John Rawls) و یۆرگن هابەرماس (Jürgen Habermas) و ئەوانی دی.

کەچی هێشتا نایەکسانی لە هەلومەرجدا لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا هەر ماوە، بەوەش جۆرێک لە پەراوێزخستنی نائیرادیی چینە خاوەن جەماوەرە گەورەکان و جۆرێک لە دۆگمای کۆمەڵایەتیی لە دوورمەودادا هێناوەتە ئاراوە. بە پێچەوانەی بەرخوازیی تۆکڤیلەوە، بەربەرستە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا هەر بوونیان هەیە و مۆبیلیتەی نێوان توێژە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا هەر زۆر سنووردارە. هەر لێرەوە، بەگوێرەی بۆچوونی نووسەر، گرنگیی بچووککردنەوەی نایەکسانی دەردەکەوێت، بەبێ ئەوەی لە

ئازادییە سەرەکییەکان کەم بکاتەوە تا دیموکراسی لە کۆمەڵگە تازەکاندا لاواز نەکات.

نووسەر پشتی بە میتۆدێکی ئەکادیمی و زانستی بەستووە کە تێیدا لە ڕوونکردنەوەی مەسەلە زۆر ئاڵۆزەکاندا سەرکەوتوو بووە. زۆر جار خۆی لە شوێنی خوێندکار داناوە، کاتێک مەسەلەکە تیۆرێکی پەتی بووە، هەمیشە هەوڵ دەدا بە نموونەیەک پەیامە جێمەبەستەکەی بگەیەنێت. لە هەر بەشێک لە پێنج بەشی کتێبەکەیدا، بە پرسیارێک دەست پێ دەکات کە لە تەواوی بەشەکەدا هەوڵ دەدا وەڵامی بداتەوە، هەروەها پێشەکیی هەر بەشێک بە ژمارەیەک پرسیار دەست پێ دەکات کە تێیدا نووسەر هەوڵ دەدا بە پشتبەستن بە بەرهەمی نووسەرە کلاسیکییەکانی لە بابەت تۆکڤیڵ یا ڤێبەر و لێکۆڵیارە تازەکانی وەک جۆن ڕاولز و ئەمارتیا سین وەڵامیان بداتەوە.

نووسەر بەشێکی زۆر گرنگی بۆ مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی تەرخان کردووە و بە زنجیرەیەک پرسیار دەست پێ دەکات: ئایا دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ چینەکان، لە جۆرێک لە جۆرەکانی دیموکراسیدا هیچ مانایەکی هەیە؟ ئایا نەرمینواندنی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە بوونی هەیە؟ ڕۆڵی خوێندنگە چییە؟ گشت ئەو پرسیارانە خوێنەر دەبەنەوە بەرەو تۆکڤیڵ، سیمیل (Simmel)، ڤێبەر، بۆدۆن (Boudon) و بۆردیۆ (Bourdieu) یا بەرەو لێکۆڵینەوەی ئاماری دەیانبەن. هێندێک لەم پرسیارانە دەبنە مایەی ناکۆکیی نێوان ئایدیالیزمی سیستمی شایستەیی لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکان و پێواری مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی. لوی-ئەندرێ ڤالێ پێی وایە ئامارەکان لێکۆڵینەوەی ئاسایی دەیشێوێنن، دوای هەڵسەنگاندنی کەسێتییەکەی دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٩٠دا یەکسانی لە

دەرفەتی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی ناچیز و لەسەرخۆ، بەڵام جێگیر، پاشەکشێی کردووە.

لە دوابەشدا کە تەرخان کراوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئایا دیموکراسی دەبێتە مایەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نووسەر پەنا بۆ کارەکانی ڕاولز دەبات کە دەبێتە مایەی وروژاندنی ئەو پرسیارانەی لەمڕۆدا لە مشتومڕە گشتییەکاندا هاتوونەتە ئاراوە: ئایا یەکسانی دادوەرییە؟ ئایا پێویست نییە ئینساف بەسەر یەکسانیدا پەسەند بکرێ؟ بەڵام هەڵبژاردنی یەکسانییش پەرچدانەوەی نێگەتیڤی هەیە، هەر وەکو دیبەیتەکان دەربارەی کاری پۆزەتیڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوونی دەکەنەوە. لەم خاڵەدا، نووسەر پەنا بۆ کارەکانی میکایل والْزەر دەبات دەربارەی "یەکسانیی ئاڵۆز"، هەروەها بۆ تیۆری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە ئەمارتیا سین دای ڕشتووە.

ئەم کتێبە پەرەگرافی جیاجیای دەقەکانی تۆکڤیڵ، هابەرماس، ڤێبەر، بۆدۆن و بۆردیۆی تیایە و دەقی تەواوی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیی تێدایە کە لە ٢٦ی ئابی ١٧٨٩ لە فرەنسا دەرچووە، ئەمە جگە لە ئەزموونی پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان لە پاریس لە وەرگرتنی خوێندکاران لە توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارەکان، ئەوەش بە مەبەستی سنووردارکردنی نایەکسانی لە دەرفەتدا کە خەڵکانی دەرەوەی شارەکانی فرەنسا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەر وەکو نووسەر ڕوونی کردووەتەوە، پێشکەشکردنێکی سادەی هەمەلایەنەیە سەبارەت بە گرنگترین چەمک و میکانیزمی تایبەت بە هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیانەی لە دەوروبەریدا ڕوو

دەدەن. بە ڕاستییش نووسەر گرەوەکەی بردووەتەوە. کتێبەکە ڕوون و ڕەوان و ئاسانە، تەنانەت لە ئالۆزترین تیۆریشدا، وەک ئەوەی ڕاوڵز باسی دەکات و نووسەر دەیخاتە ڕوو، هەروەها دەقەکە لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی ئەو تیۆرانەی لە ئێستادا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. پێکەوەکۆکردنەوەی تیۆر و پراکتیک بەهایەکی زانستیی گەورەی بە کتێبەکە بەخشیوە، خشتەی ژمارەکانیش بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو فیکرانەی پێشکەشی کردوون. بۆیە پێمان باشە بە قووڵی بخوێنرێتەوە، تەنانەت گەر هێندێک لە فیکرەکانیش دوور بن لە کۆمەڵگەی ئێمەوە، چونکە دوای بژارە و تاقیکردنەوە، وای دەبینین بە شێوەیەک لە شێوەکان بەسەر ئێمەشدا پیادە دەبن.

hewalname.com/ku

**د. جەهیدە لاوەند**

# پێشەکی

دیموکراسی بە تەنها یەکسانی نییە. یەکسانی هەمیشە دیموکراسی ناهێنێتە ئاراوە. سەرەتا وا دەردەکەوێت پەیوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە سەرەکییە کە شایانی شرۆڤەکردنن، سانا و کراوە بێت. ئەو پەیوەندییە چییە دیموکراسی بە یەکسانییەوە دەبەستێتەوە؟ بابەتی ئەم کتێبە کە بانگەشەی گشتگیری ناکات، خۆی لە دیاریکردنی ئەم مەسەلەیەدا دەبینێتەوە.

یەکەمین گرفتێک کە دەشێت ڕووبەڕووی ببینەوە، بریتییە لە دیاریکردنی ئەم دوو چەمکە: دیموکراسی و یەکسانی. پاشان نابێت تەنها وەک سیستمێکی سیاسی تەماشای دیموکراسی بکرێت. دیموکراسی، بەپێی تۆکڤیڵ، زیاتر بۆ ئەوە دەڕوات کە ببێت بە "واقعێکی کۆمەڵایەتی". بەو مانایەی سروشتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان هاووڵاتیان دیاری دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە لەسەرمان وا لە یەکسانی تێبگەین کە "یەکسانییە لە هەلومەرج"دا، واتە وەک یەک یەکسانی لە سیاسەت، یەکسانی لە بیرکردنەوە و یەکسانی لە دەرفەتدا.

بەڵام یەکسانی لە بیرکردنەوەدا خۆی لە خۆیدا مانای ئەوە دەگەیەنێت کە یەکسانی پێودانگی کۆمەڵگەیە: تاکەکانی



newalname.com/kurd

سەردەمی دیموکراسی "لەیەک دەچن". گەر یەکسانی ویستێکی فۆرمولەیی یا یاسایی بێت، ئەوا پێویستە لەسەری چی لە توانایدایە بیکات، بۆ ئەوەی تەرجەمە بکرێ بۆ ئەو واقیعەی کە هاوولاتیان ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەر کەلێنێک لە نێوان یەکسانییە جیاوازەکاندا، یەکسانی لە ماف و یەکسانیی کردەیی، چەمکی دیموکراسی دەشێوێنێت و لێڵی دەکات. لە پاڵ ئەوەشدا، پێناسەی دیموکراسیی "کۆمەڵایەتی" پرسیار دەربارەی ئارەزووی بەدیهێنانی یەکسانی لە دەرفەت (چونیەکیی دەرفەت) دەهێنێتە ئاراوە. کەواتە کارەکە پەیوەستە بە پرسیارکردن دەربارەی ئەوەی دیموکراسی ڕێگە بە جووڵەی کۆمەڵایەتی دەدات. ئایا کۆمەڵگە دیموکراسییەکەمان نەرمونیانە؟ ئایا هێشتا بەسەر چینەکاندا دابەش بووە؟ ئایا هێشتا "بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی" بەدی دەکەین، ئەمە لە کاتێکدا چینە کۆمەڵایەتییەکان هیچ دۆخێکی یاساییان نەماوە؟ لەم چوارچێوەیەدا، ئایا دیموکراتیزەکردنی خوێندنگە هەموو دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بەدی نەهێناوە؟ ئایا دیموکراسی هەمیشە سەرچاوەی یەکسانی نییە!

کەواتە دیموکراسی داخوازی و پارادۆکسیشە. لە ڕاستیدا، ئایا زۆریی دیموکراسی ئامرازێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە زیاتر بە دیموکراسی بکات؟ پەرۆشی و شەیدایی تاکەکان بۆ یەکسانی، ئەو نایەکسانییەی کە بەدیی دەکەین و لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، دەکاتە کارێک لە توانادا نەبێت. ئیرادە (٩) بە پتەوکردن و سەقامگیرکردنی دیموکراسییەت و بە پەرەپێدانی دەوڵەتی–خۆشگوزەران تەرجەمە کرا کە دەستوەردانی زۆر بۆ بەردەستکردنی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان دەکات و هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی "کەلینە"

کۆمەڵایەتییەکان دەدا. ئەم هەنگاوە کە دەیەوێت ناوەڕۆکێکی تازە و ڕاستەقینە بە چەمکی یەکسانی ببەخشێت، لەمڕۆدا بووەتە جێگەی گومان، لەبەر ئەوەی پرەنسیپی یەکسانی دەتوانێت ئاسەوارێکی پێچەوانەیی، واتە بەهێزکردنی نایەکسانی، بەرهەم بهێنێت. بەدەر لە ڕەوایەتیی دەوڵەت و چالاکی و دەستێوەردانەکانی، ئینساف بە شێنەیی جێگەی یەکسانی دەگرێتەوە. لەگەڵ هێشتنەوەی زۆرێک لە جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە چاکە (خراپە)ی تاکەکان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی دابەشکردن ئینسافانەتر بێت. جۆن ڕاولز لە دیاریکردنی پرەنسیپەکانی ئەم کۆمەڵگە دیموکراسییە "بەئینسافە"دا سەرکەوتوو بووە، بە جەختکردنەوەی لەسەر ئیمکانییەتی بوونی نایەکسانیی پۆزەتیڤ: لە تواناداا هەیە پاساو بۆ بوونی نایەکسانی بهێنرێتەوە ئەگەر چارەنووسی نەدارەکان باشتر بکات. سیاسەتی "جیاوازیی پۆزەتیڤ" ئەم ئاڕاستەیە دەگرێتە بەر: خوێندنگەی باڵاهاتن، لە ڕێگەی ناوچە لەپێشترەکانی فێرکردن، ناوچە ئازادەکان، باربۆ کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە داهاتەکان و وەکیەکی، نموونەگەلێکن ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئێمە لەسەرخۆ لە ئەفسانەی یەکسانیی ١٧٨٩ دەردەچین کە ساڵی ١٩٤٥ چەسپا. ئەگەر ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە یەکسانی نەبێت، کارێکی زۆر باشترە لێکۆڵینەوە لە نایەکسانییەک بکرێ کە قەرەبووی نایەکسانییەکی دی بکاتەوە.

بەڵام دیموکراسییەت بە تەنها جەخت لەسەر یەکسانی ناکاتەوە. ئازادی بەهایەکی سەرەکییە لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا. ئایا گرژی و ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە؟ ئایا دیموکراسی بە دژایەتیی نێوان یەکسانی و

ئازادی تەرجەمە ناکرێ؟ بە مەبەستی باشکردنی چارەنووسی زۆرێک لە خەڵکی، دیموکراسی دەبێتە سەرچاوەی دەرکەوتنی چینێکی مامناوەندی گەورە کە بە تاکایەتی و مادییەتەکەی دەناسرێتەوە. چێژی خۆشگوزەرانیی مادی و گۆشەگیری و دابڕان لە نێو بازنەیەکی تایبەتدا دەبنە مایەی گێلیی سیاسەت و کەمتەرخەمی لە کاروبارە گشتییەکاندا. ژمارەی دەنگنەدەران لە کاتی پێداچوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا گەورەترین گەواهیدەرە لەسەر ئەوەی دەیڵێین. بەوەش، ئایا گریمانەی بینینی دەرکەوتنی فۆرمە تازەکانی ستەمگەری (١٠) ناکەین کە ڕەنگە هاتنیان هەڕەشە لە ئازادییەکان بکات؟ دیموکراسییەت لێوانلێوە لە ناکۆکی و مەترسییە گەورەکەش لەوێدایە کە ڕەنگە خۆی دژەکانی خۆی بەرهەم بهێنێت! بۆیە زۆر پێویستە شرۆڤەی پراکتیکە دیموکراسییەکان بکەینەوە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین ئەم مەترسییە ڕوو بدات! لەم ناکۆیەشدا، پێویستە لەسەرمان هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە بکەین کە لە دیموکراسیدا پرۆسە و بونیاتنان پێکەوە دەبینێت. پاڵپشت بە مێژوویەکی دوورودرێژ، دیموکراسییەت بە شێوەیەکی بەردەوام لە بونیاتناندایە.

چەمکی "یەکسانی" زۆر بە توندی و بە ڕوونی بە دیموکراسییەتەوە دەبەسترێتەوە. بەڵام پێویستە چی لە چەمکی "یەکسانی" تێبگەین؟ ئایا مانای ئەوەیە هەموو تاکێک هەمان شت بە دەست بهێنێت؟ ئایا یەکسانی تەنها فۆرمێکی ڕووکەش نییە؟ وەهمێکە؟ لە ڕاستیدا، ئایا لەسەرمان پێویست نییە بڕیار لەسەر ئەو ئەنجامگیرییە ترسناکە بدەین کە ڕۆسۆ

(Rousseau) پێی گەیشت، ئەویش: هەرگیز دیموکراسییەکی ڕاستەقینە بوونی نییە؟ کارێکی حەتمییە: یەکسانیی نوێ، تەنانەت ئەگەر هێشتا مەسەلەیەک بێت بە تەواوەتی لێی نەدرابێت و بەدی نەهاتبێت، بوارێکە بۆ لێکۆڵینەوە و تەنانەت مەیدانێکیشە پێویستە لەسەرمان دەستی بەسەردا بگرین!

ئەم کتێبە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە لای چارەسەرکردنی کێشە هاوچەرخەکاندا ناچێت، بەڵکو ئامانجەکەی پێشنیازکردنی هێندێک ڕاڤەکاریی تیۆرییە بۆ ڕووداوگەلێک کە لە سەردەمە هاوچەرخەکەماندا بەدییان دەکەین؛ بۆ نموونە، دواهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تیشکی خستە سەر دوو دیاردە: بایکۆتکردنێکی گەورەی دەنگدان و هەڵکشانێکی بەهێزی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان. لێرەوە، پێویستە ئەم کارە بۆ تێگەیشتنی ئەم دەرئەنجامانە هەوڵ بدات هێندێک کلیلی کۆنسێپچوەڵ (مفهومية) پێشکەش بە خوێنەر بکات. ئیدی کارەکە پەیوەستە بە ڕاڤەکردنی ئێستا و باشتێگەیشتن لە شیکارییەکانی ڕابوردوو: کتێبەکانی گەورە نووسەرەکان زۆر شتمان لەسەر سەردەمەکەمان فێر دەکەن! هەروەها بە پەنابردنەبەر مشتومڕ و دیبەیتە تازەکان، دەتوانین ڕێگاگەلێک بدۆزینەوە بۆ لێکدانەوەی هێماکانی هێندێک لەو گرەوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵگە دیموکراسییە خۆرئاواییەکاندا گەشە دەکەن.

بۆیە ئەم کتێبە هەوڵ دەدات ئامرازی فیکری پێشکەش بکات، بە مەبەستی تێگەیشتن لەو دیبەتانەی دەربارەی ئەو پەیوەندییە سەرەکییە ئەنجام دەدرێن کە دیموکراسی و

یەکسانی پێکەوە کۆ دەکەنەوە. بەوپەڕی خاکیبوونەوە، هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلانە دەدا کە وا دادەنرێت خاڵی بەیەکگەیشتنی پسپۆڕیگەلێک بن لە زانستە مرۆییەکاندا (١١): سۆسیۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیای سیاسی، فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسی و زانستە سیاسییەکان... پاڵپشت بە دەقە "کلاسیکییەکان" و کارە تازەکان، بەشدارییان لە دیبەیتە تازەکاندا کردووە، ئەم کتێبە هەوڵ بۆ توێکاریکردنی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانە دەدا کە دیموکراسی و یەکسانی پێکەوە دەبەستنەوە.

hewalname.com/ku/

# بەشی یەکەم
# دیموکراسی چییە؟

پێناسەکردنی دیموکراسی کارێکی ئاسان نییە. بە تایبەتی کە ئەم چەمکە جەوهەرییە گەلێک مانا لە خۆی دەگرێ. ئێمە هەرگیز گومان لە ڕەگوڕیشەکەی ناکەین کە وەک چەمکێکی سیاسی لە سەردەمی دێریندا بە دیار کەوت و مانای دەسەلات (Kratos) بۆ گەل (Demos) دەگەیەنێت. دەستەواژە کورتەکەی "حکومەتی گەل، لە گەل و بۆ گەل" فەرامۆش ناکەین. هەروەها زۆر جار ئەوەش دەخوێنینەوە کە دیموکراسییەت ڕێکخراوێکی سیاسییە و تێیدا گەلی سەروەر بە ئازادی مافە سیاسییەکانی پراکتیزە دەکات. دواجار ئایدیالبوونی دیموکراسی لە کۆمەڵگە تازەکاندا تەرجەمە دەکرێ بە یەکەم/ هەڵبژاردنی سەرکردەکان لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە. دووەم/ پێویستە لە ڕێگەی ڕێساکانی جیاکردنەوە و چاودێریکردنی دەسەلاتەکانەوە سەرنج لە دیاریکردنی پراکتیزەکردنی دەسەلاتی فەرمانڕەواکان بدەین. سێیەم/ دامەزراندنی "دەوڵەتی ماف" گرەنتی بۆ ئازادیی تاک و گروپەکان دەستەبەر دەکات. بۆ زانین، سروشتی خودی دیموکراسییەت جێگەی مشتومڕە: ئایا بە تەنها سیستمێکی سیاسییە؟ ئایا پێویستە لەسەرمان "واقعێکی کۆمەلایەتی"ی تیادا ببینین؟

newalname.com/kurd

## ١– كورتەچیرۆكێك دەربارەی دیموكراسی وەك سیستمێكی سیاسی

لەگەڵ ئەوەی دیموكراسی لە لای هێندێک خێڵی سەرەتایی بە دیار کەوتووە، کەچی بە گشتی وا دەنووسرێت لە یۆنان، لە ئەسینا، لە نێوان ساڵانی ٥٠٨–٥٠٧ی پێش زایینی لە کاتی دەرکەوتنی ڕیفۆرمی کلیستان "Clisthene" پەیدا بووبێت: کۆنسێپت و پراکتیک. لە واقیعدا، وابەستەیی بۆ شوێنێکی جوگرافی (شار)، نەک بۆ بنەماڵەیەکی بەهێز، بەهای هاووڵاتی دیاری دەکات. دیموکراسی سنووردارە، چونکە ژنان، کۆیلە و غەوارەی تیادا ئاوارتە کراوە. بەڵام سەبارەت بەوانی دی (دەیەکی گەلی ئەسینا)، هاووڵاتیبوون مافەکانی بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسییەکاندا دەسەپێنێت (ئیمکانیەتی بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسییەکان و لە کاتی پێویستدا بە پۆستە سیاسییەکان) و ئەرکەکان (خزمەتکردنی شار لە ڕێگەی هاوکاریکردنی لە بەرگریکردن لە خۆی و بە سەرکەوتنەکەی و بە بەشداریکردن (١٥) لە خەرجییە هاوبەشەکان بەپێی توانای کەسەکان)، لە چوارچێوەی ئەو ڕێسایانەی یەکسانی لە بەردەم یاسادا بەردەست دەکات. ئەو دیموکراسییە دێرینەی دەسەڵاتی تاکێک ڕووبەڕووی دەسەڵاتی هاووڵاتییە ئازاد و یەکسانەکان دەکاتەوە، دیموکراسییەکی ڕاستەوخۆیە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی "گەل" کە لە ئاگۆرا (Agora) –گۆڕەپانێکی گەورەیە بۆ ڕاوێژکردن– گرد دەبوونەوە، ڕاستەوخۆ بڕیاری دەدا. کەواتە نێوەندگیرەکان نەبوون تا نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان بکەن...

کۆماری ڕۆمانی هەوڵی دا پرەنسیپەکانی دیموکراسی یۆنانی بگێڕێتەوە، لە پاڵ توانای بەخشینی هاووڵاتیبوون بەو پیاوانەی لە ڕۆما لەدایک نەبووبوون. بەڵام لێرەدا کارەکە

پەیوەستە بە نیمچەدیموکراسییەوە: با هەڵکشانی ئۆرۆستۆکراسی (پاتریرکیزم) تا ساڵی ۲۰۱ی پێش زایینی و بڵاوبوونەوەی ئۆلیگارشیی (کەمایەتییەکی بچووک جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت) پیران لە سەدەی دواتر و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەت (ئیمپراتۆرییەت) کە ساڵی ٤٧٦، بووە مایەی داڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما، بخەینە بەر باس. لە ڕاستیدا، بیرۆکەی "دیموکراسی" لە ماوەی هەزارەی دووەمدا لە چالاکییەکانی کەم دەکاتەوە. بە دڵنیاییەوە هێندێک بیریاری سەردەمی ڕینیسانس وازیان لە بەرگریکردن لە چەمکە کۆنەکانی پەیوەست بە "کۆماری" و "ئازادی" نەهێنا، لەوەشدا پشتیان بە پێشینە دێرینەکانیان دەبەست بە تانوتلێدان و شەرمەزارکردنی ستەمگەریی دەوڵەت و بە داواکردنی حکومەتی هەموو خەڵکی. هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم لە فرەنسا و ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە دژایەتیکردنی ستەمگەری دەناسرێنەوە –گەل بە تەواوەتی ملکەچی پادشا دەبێت– بە جۆرێک، هەڵوێستی فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ڕۆسۆ، دالامبێر (D'Alembert)، دیدرۆ (Diderot)، ڤۆڵتێر (Voltaire) ڕێگەیان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەتکردنەوەیەی زوڵم و ستەمە خۆش کرد.

وەک کۆتاییەکی سیاسیی ئەم ویستە، شۆڕشی فرەنسی بووە مایەی دەرکەوتنی کۆرپەلەی دیموکراسی و لەدایکبوونی پرەنسیپە سەرەکییەکانی. لە ڕاستیدا، جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی کە لە ٢٦ی ئابی ١٧٨٩دا دەرچووە، پرەنسیپی یەکسانیی نێوان هاووڵاتیانی خستە ڕوو. ئیدی لەو دەمەوە، هاووڵاتیان دەست بەو تاکە سەرچاوەیەی دەسەڵاتی سیاسییەوە دەگرن: "پرەنسیپی هەموو سەروەرییەک بە شێوەیەکی سەرەکی

له نەتەوەدایە. هیچ دەستە یا تاکێک ناتوانێت هیچ دەسەڵاتێک پراکتیک بکات ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لەم نەتەوەیەوە سەرچاوەی نەگرتبێت (مادەی ٣). بەڵام شۆڕشی فرەنسی هاووڵاتیبوونی ژنان و هەژاران ئاوارتە (١٦) دەکات. بۆیە پێویست بوو چاوەڕوانی کۆماری دووەم بکرێ بۆ بەدەستهێنانی پرەنسیپی دەنگدانی گشتی... بۆ پیاوان، چاوەڕوانی کۆماری سێیەم بکرێ بۆ ئەوەی بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێ (لەگەڵ دروستکردنی ژوورێکی تەریک "ساڵی ١٩١٣" کە ڕێگەی بە دەنگدانی نهێنی دەدا)، تا ساڵی ١٩٤٤یش چاوەڕوان بکرێ بۆ ئەوەی ژنان مافی دەنگدان بە دەست بهێنن. لەو دەمەوە، پرەنسیپی "بۆ هەموو پیاوێک دەنگێک" یەکسانیی سیاسی لە نێوان ئەو هاووڵاتییانەدا کاری پێ دەکرێ کە وابەستەییان بۆ کۆمەڵگەی نیشتمانی هەیە.

کەواتە دیموکراسیی نوێ هیچ پەیوەندییەکی بە دیموکراسیی دێرینەوە نەماوە، بەو پێیەی خودی گەل حکومەت بە ڕێوە نابات. ئەم دیموکراسییە ناڕاستەوخۆیە بە هۆی گرنگیی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و ئاڵۆزییەکانیەوە بووە بە زەروورەت. بەدەر لە ڕاپرسی کە یەکێکە لە ئاسەوارەکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، بەوەی ڕێگە بە زۆرینەی هەڵبژێرراو دەدا بڕیار بدەن، دیموکراسیی نوێ دەبێتە دیموکراسیی نوێنەرایەتی، چونکە هاووڵاتیان تێیدا نوێنەران هەڵدەبژێرن تا بە ناوی هەموو گەلەوە (سەروەریی نیشتمانی) دەسەڵاتی سیاسی پیادە بکەن. بەڵام کاری دروستی ئەم پیادەکردنە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە هەڵبژاردنی ئازاد، ڕێکخراو، شەفاف و پلورالیزم دەبەستێت. ئیدی حکومەت بەرامبەر بە گەل بەرپرسیار دەبێت. بە شێوەیەکی دەستەهەست و شایستەیی ڕێکوپێک، حکومەت لەسەر ئەرکەکانی (کەموکورتییەکانی) لێپرسینەوەی لەتەکدا دەکرێ: ئەوەیش

هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی هەر قوناغێکی هەڵبژاردنە... کارێکی حەتمییە: دیموکراسی دژوار و داخوازییە! بە تەواوەتی ئەوە دەسەپێنێت کە گشت هاووڵاتیان زانیاری و هۆشیارییان لەسەر بەرپرسیارێتییان هەبێت. دوای ئەوەی پرەنسیپی بەشداریکردن لە بڕیاردان گەڵاڵە کرا، بە تایبەتی سەبارەت بە هەڵبژاردنی کێ "ڕەزامەندی" لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دەردەبڕێت، دیموکراسیی ئەمڕۆ بووە بە شوێنی تاقیکردنەوە و ڕێژەی دەنگنەدانیش لە ڕێگەی ڕاوێژکارییەکانی هەڵبژاردنەوە ئەوەی ڕوون کردووەتەوە —بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێژەکە گەورەتر دەبێت— لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەر دەنگدان ڕێگە بە هاووڵاتیان بدات لێپرسینەوە لە هەڵبژێراوەکانیان بکەن: پاڵپشتییان بکەن یا لایان بەرن! نوێنەرایەتیی سیاسی، واتە ئەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە حوکمڕانەکان لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە یاسا دادەڕێژن، خۆی قوربانییە. بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەنگنەدان، هێندێک کەس پێشنیازیان کردووە پەنا بۆ (١٧) دیموکراسیی ئەلیکترۆنی ببرێت: دەنگدان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە! ئێمە لێرەدا ئامانجمان ئاسانکاریی کاری مەدەنییە. لە ١١ی ئازاری ٢٠٠٠دا یەکەم ئەزموونی گەورە لە ئەریزۆنا ئەنجام درا لە ڕێگەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی دیموکراتییەکان و ئەنجامی قایلکەری هەبوو: بەشداریکردن بە نزیکەیی حەوت کەڕەت زیادی کرد! بەڵام ئەم چارەسەرە هێندێک تەنگژە دەورووژێنێت: مۆرکێکی نامادییانە دەخاتە پاڵ دەنگدان، حاڵەتێک لە ڕۆحی بێگیان، بە شێوەیەکی تایبەتی لە وڵاتێکی وەک فەرەنسا، چونکە دەنگدان بە نامە شتێکی نائاساییە و ساختەکاری بووە بە پرۆسەیەکی ئاسان، ئەمە لە پاڵ نایەکسانیی نێوان هاووڵاتیان بەرامبەر بە دەنگدان! بەڵام مشتومڕ و گفتوگۆ دەربارەی ئەم مەسەلەیە بێگومان شایستەی ئەوەیە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەنجام بدرێ...

شایانی ئاماژەپێدانە دەنگدان خۆی لە بەردەم کێبەرکێیەکدا دەبینێتەوە کە پیادەکردنەکانی دی پێی هەڵدەستن و بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەو ڕاپرسییانەی هێندێک وەک زانستێکی ڕاستەقینە لێی دەڕوانن کە بە شێوەیەکی بەهێز بەشداریی لە بووژاندنەوەی دیموکراسیدا کردووە. ڕەنگە ئەمەش گەڕانەوەیەک بێت بۆ "دیموکراسیی ڕاستەوخۆ". سەرباری ئەوەش، سەبارەت بە ڕاپرسییەکان، ئەوەی ڕاپرسییەکان ڕەخنە بکات، دیموکراسی ڕەخنە دەکات... بەڵام لەم چێوەیەدا، شەرعییەتی دەسەڵاتەکان و بڕیاردانی سیاسی پشت بە ڕای گشتی دەبەستێت. وا دیارە ئەوەی پێی دەوترێ "دیموکراسیی ڕەئی" یا "دیموکراسیی جەماوەر"، بڵاو بووەتەوە. زۆر جار جەختکردنەوەیەک هەیە لەسەر ئەوەی دیموکراسیی نوێنەرایەتی لە ئێستادا لە سایەی ئەو ڕەئییە گشتییەدا کار دەکات کە بە ڕاپرسی یا جموجووڵەکان (مانگرتن، خۆپیشاندان، سکاڵانامە) دەپێورێت. وا دیارە لوتکەی ئەم فۆرمە کۆمەڵایەتییانە دەبێتە مایەی پراکتیزەی نوێی هاووڵاتیبوون. لە ڕاستیدا، کاتێک سیاسییەک دەبینێت جەماوەرەکەی ڕوو لە کزی دەکات، ترس دای دەگرێت و واز لە جموجووڵ دەهێنێت. پاشان پەنابردنی بەردەوام بۆ ڕاپرسی ڕەنگە بەشداری بکات لەو دەرئەنجامە شەرعییانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە بە دەست هاتوون. وا دیارە سەروەریی ڕاوێژکاری سیاسییە هەڵبژێرراوەکان بە پێچکردنەوە بە دەوری ویستی میللیدا کەم ببێتەوە. گەمەی سیاسی لە دەوری شێوازی کارێکی تاقەتپڕووکێندا دەخولێتەوە: ڕەنگە ڕای گشتی زیاد لە ئەنجامی هەڵبژاردن یەکلاکەرەوەتر بێت (١٨).

**ئایا بە ڕاستی دەتوانین قسە لەسەر "دیموکراسیی ڕەئی" بکەین؟**

لە فرەنسا، دەستەواژەی "دیموکراسیی ڕەئی" لە ناوکۆیەکی سیاسیی تایبەتدا داڕێژراوە. لە ڕاستیدا، سەرەکوەزیران، ئیدوارد بالادور (Edouard Balladur) کە لە نێوان سالانی ١٩٩٣–١٩٩٥ سەرۆکایەتیی حکومەتی دەکرد، ناوەڕۆکێکی زۆر ڕوون و دەستەهەستی بەم چەمکە بەخشی: لەسەر جەماوەرە گەورەکەی حوکمی دەکرد. بۆ پاریزگاریکردن لە دەسەلات لە بەرامبەر بچووکترین نارەزایەتیی ڕای گشتی، پاشەکشێی دەکرد (کارکردن بە پەیماننامەی دەستپێشخەری CIE، هەموارکردنەوەی یاسای فالۆ (Falloux) و لەوەش زیاتر، پالێوراوێکی گونجاوی سەرۆکایەتیی کۆمار بوو (بەپێی پێشبینییەکانی ئەو کاتە)، بەبێ سوودوەرگرتن لە پالپشتیی حزبەکەی... دەشزانین دواتر چیی بەسەر هات). دیموکراسی بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهێزترە لە ڕاپرسی! هەلبژاردنی سالی ٢٠٠٠ جەختی لەسەر ئەم دیدە کردەوە: هیچ کەسێک پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد جان ماری لوپێن (Jean Marie Le Pen) بگاتە خولی دووەم، پاشان، دەرنەکەوتنی لیونێل جۆسپان (Lionel Jospin)، هەر بۆ زانیاری، هیچ گومانێک نەبوو لەسەر ئەوەی ڕای گشتی کە بەپێی ڕاپرسییەکان دەپێورێ، لە دیموکراسییە خۆرئاواییەکاندا، نزیکەی دە سالێکە پێگەیەکی دیار و گرنگی لە زەینی فەرمانڕەواندا داگیر کردووە.

جان شارلۆ (Jean Charlot)[1] ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە "زیادبوونی ڕاپرسییەکان و بە وردی بەکارهێنانی لە لایەن بڕیاردەرانی سیاسییەوە، ئەو پەیوەندییە دەگۆڕن کە لەسەر هێزی نێوان دەستەبژێر و گەل دروست بووە، بەوەی لە ڕێگەی

[1] جان شارلو، سیاسەت لە فرەنسا.

Jean charlot, La Politique en France

هەڵسەنگاندنی سیاسیی فەرمانڕەوایان لە لایەن هاوولاتیانەوە، ببێتە فۆرمێک لە فۆرمە بەردەوام و وردەکانی چاودێریکردن." لە ساڵی ١٩٩٠دا، میشال ڕۆکار (Michel Rocard)، بۆ بڕیاردانی سیاسی دانی بە وێنایەکی تازەدا نا: "پێویستە لەسەر حکومەتەکەمان هەوڵ بۆ پشتگیریکردنی ڕای گشتی بدات، سەرباری هەموو ئەو زەحمەتییانەی ئەم کارە لە دووتوێی خۆیدا هەڵی دەگرێ." چەمکی "دیموکراسیی ڕەئی" بە مەبەستی دەرخستنی سنوورەکەی بە شێوەیەکی باشتر پەرە دەسەنێت. ئەمەش چەند نموونەیەکە: ئالان کۆتا (Alain Cotta)[1] ڕەخنەی سیاسەتەکان دەکات و دەڵێت بە شوێنکەوتنی ئەو ڕەئییە گشتییەی گۆڕان ڕەت دەکاتەوە، حوکمی ناگۆڕان بەسەر خۆیدا دەدا، ئالان مینک (Alain Minc)[٢] لە لای خۆیەوە پێی وایە ئێمە لە دیموکراسییەتێکداین لەسەر سێ جەمسەر تەوەرە دەبەستێت (دادگا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی) و داوا لە دەستەبژێر دەکات، بە مەبەستی سەپاندنی بەرژەوەندیی ڕای گشتی، بەرامبەر بەو لادانە میللییانەی ڕای گشتی دەیانسەپێنێت، بەرپرسیاری هەڵگرێت، لە کۆتاییدا، ئۆلیڤییە مۆنجان ( Olivier

---

[1] ئالان کۆتا، سەرۆکی تازەی هیچ شتێک.

Alain Cotta, Un nouveau president pour rien, Fayard, 1994

[2] ئالان مینک، مەستیی دیموکراسی.

Alain minc, L'vresse democratique, Grasset 1995.

[3] ئۆلیڤییە مۆنجان، کەی لێڵێتی و بەدحاڵیبوونی دیموکراسیی ڕەئی باڵادەست دەبێت؟

Olivier Mongin, Quand regne I'opacite ou les malentendus de la democratie d'opinion, in Esprit n 3- 4, mars – avril 1995.

[4] بێرنارد مانان، پرەنسیپەکانی حکومەتی نوێنەرایەتی.

Benard Manin, Principes du gouvernement representative, Calmann – Levy, 1995.

[5] دۆمێنیک ڕێنییە، بەرەو دیموکراسیی ڕەئی؟

Dominique Reynie, "Vers une democratie d'opinion"? in I'Etat de la France 1996 – 1997, La decouverte, 1996.

Mongin)[3] ڕەخنەی خودی "دیموکراسیی ڕەئی" دەکات و پێی وایە "فاکتەری نەفامیی کۆمەڵایەتییە"، چونکە لە بەردەم "کۆمەڵگەیەکی هەتیو لە نوێنەرایەتیکردنی خۆیدا"، فۆرمولە دیمەنی شەفافییەت و کۆدەنگی دەخوڵقێنێت، بەڵام "لێڵێتی زاڵە."

بێرنارد مانان (Bernard Manin)[4]، لە کتێبەکەیدا "پرەنسیپەکانی حکومەتی نوێنەرایەتی"، شێوەیەکی کۆنسێپچوەڵ بەم پراکتیکە تازەیە دەبەخشێت و هەوڵ دەدا تیۆرێک بۆ مەسەلەی "دیموکراسیی ڕەئی" دابنێت. ئەو پێی باشە دەستەواژەی "دیموکراسیی جەماوەر" بەکار بهێنێت و زۆر بە ڕوونی و بە ڕاشکاوی شانۆ دەکاتە ژێدەری (مرجع) خۆی: ئەوەش خوازەیەکە وەک "گەمەی" سیاسی ڕێگە دەدا نوێنەران و سیاسییەکان لەسەر شانۆ لە هۆڵێکی پڕجەماوەردا گەمەکە بکەن. بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەوە کە وەک ڕێسایەکی دەستووری سیستمی دیموکراسی دادەنرێ، دەنگدان تەنها لەو کاتەدا دەبێت کە ڕێگەپێدراو بێت: بەشێک نییە لە ڕێسا گریمانەییەکان. سەرباری ئەوەش، "ئازادیی ڕەئی بە بەردەوامی دەرگا لە بەردەم هەر یەکێک یا ئەوەی دوورترە لە نوێنەرایەتیکردن، بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی دەنگی ببیسترێت." کەواتە گەل دوو جار نوێنەرە: لە لایەن هەڵبژێرەکانیەوە و لە لایەن "وێنە ئامارییەکەی" لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە. پاشان پێویستە جیاوازی لە نێوان ڕاپرسییە سیاسییە هەمەجۆرەکاندا بکەین. ئەو ڕاپرسییانە دەبینێتەوە کە بەدووی لۆجیکی ڕیفراندۆم دەکەون (پشتبەستنی هەڵوێستێک دەربارەی ئەو بابەتەی ڕاوێژی لەسەر دەکرێ یا دەربارەی بڕیارێک)، ڕیفراندۆمی هەڵبژاردن (یا نیازی دەنگدان) و لێکۆڵینەوە دەربارەی "میللیبوون". بەڵام سەبارەت بە دۆمێنیک ڕێنیە (Dominique Reynie)[5] (٢٠)، ئەم لێکۆڵینەوانە دەتوانن مۆرکی سیستمی سیاسی بگۆڕن: بە پێچەوانەی نیازەکانی دەنگدانەوە، ئەوا چەمکی "میللیبوون" کە حوکمێک بەسەر

کەسێکەوە دەپێوێت، بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەوی دی ڕووبەڕووی کێبەرکێی بکاتەوە، "لە چوارچێوەی سیاسەتی دیموکراسیی هەڵبژاردندا بەرامبەرێکی ڕاستەوخۆی نییە." بەڵام ڕاپرسی دەربارەی شەعبییەت کە لە سیستمی نادیموکراسیدا ڕەواجی هەیە، ڕێنییە بەرەو ئەوە دەبات جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەگەر "ئەو دیموکراسییەی پەنا بۆ ڕاپرسیی هەڵبژاردن دەبات، هێشتا دیموکراسییە، ئەوا ئەو دیموکراسییەی پەنا بۆ پێوەری میللی دەبات، فۆرمێکی دییە لە سیستمێک." بەڵام لە بەشی دواتردا دەبینین کە دیموکراسی هەمیشە لە ڕەگەزە... دیموکراسییەکان پێک نەهاتووە! لە سەرووی ئەوەشەوە، ئەگەر لێکۆڵینەوە ڕاپرسییەکان دەربارەی میللیبوون لە ئیدارەی سیاسەتەکانی حکومەتدا گرنگ بێت، ئەوا گشت سیستمی باو ڕاڤە ناکات. حیزبە سیاسییەکان هەمیشە چاودێریی کاندیدەکانی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی بەرنامە و دابەشکردنی ڕۆڵ لە دیبەیتە سیاسییەکان و دەنگەکانی پارلەمان دەکەن...

وا دەردەکەوێت بە ئاسانی داننان بەوەی ئێمە لە بەردەم "دیموکراسیی ڕەئی"داین، کارێکی زۆر هەستیار بێت.

وا دیارە ئەم دەستەواژەیە بە ئەندازەی ئەوەی بە شێوەیەکی جەوهەری بەرەو ڕاپرسی دەڕوات، نەگونجاوە. لە ڕاستیدا، لێرەدا شێوازی دی هەیە کە دەتوانرێت بۆ کۆکردنەوەی ڕای گشتی بەکار بهێنرێ، وەک خۆپیشاندان کە توێژێکی گەورەی گەل پەنای بۆ دەبات، بە شێوەیەکی تایبەت ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەی پێشتر لەسەر ئەم شێوازی دەربڕینە ڕانەهاتوون (بۆ نموونە، پزیشکەکان دژ بە پرۆژەی جۆپیە - Juppe). لە پاڵ ئەوەشدا، وا دەردەکەوێت ئەم چەمکە جەخت لەسەر زێدەڕەوی لە هەڵسەنگاندنی هێزی ڕای گشتیی سیاسی بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ماوەی ٢٠ ساڵە کاری لە پێشینەی فرەنسییەکان کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکارییە و لەم ڕووەشەوە حکومەتە یەک

له دوای یەکەکان، بە مەحکومکردنی ناعەقڵانییەتی ڕای گشتی، ئەولەوییەت بە قەڵاچۆکردنی هەڵئاوسان و کورتهێنانی گشتی دەدەن. ئایا چەمکی میدیاکراسی زیاتر گونجاو نییە؟ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –بە شێوەیەکی سەرەکی تەلەفزیۆن– و ڕاپرسی –کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو دەبێتەوە– پێگەیەکی زۆر گرنگیان لە ژیانی سیاسیدا گرتووە. تەنانەت دەتوانین پرسیار دەربارەی بێلایەنیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەین، با بە خێرایی و بە کورتی وێنای حاڵەتی تەلەفزیۆن بکەین: تەنانەت گەر ئەمڕۆ ڕۆژنامەوانەکان ڕای بگەیەنن، ئەوان لە ئامادەکردنی "قوداسی مەزن-Great Mass"دا کە بۆ نموونە لە کاژێری هەشتدا پەخش دەکرێ، ملکەچی گوشاری حکومەت نابن، کەواتە دەبێ تێبینیی ئەوە بکەین (٢١) کە هێشتا کەناڵەکان لە ڕووی پەیکەرەوە بەستراونەتەوە بە دەوڵەتەوە. ئەوەش لە کەرتی گشتیدا زۆر ڕوونە، چونکە دەوڵەت تاکە پشکدارە (لە پارلەمان دەنگ لەسەر بودجەی دەدرێ). بەڵام کەرتی تایبەتیش گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنی بینراو دەبێت کە سەربازی سەربەخۆبوونی، زۆر جار شوێن ویست و خواستی دەوڵەت دەکەوێت؛ بۆ نموونە، تەلەفزیۆنی فرەنسی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە پێکهاتەی سیاسییەوە دەبەسترێتەوە کە حکومەتی لەسەر دامەزراوە. لە کۆتاییدا، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە "دیموکراسیی ڕەئی" و "دیموکراسیی جەماوەر" و تەنانەت "میدیاکراسی"یش چەمکگەلێکن دەمانبەنەوە بەرەو "دیموکراسیی حیزبەکان"..

لە پاڵ دەنگدان لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە کە بەهاکەی زۆر پاشەکشێی کردووە، کاری سیستمی سیاسیی دیموکراسی پشت بە جودایی نێوان دەسەڵاتەکان دەبەستێت کە مۆنتسکیو (Montesquieu) لە کتێبی "ڕۆحی یاساکان" لەساڵی ١٧٨٤دا، بۆ تیۆرەکەی دای ناوە و دەسەڵاتەکانی بەم شێوەیە بۆ سێ بەش دابەش کردووە:

- دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ڕێگە بە ڕێزگرتنی یاسا و سیستمەکان دەدا.

- دەسەڵاتی یاسادانان، ئەرکەکەی یاسادانان و دەنگدانە لەسەری، لە پاڵ ڕاستکردنەوە یا هەڵوەشانەوەیدا.

- دەسەڵاتی دادوەری، ئەویش ڕاسپێرراوە لە چوارچێوەی یاسادا چاودێرییەکی گونجاوی کارەکانی هاووڵاتیان بکات. حوکم بەسەر ئەو کەسانەدا دەدا کە یاسا پێشێل دەکەن و سزای ئەوانەش دەدا کە سەرپێچیی یاسا باوەکان دەکەن.

پاشان، فرەیی و سەربەخۆیی نێوەندەکانی دەسەڵات (دەستە جیاوازەکان گەشەیان پێ داوە) کە توانای ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی دووسەرە چاودێریی یەکتری بکەن، باشترین گرەنتییە بۆ پێشەوەچوونی دیموکراسی. ئەگەر دەنگدانی گشتی یەکسانیی سیاسی بۆ هاووڵاتیان جێگیر بکات، ئەوا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ئازادییان ساناتر دەکات. پاشان پێویستە ڕێگە نەدرێ بکەوینە داوی مەترسیی سیستمی ستەمگەرییەوە (واتە لە دەوڵەتێکدا تاکە حیزبێک جڵەوی هەموو دەسەڵاتەکان بگرێتە دەست و لە هەموو لایەکەوە دەوری گەل بگرێت و خاوەنی گشت ئامرازەکانی پەیوەندکردن بێت)، ڕێگە بە دەسەڵاتی سیاسی نەدرێت زۆر بەهێز بێت. ئیدی ئەو دەمە، پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وا

دەکات هەر دەستەیەک لە لایەن ئەوی دییەوە چاودێری بکرێ، بە شێوازێک، هەر وەکو مۆنتیسکۆ دەڵێت: "دەسەڵات سنوور بۆ دەسەڵات دادەنێت."

(٢٢) توێژینەوە لەسەر هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانانەدا کارێکی دژوار نییە، بە مەرجێک لە سیستەمە سیاسییە جیاوازەکاندا بەدی بێت. لە چوارچێوەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا، بۆ نموونە، ئەمڕۆ لە ئەمەریکا پیادە دەکرێ، سەرەککۆمار کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشە، دەسەڵاتی یاسادانان یا دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی نییە. سەرباری ئەوەش، کۆنگریس لە دۆخی تایبەتدا نەبێت –تومەتبارکردنی سەرۆک لە بەردەم کۆنگریسدا (impeachment)– دەسەڵاتی ئەوەی نییە سەرۆککۆمار لابەرێت. کەواتە، جودایی نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان زۆر ڕوون و یەکلاکەرەوەیە. بەڵام لە چوارچێوەی سیستەمی پارلەمانیدا، وەک سیستەمی فرەنسی لە ماوەی ویلایەتی حکومەتی چوارەمدا، نوێنەرایەتیی نیشتمانی (کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی پیران) کە جڵەوی دەسەڵاتی یاسادانانی لە دەستدا بوو، سەرۆک هەڵدەبژێرێت، ئەویش لە لای خۆیەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەگرێتە دەست. بەڵام ئەمڕۆ فرەنسا سیستەمی نیوەسەرۆکایەتی پیادە دەکات، بەوەی سەرۆک فەرمان و بڕیار وەردەگرێت و دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی نیشتمانییشی هەیە. بەڵام دەستپێشخەری بۆ دەرکردنی یاسا دەگەڕێتەوە بۆ پارلەمان و سەرەکوەزیران. سەرۆککۆمار، سەرەکوەزیران دادەمەزرێنێت و لایشی دەبات، کۆمەڵەی نیشتمانی دەتوانێت دەنگ لەسەر پێشنیاز بە سەرزەنشتکردن

بدات و ناچاری بکات واز بهێنێت. بەوەش کۆماری پێنجەم ڕێگەی بە بەیەکداچوونی دەسەڵاتەکان دا، تەنانەت ڕێگەی بە هاوکاریی نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانیش داوە.

لەوەش واوەتر، پێویستە لەسەر دیموکراسی خۆی لە بەربەستی چڕیی دەسەڵاتەکانی جوگرافیا بەدوور بگرێت. لامەرکەزییەت دەبێتە ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی دیموکراسیی لۆکاڵی کە ڕێگە بە هاووڵاتیان دەدا لەگەڵ پراکتیزەی سیاسیدا هاوئاهەنگ بن. بە شێوەیەکی گشتی، زۆر پێویستە دژەدەسەڵات هەبێت بۆ ئەوەی تا دەتوانرێ، دیموکراسی دروست و بنچینەیی بێت؛ بۆ نموونە، زۆر جار قسە لەسەر "دەسەڵاتی چوارەم" دەکەین وەک ئاماژەیەک بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. ئەوەش بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی (تەنانەت گەر ئەو سەربەخۆبوونە خۆبەخۆ نەبێت و پێویستی بە وردبینی بێت)، ئامرازێکی چاودێریی دروست لە ڕێگەی هەواڵەوە بەردەست دەکات. شایانی ئاماژەبۆکردنە کە سەندیکا بەهێزەکان یا کۆمەڵە چالاکەکان بە شێوەیەکی قایلکەرانە گرەنتیی پێشەوەچوونی دیموکراسی دەکەن. لە واقیعدا، بەشداربوونی هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا لە ڕێگەی کاری بەکۆمەڵی شیاوەو دەبێت (٢٣)، چونکە فۆرمی ململانێی کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە دەگرێ. لە توانای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە ملکەچی شرۆڤەیەک بن لە شرۆڤەی خڵتەی ژیانی کۆمەڵایەتی یا شکستەکانی ژیانی سیاسی بچێت، بەڵکو وەک پێکهاتنەکان هەر دەبێ بۆ بوون و جووڵەی دیموکراسییە هاوچەرخەکان هەبێت. ئەم بزووتنەوانە بریتین لە

فۆرمەکانی جووڵەی کۆلێکتیڤ کە بۆ نموونە، مافی گردبوونەوە و مافی خۆپیشاندان... دەسەپێنێت.

بە شێوەیەکی بەرفراوانتر، پێویستە دیموکراسی لەسەر "دەوڵەتی ماف" بونیات بنرێت. پاشان، ئازادییە گشتییەکان تایبەتمافێکە (امتیاز) بۆ هاووڵاتیان دانی پێدا دەنرێت، لەوەش زیاتر، بۆ هەموو تاکێک دانی پێدا بنرێت، لە بەردەم هێزی گشتیدا ڕێگە بە بەرجەستەبوونی بواری دەستپێشخەریی تاک یا گروپ دەدا. ئەو ئازادییانەش جەخت لەسەر دوو ڕەگەزی سەرەکی دەکەنەوە، چونکە لە دەسەڵاتی باو بەرزترن: یاسا و دەستوور. مانیفێستی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیانی لە مادەی حەوتەمدا دیاری کردووە: "هیچ مرۆڤێک تاوانبار ناکرێت و زیندانی و دەستبەسەر ناکرێت، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دیارییان دەکات و بەپێی ئەو ڕێکارانەی تێیدا هاتوون." "دەوڵەتی ماف" بە شەرعی مافی نارەزاییدەربڕین لەسەر بڕیارەکانی ئیدارە دەدا بە هاووڵاتی، لەو حاڵەتەی بڕیارەکان هەڕەمەکی بن یا بنەمایەکی ڕاست و دروستیان نەبێت. تەنانەت خودی یاسادانەریش ملکەچی چاودێریی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە حوکمی نادەستووریبوون بەسەر هێندێک لە یاساکانیدا بدات. دەزگای دادوەری ڕێگە دەدا لە لایەن هەموانەوە ڕێزی ماف و سیاسەتەکان بگیرێت... جێبەجێکردنی یاسا و کاری عەدالەت دوو ڕەگەزی سەرەکین تا دیموکراسی بە شێوەیەکی ڕاست بە ڕێوە بچێت: یەکسانی لە مافدا کارێکی زۆر پڕبایەخە!

### ٢- ديموكراسی "وەك واقعێكی كۆمەڵایەتی"

بەدەر لە مافە سیاسییەكان، دیموكراسی پابەندە بەوەی مافە كۆمەڵایەتییەكانیش ببەخشێت. ئەو مافە لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٩٣ لە مادەی ٢١ی جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ و هاوولاتیدا هاتووە: "هاوكارییە گشتییەكان بریتین لە قەرزی پیرۆز. كۆمەڵگە قەرزباری هاوولاتییە كەساسەكانە، یا بە دابینكردنی كار بۆیان، یا بە بەردەستكردنی ئامرازەكانی ژیان بۆ ئەوانەی ناتوانن كار بكەن و پەككەوتەن." بەوەش، پێویستە لەسەر دیموكراسی لە ڕێی مۆڵەتدانی گەیشتن (٢٤) بە باربووە كۆمەڵایەتییەكان (خوێندن، تەندروستی، بەخشین) ڕەهەندێكی كۆمەڵایەتیی هەبێت. بۆ زانین، تەنها دوای جەنگی جیهانیی دووەم و لەگەڵ دەركەوتنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ڕاستەقینەدا ئەم كەماڵییە ڕەهایە لە ڕێگەی دروشمەكەیەوە: بیمەی كۆمەڵایەتی، بە كردەوە جێبەجێ كرا... دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

لەسەر ئاستی تیۆرییش، ئەلیكسس دو تۆكڤیڵ ( Alexis de Tocqueville) (١٨٠٥-١٨٥٩) بە قووڵی پێناسەی دیموكراسیی هەموار كردەوە، سەبارەت بە خۆی، كارەكە بە تەنها بە سیستمێكی سیاسییەوە پەیوەست نییە، بەڵكو بە "واقعێكی سیاسییەوە" پەیوەستە. ئەو یەكەم كەس بوو لەوە تێگەیشت كە نابێت لە دیموكراسیدا تەنها پێچەوانەی سیستمی پاشایەتی یا ستەمگەری ببینین، بەڵكو دەبێ پێچەوانەی "كۆمەڵگەی ئۆرۆستۆكراسی"ی تیادا ببینین. لە كاتی گەشتەكەی بۆ ئەمەریكا، پەیی بە مەودای كارەكتەرەكانی دیموكراسی بردووە... تۆكڤیڵ لە كتێبی "دیموكراسی لە ئەمەریكا" (١٨٣٥ - ١٨٤٠) " De la democratie en

Amerique"، له سیماکانی واقعی کۆمەڵایەتیی ئۆرۆستۆکراسیی کۆڵیوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە واقعی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی پێچەوانەکەیەتی.

"کۆمەڵگەی ئۆرۆستۆکراسی" بە شێوەیەکی تایبەتی کۆمەڵگەیەکی بێگیان و ڕێکخراوە و لە هەمان کاتیشدا داخراوە: "تەنها خێزانی مزەکار و خێزانی سەردارەکان لە خۆ ناگرێ، بەڵکو خودی خێزانەکانی یەکەم لە ماوەی چەندین نەوەدا لە تەنیشت خودی خێزانەکانی دووەمەوە جێگیر بوون (وەک دوو هێڵی هاوتەریب، هەرگیز تێکەڵ نابن و لێکیش جیا نابنەوە)." وەک دەرئەنجامێکی خۆبەخۆ، توانای مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی زۆر بچووکە و ناچیزە. لە ڕاستیدا ئۆرۆستۆکراتی کۆمەڵگەیەکە ڕۆحی هەرەمی بە شێوەیەکی بەهێز تێیدا باڵادەستە: "هێزی هێندێک کەس بەربەستی نابەزێنی دروست دەکرد." پاشان، نایەکسانی لە کۆمەڵگەی ئۆرۆستۆکراسیدا لە نەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، تەنها یەکسانی لە نێوان هاوپایەکاندا دەردەکەوێت، واتە نێوان سەردارەکان یا نێوان مزەکارەکان. ڕەنگە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چینە بە ئەرکی ئاڵوگۆڕ بناسرێتەوە کە یاسای گوێڕایەڵی و فەرمانڕەواییکردن دادەنێت.

لە بەرامبەردا، "کۆمەڵگەی دیموکراسی" بە نەرمیی بونیادی کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە: "کاتێک هەلومەرجەکان نیمچەیەکسان دەبن، کەسەکانیش بە شێوەیەکی هەمیشەیی شوێنەکانیان دەگۆڕن." بە دڵنیاییەوە، لێرەدا هەمیشە سەردار و مزەکار هەیە، بەڵام شوێنەکانیان شایانی ئاڵوگۆڕپێکردنە. سەرباری ئەوەش، ئەگەر یەکێکیان بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی ئەوی دی، ئەوا لە دیموکراسیدا تەنها بەپێی تاکە

شەرعییەتێکی شیاوی گوێڕایەڵی دەبێت کە بریتییە لە: گرێبەست، واتە "ڕێکەوتنێکی کاتی لە نێوان دوو ویست. شتێکی سروشتییە یەکێکیان لەوی دییان کەمبایەختر نەبێت، بەوەش تەنها پەیڕەوی لە گرێبەستەکە دەکەن. لە سنووری ئەو گرێبەستەدا، یەکێکیان مزەکار و ئەوی دییان سەردارە؛ واوەتریش، هەردووکیان هاووڵاتی، دوو کەسن." لە چوارچێوەی دیموکراسیدا، سەردار و مزەکار لە ئەفسەر و سەرباز دەچن. لە قەیرانی دیموکراسیدا، هەردوو چینە کۆمەڵایەتییەکە (سەردار و مزەکارەکان)، بە شێوەیەکی جیاواز تەماشای پێگەی خۆیان دەکەن. پاشکۆیەتی و کۆنترۆڵکردن کارێک نییە ملکەچێتیی بۆ بکرێت، تا ئەندازەیەک هەردووکیان پەسەندن، چونکە ڕێگە دەدەن بە هەر تاکێک بە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بگات. لە ڕاستیدا، واقیعی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی دەرگا لە بەردەم مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیدا ئاواڵە دەکات، ئەوەش لە کۆمەڵگەی ئۆرۆستۆکراسیدا ئەگەرێکی زۆر لاوازە کە جیاوازیی بۆماوەیی حوکمی دەکات. بە دڵنیاییەوە ئەم کارە پەیوەندیی بە پرۆسەی میکانیکییەوە نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئیمکانییەتی گەیشتن بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باڵا بەردەست دەکرێ، واتە بەرەو خۆشگوزەرانییەکی باڵاتر. ئەگەر نایەکسانیی فیکری و ئابووری لە نێوان تاکە دیموکراسیخوازەکاندا بەردەوام بێت، بەوەی نایەکسانی لە ژیری و نایەکسانی لە ساماندا هێشتا هەر بوونی هەیە، ئەوا تاکەکان لە بەرامبەردا دۆخێکی چونیەک، یەکسانیی کۆمەڵایەتی بە دەست دەهێنن.

تۆکڤیڵ لە ئەمەریکا تێبینیی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەی کرد: گواستنەوەی کۆمەڵگەی تەقلیدی بەرەو

کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ، بە گۆڕینێکی قووڵ لە ڕێکخستنی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام دەدرێ. ئەو دیاردەیەی ئەم گواستنەوەیەی لە واقعێکی کۆمەڵایەتیی ئۆرۆستۆکراسییەوە بەرەو واقعێکی کۆمەڵایەتی دیموکراسی لەسەر دادەمەزرێت، پرۆسەیەکی دینامیکییە و ناوی: "یەکسانییە لە هەلومەرجدا". مۆنتیسکۆی سەدەی نۆزدەهەم دووپاتی دەکاتەوە: "لە نێو ئەو شتانەی لە ماوەی نیشتەجێبوونم لە ئەمەریکا سەرنجی ڕاکێشام، هیچ شتێک هێندەی یەکسانی لە هەلومەرجدا سەرسامی نەکردم." سەبارەت بە تۆکڤیلیش، دیموکراسی و یەکسانی لە هەلومەرجدا دوو هاوواتان. چەمکی (٢٦) "یەکسانی لە هەلومەرجدا" چ شتێک لە دووتوێی خۆیدا دەشارێتەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام گەشە دەکات و بە شێوەیەکی بەهێزیش ڕێگە بە هەموارکردنەوەی پێناسەی دیموکراسی دەدا؟ کارەکە پەیوەندیی بە پرۆسەیەکی سیانییەوە هەیە:

- یەکسانیی سیاسی و یاسایی: بە دڵنیاییەوە تۆکڤیل لەم ڕەهەندە جەوهەرییەی دیموکراسی بێئاگا و غافڵ نەبووە. تاکەکانی سەردەمی دیموکراسی هاووڵاتین و ناتوانرێ بەپێی ئیمتیازات جیا بکرێنەوە: "لێرەدا دەستەوتاقمی جیاکار بوونی نییە." دەستەوتاقمی کۆمەڵایەتیی خاوەن دەسەڵاتی یاسایی بوونی نییە. یاسا بۆ هەموو کەسێک وەک یەکە، دامەزراوەی فۆرمولەیی لەسەر چاودێریی کۆمەڵایەتیی فۆرمولەیی گرەنتی دەکات. ئەم خاڵەمان لە بەشی یەکەمی ئەم بەشەدا بە دووروودرێژی چارەسەر کردووە: مافە سیاسی و مەدەنییەکان و ئازادییە گشتییەکان مەرجگەلێکن دەبێ بۆ بوونی دیموکراسی هەبن.

- یەکسانیی کۆمەڵایەتیی ئابووری کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ "یەکسانی لە دەرفەت" (چونیەکیی دەرفەت). پێویستە لەسەری ڕێگە بە مۆبیلیتەی کۆمەڵایەتی بدات: "ڕۆژانە (دەوڵەمەندەکان) لە نێو کۆمەڵ دەردەچن و بە شێوەیەکی بەردەوام بۆی دەگەڕێنەوە." لەگەڵ دیموکراسیدا "ڕیزەکان یەک دەگرن". ئەم توانایەش وا لە پاشماوەی نایەکسانی دەکات گوشاری کەمتر بێت، هۆکارەکەشی لە ڕووی تیۆرییەوە بریتییە لەوەی هەموو تاکێک دەتوانێت شوێنی ئەوی دی بگرێتەوە: "لە هەر ساتێکدا، مزەکارێک دەتوانێت ببێت بە سەردار یا بەرزخوازیی سەرداربوونی تیادا بێت." بە تەنها گرێبەست ماف بە یەکەم دەدا فەرمان بە دووەم بدات و ناچار بە گوێڕایەڵیی بکات.

- یەکسانیی کولتووری: بە یەکسانی لە بیرکردنەوە وەردەگێڕرێت. لە ناخودئاگای دیموکراسیدا تاکەکان خۆیان بە یەکسان دەزانن، "جۆرێک لە یەکسانیی فەنتازی، سەرباری نایەکسانیی ڕاستەقینە". یەکسانی لەسەر ئاستی یاسا، نەریتەکان و ڕای گشتی، هانی هاووڵاتیان دەدا خۆیان بە یەکسان حیساب بکەن و هانیشیان دەدا چونیەک بژین. ئاکامەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی زیانبار دەبن، چونکە دیموکراسی تا ئەو سنوورە بڵاو دەبێتەوە کە دەبێتە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی جەوهەری: پێوەرێکە کۆمەڵگەی پێ دەپێورێت! دیموکراسی ڕۆحی یەکسانی باڵادەست دەکات کە دەشێت وەک ئارەزووی چونیەکبوونی هاووڵاتیان دیاری بکرێ، یا بە لایەنی کەمەوە خۆیان بە وێکچوو بزانن، ئەمە بەدەر لە فۆرمە جیاوازەکانی نایەکسانیی ڕاستەقینە لە پێگەدا (٢٧).

بەم شێوەیە، بە پێچەوانەی پێشینانی (بۆ نموونە، مۆنتیسکیۆ) یا هاوچەرخەکانی (گیزۆ بۆ نموونە)، ئەوانەی

دیموکراسییان تەنها وەک فۆرمێک لە حکومەت بینیوە، تۆکڤیڵ نوێکردنەوەی زۆر گرنگ پێشنیاز دەکات: دیموکراسی کە "واقعێکی کۆمەڵایەتییە"، بە تەنها ئاماژە ناکات بە بەشداربوونی هاووڵاتیان لە ئیدارەدانی کاروبارەکانیاندا، بەڵکو ئاماژەیە بۆ یەکسانی لە هەلومەرجدا کە زیاتر و زیاتر گەورەتر دەبێت. ئەوەش پێناسەیەکی داهێنەرانەیە کە دیموکراسی لە پلە و پایەیەکی دژ بە کۆمەڵگەی ئۆرۆستۆکراسیدا دادەنێت، نەک دژ بە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی ناهاوتا لە ڕووی مادییەوە. بەڵام سەبارەت بە تۆکڤیڵ، ڕێکخستن و ئامادەکردنی هەلومەرج (کردەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە) دیاردەیەکی دەرەبەرگرییە کە بە یەکانگیریی ئاستەکانی ژین و شێوازەکانی ژیانبەسەربردن تەرجەمە دەکرێ. ئەمڕۆ تێبینیی چی دەکەین؟ بە دڵنیاییەوە ناتوانرێ پێشکەوتنی دیموکراسی پووچەڵ بکرێتەوە، بەڵام ئایا دەتوانین سەرباری ئەوەش، جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە کەلێنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان پڕ کراونەتەوە؟ ئایا قسەکردن لەسەر دەرکەوتنی چینی نێوەنجی مانایەکی هەیە؟

## ئەنجامگیری

لەسەر ئاستی سیاسی، دیموکراسی حکومەتی ئەو گەلەیە کە پشت بە زۆرینەیەک دەبەستێت کە بە ئازادی گوزارشتی لە بیروڕای خۆی کردووە، هەروەها ڕێز لە مافەکانی کەمینەش دەگرێ. ئەوەش پێناسەیەکە لە مانا ڕاستەقینەکەی چەمکەکەوە هاتووە، بەڵام بە تەنها بەس نییە! بێگومان دیموکراسی دەگۆڕێت: "دیموکراسیی ڕەئی"، "دیموکراسیی جەماوەر" یا "دیموکراسیی تەواونەکراو". هەمەڕەنگیی دەستەواژەکان توندیی ئەو دیبەیت و ڕاڕاییانە ڕوون دەکاتەوە کە باری قورس کردووە. سەرباری ئەوەی تەواو نەبووە، ئەوا دیموکراسی دەستمایەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆیە بە نرخ ناخەملێنرێت. لەم بارەیەوە، ئێمە لەسەر میراتی تۆکڤیڵ دەژین، هەمیشە بیری دەهێنینەوە کە دیموکراسی بە تەنها سیستمێکی سیاسی نییە، بەڵکو "واقعێکی کۆمەڵایەتییە". دەرکەوتنی "کولتووری دیموکراسی" باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە.

# بەشی دووەم

## ئایا دیموکراسی دەتوانێت لە نێوان یەکسانی لە ماف و یەکسانیی ڕاستەقینەدا سەرکەوتوو بێت؟

**پێشەکی** (٣٠)

کارێکی زۆر دژوارە لە چەمکی "یەکسانی" تێبگەین. چەمکەکە خۆی لە خۆیدا گرفت نییە، بەڵکو ئەو لێکەوتانە کێشەن کە لە دوای پێناسەکردنیەوە بەدوای خۆیدا دەیانهێنێت. لە واقیعدا، یەکسانی بە مانای یەکانگیری نایەت. کارەکە زیاتر پەیوەندیی بە پرەنسیپی گشتییەوە هەیە کە پێویستە لە ڕێگەیەوە هەموو تاکەکان، بەبێ جیاوازی، بە یەکسانی لە ناو کۆمەڵگەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ: دان بە شکۆمەندیی مرۆڤایەتییاندا بنرێت بەبێ ئەوەی تاکایەتییان بسڕرێتەوە. لە ڕووی جەوهەرەوە هەموو خەڵکی یەکسانن! بە مانایەکی دی، هەوڵ بۆ یەکسانی دەدەن، بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان ئەوەی تاکەکان بە دەستی دەهێنن و هەوڵەکانی گەیشتن بەو ئامانجە

دابمەزرێنن. ئیدی ویستی پاساودانەوەی دابەشکردنی ناچونیەکیی ئەو سەرچاوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی جەخت لەسەر سیستمی شایستەیی و ڕێسای یەکسانی لە دەرفەت (چونیەکیی دەرفەت) دەکەنەوە، جێگەی یەکسانیی ڕاستەقینە دەگرێتەوە. پاشان ئەم زاراوەیەی دوایی لە کتێبەکەدا لێک دەدەینەوە، لەبەر ئەوەی لەم چەمکەی یەکسانییەوە دەچینە نێو بواری شرۆڤەکردنەوە... دیموکراسییەت هەوڵ دەدا لە ڕێگەی یەکسانیکردنی مافەوە لە نێوان هاووڵاتیاندا هەلومەرجی یەکسانی بخولقێنێت، بە شێوەکی تایبەتیش، بە بەرهەمهێنانی ئەو دەقانەی شوێنی سەرچاوەیان بۆ دەگرنەوە. بەڵام بەرجەستەکردنی مەسەلەیەکی پڕزەحمەتە: یەکسانیی یاسایی یەکسانیی دیفاکتۆ نییە، واتە لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەیبینین. لە واقیعدا، هێشتا زۆرێک نایەکسانی هەن، واتە ئەو جیاوازییەی کە لەسەر پلەبەندیی بەهاکان بە چاکە یا خراپەکان تەرجەمە دەکرێ. جیاوازی بە هۆی جێندەر یا تەمەن یا وابەستەیی ئایینی یا ئەتنیکی یا پیشەیی یا بە هۆی توێژی کۆمەڵایەتیی پیشەییەوە، تەنها کاتێک بەربەستەکان بەرهەم دەهێنێت، دەبێتە نایەکسانی (بۆ نموونە، لە بازاڕی کاردا). بەڵام چەمکی "یەکسانی لە مافدا" چی دەگرێتەوە؟ ئایا ئەو یەکسانییەی بانگەوازی بۆ دەکەن و بە شێوەیەکی تایبەتی پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسییەوە، هەمیشە مایەی ڕێزلێنان بووە؟ ئایا ئەمڕۆ ڕێزدارە؟ لە ڕێگەی ئەو گرژییەی لە نێوان یەکسانیی فۆرمولەیی و یەکسانی لە بارودۆخدا باڵادەستە، دەتوانین لەسەر بابەتی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا چی بسەلمێنین؟

## ١ - لەدایکبوونی یەکسانی لە مافدا (٣١)

پێشتر ئەوەمان بینیوە کە بیرۆکەی "یەکسانی" ماوەیەکە و تا ئێستاش، لە ناوجەرگەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. دەربارەی مانای یەکسانی لەو ساتەوەختەی کۆمەڵگەکان بە دەقی ڕێساکان ڕێکخستنی پەیوەندییەکان دەست پێ دەکەن، پرسیار دەکرێ، سەرەتا لە نێوان خودی تاکەکان، پاشانیش لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتی بڕیاردا ندا. یەکەم بینینی یەکسانی لە یۆنانی کۆندا بە دیار کەوت کە پێی دەوترێ: "isonomie"، یەکسانیی هەموان لە بەردەم یاسا! لەبەر ئەوەی خەڵکی بە سروشتی خۆیان یەکسان نین، بۆیە پێویستە دەسەڵات بە دامەزراوەیەک بدرێت بۆ ئەوەی یەکسانیان بکات. ئەم بیروباوەڕە لە کاتێکدا ئامادە دەکرێ کە زۆر لایەنی نایەکسانی مادی و سیاسی (ئەرکە سیاسییە گرنگەکان لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانەوە قۆرخ کرابوو) هێشتا برەوی هەبوو! لە سەرووی ئەوەشەوە، ئەو تیۆرەی یەکسانی لە سیستمە سیاسییەکانی دواتریشدا، کە سیستمی پاشایەتی حوکمڕانیی دەکرد، پێگەیەکی بۆ خۆی نەدۆزییەوە.

بەڵام مەسەلەی یەکسانی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە گەڕایەوە و سەرلەنوێ خرایە ڕوو، ئەوەیش کاتێک پرسیار دەربارەی ئیمکانییەتی دیاریکردنی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی شەرعیی دەستی پێ کرد کە نەک هەموان بتوانن ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕن، بەڵکو پێویستە لەسەریان ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕن، بەوەی لە عەقڵ و لە سروشتی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە زەینی تیۆریستە سیاسییەکانی وەک هۆبز (Hobbs) و لۆک (Locke)دا دەکەوێتە دوای مەسەلەی ئازادییەوە. لە واقیعدا،

لۆک لە هەردوو پەیماننامەی حکومەتی مەدەنی (١٦٩٠)دا، بۆ دیاریکردنی یەکسانی، پشت بە مافی سروشتی دەبەستێت، واتە مافی هەموو تاکێکە بە ئازادی، بە خۆی و بە سامان و بە چالاکییەکانیەوە ڕەفتار بکات. لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئەو ئازادییە پێشێل بکات، ئیدی هەموان یەکسان دەبن! هەروەها دەڵێت پێویستە حکومەت لە کۆمەڵەی موڵکدارەکان پێک بێت و "جگە لە پاراستنی موڵکداریتی، هیچ ئامانجێکی دیی نەبێت." ئەو یەکسانییەی لە ڕێگەی شیکردنەوەی دۆخی سروشتییەوە دیاری دەکرێ، یەکسانییەکی لاوازە و هۆشداری بە سیستمی باجی مافی هەڵبژاردن دەدا!

(٣٢) بنەمای چەمکی یەکسانی، بە مانا تازەکەی، بە زۆری قەرزباری سەردەمی ڕۆشنگەرییە. پاشان کۆبەرهەمەکانی ڕۆسۆ، بە شێوەیەکی تایبەتی، دەبنە یەکلاکەرەوە، چونکە ئەوە دیاری دەکات کە بەردەوامیی ئازادی لە پێواری یەکسانیدا بوونی نییە. لە گوتارێکی دەربارەی سەرچاوە و بنەماکانی نایەکسانی لە نێوان خەڵکیدا (١٧٥٥) ( Discours sur I'origine et les fondements de I'inegalite parmi les hommes)، بەرپرسیارێتیی بوونی نایەکسانی دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگە: بوونی جیاوازیی مادی دروستبوونی خاوەندارێتی شرۆڤە دەکات. لە بەردەم ئەم کۆمەڵگە گەندەڵەدا، پێکهێنانی پەیمانی کۆمەڵایەتی گەڵاڵە دەکات (Contract social - 1762)، چونکە سەرکەوتوویی سروشتیی هێندێک بەسەر هێندێکی دییەوە بوونی نییە. لەسەری دەڕوات و دەڵێت پێویستە لەسەر دامەزراوەی دادوەرانە هەموو تاکەکان لە لەدایکبوونیانەوە بە یەکسان دابنێت و پێویستە لەسەری لە ڕێی یاساوە ئەم

یەکسانییە لە مافدا بەردەست و گرەنتی بکات. ئەو یەکسانییەی لە ڕێگەی بەڵێننامەوە بەرجەستە دەبێت، لە ڕێگەی یاساوە بە دامەزراوەیی دەکرێ.

بەڵام شۆڕشی فرەنسی کە کۆتایی بە حوکمی پاشایەتی هێنا، بە شێوەیەکی کۆتایی پرەنسیپی یەکسانیی لە مافدا دیاری کرد. کارەکە پەیوەستە بە دانانی سنوورێک بەو تایبەتمافانەی هەر لە لەدایکبوونەوە دەبەخشرێن و بە دانی ناوەڕۆکێک بە چەمکی "دیموکراسی" بە زووترین کات. لە واقیعدا، بۆ یەکەم جار گوزارشتی یاسایی بۆ یەکسانی لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیدا جێگیر دەبێت کە لە ٢٦ی ئابی ١٧٨٩دا دەرچووە.

## جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی

(٢٦ی ئابی ١٧٨٩)

"نوێنەرانی گەلی فرەنسی، ئەوانەی سیفەتی کۆمەڵەی نیشتمانی وەردەگرن، لەبەر ئەوەی نەزانین و بێئاگایی و پشتگوێخستنی مافەکانی مرۆڤ تاکە هۆکارە بۆ ئێشوئازارەکانی جەماوەر و بۆ گەندەڵیی حکومەتەکان، بۆیە بڕیاریان داوە ئەو مافە سروشتییانەی قابیلی دەستکاریکردن و زەوتکردن نین و بۆ مرۆڤ پیرۆزن، لە جاڕنامەیەکی ڕووندا ڕابگەیەنن، بە مەبەستی ئەوەی ئەو مانیفێستەی لە بەرچاوی ئەندامانی جەستەی کۆمەڵایەتی ون نابێت، بە شێوەیەکی بەردەوام ماف و ئەرکەکانیان بیر دەهێنێتەوە و بە مەبەستی ئەوەی کار و کردەوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و کردەوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕێزی لێ بگرێت، دەشێت لە هەموو ساتێکدا بە ئامانجی دامەزراوەی سیاسی بەراورد بکرێ و بە مەبەستی ئەوەی داواکاریی هاووڵاتیان کە لە ئێستا بەدواوە لەسەر پرەنسیپە ساکار و گردەبڕەکان بونیات دەنرێ، هەمیشە دەیەوێت دەستوور و بەختەوەریی هەموان پارێزراو بێت. لەسەر ئەم بنەمایەش، کۆمەڵەی نیشتمانی، بە پشتیوانی و بە ناوی خودای مەزنەوە، بڕیار لەسەر ڕاگەیاندنی گەلاڵەنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی دەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

مادەی ١: هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و هەر بەو شێوەیەش لە مافەکاندا یەکسان دەبن. تەنها لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بونیات دەنرێن.

مادەی ٢: ئامانجی هەموو کۆمەڵەیەکی سیاسی پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤە کە مافگەلێکی حاشاهەڵنەگرن. ئەو مافانەش بریتین لە ئازادی، موڵکداریێتی و ئاسایش و مافی بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوە.

مادەی ٣: بە شێوەیەکی سەرەکی، نەتەوە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە. هیچ دەستە یا تاکێک مافی پیادەکردنی هیچ دەسەڵاتێکی نییە کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە نەتەوەوە سەرچاوەی نەگرتبێت.

مادەی ٤: ئازادی توانای ئەنجامدانی هەموو شتێکە کە زیان بەوی دی نەگەیەنێت: هەر بەو پێیەش پیادەکردنی مافە سروشتییەکانی هەر مرۆڤێک هیچ سنوورێکی نییە، تەنها هەمان ئەو مافانە نەبێت کە بۆ تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە بەردەست دەکرێن. تەنها یاساش ئەو سنوورە دیاری دەکات.

مادەی ٥: یاسا تەنها مافی قەدەغەکردنی ئەو کردەوانەی هەیە کە زیان بە بونیادی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن: هەر کارێک یاسا قەدەغەی نەکردبێت، قەدەغە ناکرێ، هیچ کەسێک ناچار ناکرێت کارێک بکات گەر یاسا بڕیاری لێ نەدابێت.

مادەی ٦: یاسا گوزارشت لە ویستی گشتی دەکات. هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە بەشداری لە داڕشتنیدا بکەن، ئیدی چ وەک تاکەکەسی بێت یا لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بێت. دەبێ یەک یاسا بەسەر هەمواندا جێبەجێ بکرێ، ئیدی بۆ پاراستن بێت یا بۆ سزادان. لەبەر ئەوەی هەموو هاووڵاتیان لە دیدگای ئەوەوە یەکسانن، بۆیە هەموویان بەپێی توانایان و بەبێ هیچ جیاکارییەکی دی، جگە لەوەی پەیوەندیی بە ڕەندی (فەزیلەت) و بەهرەیانەوە هەیە، شایستەی گشت پۆست و پلەوپایە و نێوەند و پۆستە گشتییەکانن.

مادەی ٧: هیچ مرۆڤێک تاوانبار یا دەستگیر یا زیندانی ناکرێت تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دیارییان دەکات و بەپێی ئەو

پرەنسیپانەی بۆی داناون. پێویستە هەموو کەسێک سزا بدرێت کە دەپارێتەوە یا دەردەکات یا جێبەجێ دەکات یا ناچار دەکات کاری هەڕەمەکی جێبەجێ بکرێ، بەڵام پێویستە هەر هاووڵاتێک داوا دەکرێ یا بەپێی یاسا گل دەدرێتەوە، یەکسەر گوێڕایەڵ بێت، ئەگەر یاخییش بێت، شایانی ئەوەیە سزا بدرێت.

مادەی ٨: پێویستە یاسا تەنها سزا زەرووره تایبەت و دڵنیاکان دەربکات، تەنها بە حوکمی ئەو یاسایە سزا بدات کە پێش ئەنجامدانی تاوانەکە دەرچووە و پێشتر لە ڕووی یاساییەوە کاری پێ کراوە.

مادەی ٩: هەموو مرۆڤێک بێتاوانە هەتا تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، ئەگەر هەر دەبێ گل بدرێتەوە، ئەوا هەر توندوتیژییەکی ناپێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسەکە بەپێی ئەو سزایانە دەبێ کە یاسا دیارییان دەکات، هەر پێشێلکارییەکیش دەبێ بە توندی لێپرسینەوەی لەسەر بکرێ.

مادەی ١٠: نابێت هیچ کەسێک لەسەر بیروڕاکانی، تەنانەت ئایینییەکانیش، بێدەنگ و بەرهەڵستی بکرێ، بە مەرجێک دەربڕینەکەی بەپێی یاسا نەبێتە هۆی پشێویی سیستمی گشتیی باو.

مادەی ١١: ئازادیی بڵاوکردنەوەی فیکر و بیروڕا یەکێکە لە بەنرخترین مافەکانی مرۆڤ، کەواتە هەموو هاووڵاتییەک دەتوانێت بە ئازادی قسە بکات، بنووسێت و بیروڕاکانی بڵاو بکاتەوە، مەگەر ئازادییەکە ئەو حاڵەتانە تێپەڕێنێت کە یاسا دیارییان دەکات.

مادەی ١٢: گرەنتیی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی پێویستی بە بوونی هێزی گشتییە، ئەم هێزە بۆ بەرژەوەندیی گشتی دادەمەزرێت، نەک بۆ بەرژەوەندیی کەسێتیی ئەوانەی پێی ڕاسپێرراوە.

مادەی ١٣: پاراستنی هێزی گشتی و خەرجییەکانی ئیدارە

پێویستی بە باجی گشتی هەیە، ئەو باجەش بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هاووڵاتیاندا دەسەپێنرێت، پێویستە بڕەکەی لەگەڵ بارودۆخی ئەو کەسانەدا بگونجێت کە باجەکە دەدەن.

مادەی ١٤: هەموو هاووڵاتییەک مافی هەیە چاودێریی داهاتی باج بکات، ئیدی چی چاودێریکردنەکە خۆیان بیکەن یا لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بێت، بە ئازادی ڕەزامەندیی لەسەر دەرببڕن و بەدواداچوون بۆ بەکارهێنانی بکەن، قەوارەکەی، هەڵسەنگاندنی، کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی و ماوەی باجگرییەکەی دیاری بکەن.

مادەی ١٥: کۆمەڵگە مافی لێپرسینەوەی ئیدارە و کارەکانی هەموو فەرمانبەرێکی گشتیی هەیە، هەروەها مافی هەیە گفتوگۆی لەگەڵ بکات و لێیشی بپرسێتەوە.

مادەی ١٦: هەر کۆمەڵگەیەک گرەنتیی مافەکان و گرەنتیی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تیادا بەردەست نەبێت، کۆمەڵگەیەکی بێدەستوورە.

مادەی ١٧: لەبەر ئەوەی موڵکدارێتی مافێکی پیرۆزە و پێشێل ناکرێ، بۆیە هیچ کەسێکی لێ بێبەش ناکرێ، مەگەر لەو کاتەی زەرورەتی گشتی ئەو کارە بسەپێنێت. ئەوەش بە بەڵگەهێنانەوەی یاسایی و مەرجی قەرەبووکردنەوەی پێشوەخت و دادوەرانە دەبێت."

زۆرینەی ئەو پرەنسیپانە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیدا دەبینین کە لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٩٣دا دەرچوون. بەڵام دەبێ ئاماژە بە دەرکەوتنی مافەکانی هاووڵاتی بدرێ کە قەرزێکە لە گەردنی کۆمەڵگەدا. ئەمەش لە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ، وەک ڕێسایەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەکار دەهێنرێت. دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم خاڵە! (٣٥). فیکرە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕاگەیاندنە لە

دیباجەی هەردوو دەستووری ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٥٨دا دووبارە دەبنەوە. سەرباری ئەوەش، دەقی دامەزراندنی کۆماری پێنجەم بە ڕاشکاوی بانگەواز بۆ "یەکسانیی هەموو هاووڵاتیان لە بەردەم یاسادا دەکات، بەبێ ئەوەی بە هۆی ڕەگوڕیشە یا ڕەگەز یا ئایینەوە جیاوازی بکرێ." بەوەش یەکسانی، کە میراتییەکی ڕاستەقینەی سەردەمی ڕۆشنگەرییە، دەبێتە بەهایەکی دەستووری و پێویستە لە هەموو ئەو یاسایانەی دەردەکرێن، ڕەچاو بکرێن. هەروەها لە دروشمی کۆماری "ئازادی، یەکسانی، برایەتی"یشدا دەبینرێ کە لە سەر ڕووکاری باڵەخانە گشتییەکان هەڵکۆڵراوە. بە هۆی ئەو نووسینە یەک لە دوای یەکانەوە، یەکسانی، لە ڕووی هێما و یاساییەوە، دەبێتە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی. لە واقیعدا، لەم دەقە فەرمییانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە دیموکراسی، یەکسانی لە مافدا دەسەپێنێت کە پێویستە گەلێک فۆرم بە خۆیەوە بگرێت، ئەوانیش:

– یەکسانیی مەدەنی یا یاسایی: پرەنسیپەکە جەخت لە یەکسانیی هەموان لە بەردەم یاسادا دەکاتەوە. پاشان بە هەمان ئەرکە یاساییەکانەوە پابەند دەبن و چێژ لە هەمان مافە مەدەنییەکانیش وەردەگرن. بە شێوەیەکی ڕوونتر، تاکەکان هەموویان هاووڵاتین و چێژ لە هەمان ماف وەردەگرن (هەمان ئەرکیش)؛ بۆ نموونە، شتێک هەیە پێی دەوترێ یەکسانی لە مامەڵە لە بەردەم عەدالەتدا. پاشان قسە لەسەر "چاودێریی کۆمەڵایەتیی فۆرمولەیی" دەکرێ. هێندێک دامەزراوە مافی غەیرەکەسێتی دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە: کەسەکە لەسەر کردارەکەی دادگایی ناکرێ، بەڵکو کارەکە بەپێی یاسایەک کە هەموان زانیارییان لەسەری هەیە (بێئاگایی لە یاسادا نییە)،

سزا دەدرێ. لە بەرامبەریشدا، کۆمەڵگە نادیموکراسییەکان کە لەسەر چاودێریی کۆمەڵایەتیی نافۆرمولەیی دامەزراون، دەرگا لە بەردەم ستەمگەریدا ئاواڵە دەکەن. بەڵام وەک تێبینی دەکرێ، هێشتا گەلێک پرسیار دەکرێ کە پەیوەستن بە یەکسانیی تەواوەتی لە مامەڵەی یاسایی لە نێو سیستمە دیموکراسییەکاندا. ئیدی لێرەوە شەرعییەتی دەستەواژەی "عەدالەت خێراییەکی دوانەییە" سەرچاوە دەگرێ...

- یەکسانیی سیاسی: پرەنسیپێکە دەڵێت هەموو هاووڵاتییەک بەپێی توانای، بۆی هەیە بگات بە هەموو "پلەوپایە و نێوەند و پۆستێکی گشتی". ئەمەش بنەمایەکی تیۆرییە کە کەموکورتی لە نوێنەرایەتیی سیاسی بۆ هێندێک توێژی کۆمەڵایەتی تیایە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا، تەنها سێ کرێکار لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا هەبوون! لە پاڵ ئەوەشدا، دیبەیتێکی کراوە (٣٦) دەربارەی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە لۆکالییەکاندا هەبوو بۆ ئەو بیانییانەی زیاد لە دە ساڵ نیشتەجێی فەرەنسا بوون. هێندێک پێیان وابوو "هاووڵاتیی لاوەکین" یا "هاووڵاتیی پلەدوون" کە هەمان ئەرکیان هەیە، بەڵام هەمان مافیان نییە. مەسەلەی دەنگدانی بیانییەکانی فەرەنسا پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە، ئەگەر پاساوەکان لەبەرچاو بگیرێن: پاساوی ئینسافی "هاووڵاتیان"، واتە ئەو دانیشتوانەی بەشداریی ژیانی شار دەکەن، خۆی پاساوی یەکسانییە لە مامەڵەدا، یا ئەو پاساوەی فاکتەری یەکبوونی تیادا دەبینین!

- یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی: پرەنسیپەکە جەخت دەکاتەوە لەوەی بارگرانی و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی بەپێی لێهاتوویی و کارکردن و شایستەیی هەر تاکێک دابەش دەکرێت. ئەوەش چەمکێکە گرفتی زەحمەتتر دەخاتە ڕوو... لە

واقیعدا، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە هەموو تاکەکان، بەپێی پۆستەکانیان لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا، سوود لە هەمان دەرفەت وەرناگرن.

لێرە بەدواوە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە چەمکی یەکسانیی یاسایی بەبێ ڕێگریکردن لە جێگیربوونی نایەکسانیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری سەرکەوتوو نابێت. دیموکراتیزەکردن، واتە فراوانبوونی بیرۆکەی یەکسانی و دەرهاویشتەکانی ئەم فراوانبوونە لەسەر تێکڕای بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، گرژی لە نێوان یەکسانی، مەدەنییەت، یاسا و سیاسەتدا بەرهەم دەهێنێت کە هاووڵاتیان داوای دەکەن و لە نێوان نایەکسانی لە بارودۆخدا کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە ژیانی سیاسیدا گەشە دەکات.

### ٢ ـ گرژیی نێوان یەکسانی لە ماف و یەکسانیی ڕاستەقینە

ڕاگەیاندنی یەکسانی بەس نییە بۆ ئەوەی ببێت بە یەکسانیی ڕاستەقینە. کەس گومانی نییە لەوەی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان لە تۆمارکردنی یەکسانی لە نێو یاساکان و نیازی بڵاوکردنەوەی لە پراکتیکدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام هەموو ئەوانەش هێشتا هەر بەس نین! لە واقیعدا، سەرباری هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری یاساییدا بە دەست هاتن، کەچی هەموو سیماکانی نایەکسانییان نەسڕییەوە... ئامانجی دیموکراسییەت لە قبوڵکردنی هێشتنەوەی ئەو هەموو جیاوازییە مادی و کولتوورییانەدا تووشی زەحمەتی دەبێتەوە، بە تایبەتی کاتێک تانە لە یەکسانیی سیاسی دەدرێ، لەبەر ئەوەی مەرجی دیموکراسی ئەوەیە یەکەم جار لە سیستمی سیاسیدا هەبێت... (٣٧)

لە ساڵی ١٧٩١ەوە، سەرباری ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ، سیستمی باجی مافی هەڵبژاردن، مافی سیاسی دەبەخشێت بەوانەی پێیان دەوترێ هاووڵاتیی "ئیشکەر"، واتە پیاوە موڵکدارەکان و سەرەکخێزانەکان. هەژاران و ژنان و کۆیلەکان، بە شێوەیەکی تایبەتی، بە هاووڵاتیی "پاسیڤ" دادەنرێن، واتە نە ڕێگەیان پێ دەدرێ دەنگ بدەن، نە خۆشیان کاندید بکەن. هەرچەندە پیاوانی شۆڕش باوەڕیان بەوە هەبوو کە بناغەی دەنگدانی گشتییان داناوە. لەم خاڵەشەوە لەو هەموو دژوارییانە تێدەگەین کە بۆ فراوانکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی مافە سیاسییەکانیان هەیە، ڕووبەڕووی دینامیکییەتی دیموکراسی دەبنەوە. بە دڵنیاییەوە هێدی هێدی لە باشتر دیاریکردنی دەستەی سیاسیدا سەرکەوتوو بوو. مافی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٨٤٨ بەخشرا بە پیاوانی توێژی خاکی و کۆیلە کۆنەکان و لە ساڵی ١٩٤٤یش درا بە ژنان. بەڵام دەبوایە ئەو گەنجانەی دەگەیشتنە تەمەنی ١٨ ساڵان و تازە ڕەگەزنامەپێدراوەکان تا ساڵی ١٩٧٤ چاوەڕێ بکەن، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە پرسەکان دەربارەی سنووری هاووڵاتیبوون چەندە بەدوای یەکدا دێن.

## أ- گەڕانەوەی ئۆرۆستۆکراسی؟

تۆکڤیڵ لە کاتی گەڕانەوەیدا باوەڕی هەبوو بەوەی دواڕۆژی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانمان بۆ دیموکراسییە، پاشان، گەڕانە بۆ یەکسانی. لە پێشەکیی یەکەمی دیموکراسی (١٨٣٥)دا دەنووسێت: "گەشەسەندنی لەسەرخۆی یەکسانی لە هەلومەرجدا کارێکی ئاسمانییە، هەمان تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەیە: جیهانی و هەمیشەییە و هەموو ڕۆژێک

له هێزی مرۆڤایەتی بەرزتر دەبێتەوە، هەموو ڕووداوەکان وەک هەموو تاکەکان بۆ گەشەپێدانی بەکار دەهێنرێ. ئایا کارێکی ژیرانەیە باوەڕ بهێنین بەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە دوورەوە هاتووە، دەکرێ بە هۆی هەوڵ و تەقەلای نەوەیەکەوە هەڵپەسێردرێت؟ ئایا دەشێت بیر لەوە بکەینەوە کە دوای لەناوچوونی فیودالیزم و شکستی پادشاکان، دیموکراسییەت لە بەردەم بۆرجوازییەت و دەوڵەمەندەکاندا پاشەکشێ دەکات؟ ئایا هەنووکە لە شوێنی خۆی ڕادەوەستێت، دوای ئەوەی خۆی بووە بەو هێزە و دوژمنەکانیشی بەوە شێوەیە لاواز بوون؟" بەم شێوەیە و سەربارى فۆرمی پرسەکانم، تۆکڤیڵ دڵنیا بووە لەوەی یەکسانی لە هەلومەرجدا (٣٨) هەر دەبێ بە شێوەیەکی بەردەوام بڵاو ببێتەوە. کەچی دان بە هەبوونی نایەکسانیی سروشتیدا دەنێت، وەک نایەکسانی لە زیرەکیدا(!) لەگەڵ بەردەوامبوونی نایەکسانیی ئابوورییشدا. بەڵام لە بەرامبەردا، ئەم نایەکسانییە ناتوانێت ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی بکات...

تۆکڤیڵ، ساڵی ١٨٥٥، لە دوای گەشتێکی بۆ ئینگلتەرا، ناچار بوو زۆر بە خێرایی وردبینیی وتەکانی خۆی بکاتەوە! کاتێک سەردانی کارگەکانی ئینگلتەرای کرد، بە شێوەیەکی ترسناک لە کوشندەیی هەژاریی بەکۆمەڵ تێگەیشت.[١] ئەم هەژارییە بەکۆمەڵ و هەمیشەییە لە دابڕانی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتبوو: ئەو جووتیارانەی بە ناچاری بەرەو شار دەڕۆیشتن،

---

[1] ئیریک کیسلاسی، لیبراڵیزمی تۆکڤیڵ لە بەرەنگاربوونەوەی هەژاریی بەکۆمەڵدا.
Eric Kesslassy, Le Liberalisme de Tocqueville a l" epreuve du pauperisme, L'Harmattan, 2000.

لە پاراستنی ئەو نزیکایەتییە دادەبڕان کە لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا ئامادەگیی هەبوو (خێزان، دراوسێیەتی و چاکەی مەسیحایەتی...) هاتنی سەرمایەداری و پیشەسازییەکی هەڵکشاوی هاوزەمان لەگەڵ سەرمایەداریدا ڕێگە بە خاوەنکارەکان دەدا کرێیەکی زۆر کەم بۆ کرێکاران دیاری بکەن. ئیدی ئەو کاتە بارودۆخی کرێکار هاوشێوەی بارودۆخی هەژاریی لێ دێت. لێرەدا کارەکە پەیوەست دەبێت بە نوێکردنەوەیەکی ڕاستەقینەوە: ئەسڵی هەژاری لە پێواری کاردا نییە، بەڵکو لە خودی کاری پیشەسازیدایە! تۆکڤیڵ کە پێی وابوو دیموکراسییەت گەشەسەندنی پیشەسازی هان دەدا، نەک هەر ئەم دیاردە زۆر گرنگە کاریگەریی لەسەر هەبوو، بەڵکو تەنانەت تا ئاستی ئەو بیرکردنەوەیەش ڕۆیشت کە ڕەنگە ئۆرۆستۆکراسییەت بتوانێ لە پیشەسازییەوە سەرهەڵبداتەوە... چۆن؟

دابەشکردنی کار کە لە کارگەکاندا گشتاندنی بۆ دەکرێ، لەسەر ئاستی ئابووری سوودی هەیە، بەڵام نامۆبوونی کرێکاریشی لێدەکەوێتەوە. "هەروەها دەشتوانین بڵێین لەو کاتەی ئەو مرۆڤەی لە ناخیدایە، وێران دەبێت، لە جێگەیدا کرێکار گەشە دەکات." لە زۆریی ئەرکە دووبارەبووەکەیدا، گێل و گێژ دەبێت، هەموو هۆشیارییەکی مرۆیی لەنێو دەچێت، دەشێت تەنانەت هاووڵاتیبوونی خۆیشی لە بیر بچێتەوە: چی لە مرۆڤێک چاوەڕوان دەکرێ ٢٠ساڵی تەمەنی لە دروستکردنی سەری دەرزیدا بەسەر بردبێت؟ لێرە بەدواوە، هێزی ژیریی مرۆڤ، کە زۆر جار جیهانی جووڵاندووە، لەسەر چی پیادە دەکرێ (٣٩) ئەگەر لێکۆڵینەوەی لەسەر باشترین ئامراز نەبێت بۆ دروستکردنی سەری دەرزی!" سەرباری

ئەوەش، لەبەر ئەوەی کرێکاران لە لایەن خاوەنکارەکانەوە ملکەچ دەکرێن و دەچەوسێنەوە، ئەوا سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی تایبەتی دەرکەوتنی دوو چینی کۆمەڵایەتیی داخراو دەبینین. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، سەرباری یەکسانی لە مافدا، ئایا بە ڕاستی کرێکارێک دەیتوانی بیر لە ئیدارەدانی کارخانەیەک بکاتەوە؟ "سەرکار و کرێکار لە هیچ شتێکدا لەیەک ناچن، ڕۆژانە لە یەکتری جیاوازتر دەبن. وەک دوو ئەڵقە لە دوو سەری زنجیرێکی درێژەوە پێکەوە نووساون. هەر یەکێکیان شوێنێکی دروستکردنی گرتووە و هەرگیز لێی دەرناچێت. هەریەکەیان لە پاشکۆیەتییەکی بەردەوام و تەسک و زەروورییدایە بۆ ئەوی دی، وەک ئەوەی لەدایک بووبێت بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بکات، ئەوی دیش لەدایک بووە بۆ ئەوەی گوێڕایەڵیی بکرێ و بڕیار دەربکات. ئەمە چیی پێ دەوترێ ئەگەر ئۆرۆستۆکراسییەت نەبێت؟"

لە کاتێکدا کۆمەڵگە دیموکراتیزە دەکرێ، تەنها تاکە بوارێک بە ئاوارتەیی دەمێنێتەوە: پیشەسازی. یەکسانی لە هەلومەرجدا دەچێتە هەموو بوارێکەوە تەنها جیهانی پیشەسازی نەبێت: نایەکسانی تێیدا زۆر گەورەیە! "بەم شێوەیە، تا کۆی کۆمەڵگە لە دەوری دیموکراسی بخولێتەوە، ئۆرۆستۆکراسییەتی ئەو چینە باڵایە زیاد دەکات کە گرنگی بە پیشەسازی دەدا. وردەوردە وا بە دیار دەکەوێت هێندێک خەڵکی لە یەکێکیاندا لەیەک بچن و لە یەکێکی دییان جیاواز بن، نایەکسانی لە کۆمەڵگەی بچووکدا، بە ڕێژەی کەمبوونەوەی لە کۆمەڵگەی گەورەدا، گەورەتر دەبێت." تۆکڤیڵ لە بەردەم ئەو درمە کۆمەڵایەتییەی خۆی لە هەژاریی بەکۆمەڵدا دەنوێنێت، بە ناچاری دان بە هەبوونی "دڕندەیەک" لە سەرلەبەری واقیعی

کۆمەڵایەتیی دیموکراسیدا دەنێت کە لە توانایدایە مرۆڤ بۆ ڕابوردوو بگێڕێتەوە: ئۆرۆستۆکراسیی پیشەسازی. ئەمەی دوایی لە ئۆرۆستۆکراسیی فیودالیزم دژوارتر دەبێت، چونکە سەرکار، بە پێچەوانەی خانەدانەوە، گرنگی بە کاری کرێکارەکانی نادات کاتێک سوود و قازانجی بۆیان نابێت، بۆیە بارگرانییەکە دەخەنە سەر خێر و چاکەی خەڵکی.

لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، لەجیاتیی ئەوەی قسە لەسەر "هەژاریی بەکۆمەڵ" بکەین، پێمان باشە ئاماژە بە "پرسێکی نوێی کۆمەڵایەتی"[1] بدەین. فاکتەکان لەیەک دەچن: نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی (ئیدی چ لەسەر ئاستی (٤٠) داهات بێت یا لەسەر ئاستی میراتی)، سەرچاوەی دوورخستنەوەیە، گۆشەگیرکردنێکی ڕاستەقینەش کاتێک ڕوو دەدا کە سەرچاوەکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا "بۆ بەردەوامبوون" زۆر ناچیز بن. بەربەستەکان ڕوو لە زیادبوون دەکەن: گیروگرفت لە تەندروستی، لە نیشتەجێبوون... گرفتی تێکەڵبوونی پیشەیی. پێویستە بوترێ کە هەڵکشانی کارکردنی کاتی و بێکاریی درێژخایەن، ڕۆڵی ئاوێتەبوون لە بازاڕی کارکردندا لاواز دەکات. توێژێکی گەورەی دانیشتوان لە دۆخێکی "ناشایستەیی کۆمەڵایەتی"[2] یا "ناوابەستەیی کۆمەڵایەتی"[3]دا دەبێت. لە کۆتایی پرۆسێسی دوورخستنەوەدا، تاکەکان دەبنە خەڵکانی لاواز و

---

[1] پییر ڕۆسانڤالۆن، پرسی نوێی کۆمەڵایەتی.
Pierre Rosanvallon, La Nouvelle question sociale, Seuil 1995.

[2] سێرج پاوگام، ناشایستەیی کۆمەڵایەتی.
Serge Paugam, La disqualification sociale, Essai sur la nouvelle pauvrete, PUF, 1991.

[3] ڕۆبیرت کاستڵ، گۆڕانکارییەکانی پرسی کۆمەڵایەتی.
Robert Castel, Les Metamorphoses de la question sociale, Fauard, 1995.

شکستخواردوو، لەبەر ئەوەی زۆرێک وێنەی نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کەڵەکە دەکەن... بە دڵنیاییەوە پەراوێزخراوەکان هەمیشە وابەستەییان بۆ کۆمەڵگەی هاووڵاتیان هەیە، چونکە پارێزگاری لە مافە سیاسییەکانیان دەکەن، بەڵام دەتوانرێ چ مانایەک بە ئازادییان بدرێ؟ چۆن کۆمەڵگەیەکی دوانەیی دەتوانێ هاووڵاتیبوونێکی دوانەیی بەرهەم نەهێنێت؟

### ب ـ لە بەرکەماڵی دیموکراسییەوە بۆ "باجی هەڵبژاردنی پەنهان"

ئەو گرژییەی لە نێوان یەکسانیی مەدەنی و سیاسیی هاووڵاتیان و نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا هەیە، هەمیشە سەرچاوەی زۆرێک لە ڕەخنەکان بووە. جیاوازییەکانی نێوان یەکسانیی ڕاگەیەنراو و نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە ــ بە شێوەیەکی تایبەتی لە شۆڕشی پیشەسازیدا بەدی کرا ــ بە زۆری لە لایەن هەموانەوە، ئیدی چ لە لایەن بیریارە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بووبێت یا مارکسیستەکان یا لە لایەن ڕەوتە فیکرییەکانی دی، مایەی ناڕەزایەتی بووە. لەبەرچاوگرتنی ئەم شیکارییانە، یەکێک لە ڕەگەزە بزوێنەرەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەو نایەکسانییە پێک دەهێنێت. لە واقیعدا، لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی ئابووریی مەزن لە سایەی شکۆمەندیدا، کەمبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی جیاوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان بەدی کرد. بەڵام وا دیارە ئەمڕۆ شتێکی بەڵگەنەویستە کە (٤١) زۆرێک لە سیماکانی نایەکسانی

به هۆی ئاستی بەرزی گەشەسەندنەوە پەردەپۆش کراون و قسە لەسەر "سەردەمێکی نوێی نایەکسانی"[١] دەکرێ.

ئەو کاتە دەتوانین پرسیار لە سەقامگیریی بەهاکانی دیموکراسی بکەین، ئەگەر بارودۆخی هاووڵاتیان لە جیاوازییەکان (کۆمەڵایەتی، پیشەیی، کولتووری و ئایینی و هتد...) باشتر بێت، ئەوەش نایەکسانی ناسڕێتەوە. بە شێوەیەکی تایبەتی، ڕێگە نادرێ سنوورێک بۆ نایەکسانی لە بەشداریکردنی سیاسیدا دابنرێت. هاووڵاتی "کرێکار" لە گەلێک بواردا بە ئەفسانە دەمێنێتەوە! لە واقیعدا، ئەگەر کامڵبوونی دیموکراسی جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە دەسەڵاتی سەروەر لە گەلی سەروەرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوا دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە بەشداریکردنی سیاسیی هاووڵاتی زۆر هەمەڕەنگە. ڕەوایەتی دەنگدانی گشتیی زۆرینە، هەر وەکو بێرنارد مانان دەڵێت، ڕێگەمان پێ نادات لەوە تێبگەین کە سیستمە دیموکراسییەکانمان تێکەڵەیەکە لە سێ پێکهاتە:

- یەکسانیخوازی: پرەنسیپێکی دیموکراسییە بۆ یەکسانیی هەموان لە بەردەم بژاردەکانی کۆمەڵگە و ئیمکانیەتی بەدەستهێنانی نێوەندی گرنگ.

- پرەنسیپێکی پاشایەتییە: پراکتیزەکردنی دەسەڵات وا لێ دەکات بە تاکە ویستێکی دابەشنەبوو جێبەجێ بکرێ.

- دەستەبژێرگەرایی: پرەنسیپێکی ئۆرۆستۆکراسییە لە پێناسەی باشترین لێهاتوویی بۆ وەرگرتنی هێندێک پۆستی

---

[1] جان پۆڵ فیتۆسی و پییر ڕۆسانڤالۆن، سەردەمی نوێی نایەکسانی.
Jean – Paul Fitoussi et Pierre Rosanvallon, Le Nouvelle Age des inegalites, Seuil, 1996.

گرنگ خۆی پەنا داوە. پیناسەیەکە بە بۆنەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە، فۆرمی کێبەرکێ لە نێوان پاڵێوراوەکاندا بە خۆیەوە دەگرێت. پییر بۆردیۆ لە کتێبەکەی "جیاکردنەوە- La Distinction"[1]، بە شێوەیەکی زۆر باش ڕاڤەی دەکات، دەستەبژێر لەسەر دەسەلاتی کۆمەلایەتی ململانێ دەکەن، ئەوەش لە ڕێگەی جیاکردنەوەیان وەک تیم و بەردەستکردنی قۆرخکاریی پیادەکردن بۆ دەستپێکەران و پەیوەندی و لێهاتوویی کولتووریی پێویست بۆ سەرکەوتن لە بواری چالاکییەکی دیاریکراودا. کەواتە ئەو دەستەبژێرانەی "مەیدانی سیاسی" (٤٢) دروست دەکەن، لەو دەستبژێرانەی دی جیا دەبنەوە کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەیان کردووە، وەک دەستبژێری ئابووری یا کۆمەلایەتی، ئەویش بە قۆرخکردنی نوێنەرایەتیی سیمبولییانە لە بەرژەوەندیی گروپەکانی دی لە مەیدانی سیاسەت و لە ڕێگەی سەپاندنی ڕێزگرتنی فۆرمە سیاسییە تایبەتەکانی لێهاتوویی و ڕێکخستن.

پاشان، سەرباری ئەو یەکسانییەی لە دەقە یاساییەکاندا بەدی دەکرێ، هێشتا ئەو نایەکسانییە بە فیعلی بوونی هەیە کە ڕێگە بەتێگەیشتنی ئەو دژوارییانە دەدا کە ڕووبەڕووی ژیانی دیموکراسی دەبنەوە. زۆرێک نایەکسانیی جۆراوجۆر تێکەڵ بەو ژیانە سیاسییە دەبێت کە لە ڕووی تیۆرییەوە کراوە و دادپەروەرانەیە. لە واقیعدا، ئەو هاووڵاتییانەی لێوەشاوەیی کەسێتیی لاوازیان هەیە (سەرمایەیەکی کولتووری)، بە بەشدارینەکردن لە مشتومڕە گشتییەکاندا ئەم گرێی خۆبەکەمزانینە دەشارنەوە. شیکردنەوەی دەنگنەدان و

---

[1] پییر بۆردیۆ، جیاکردنەوە.
Pierre Bourdieu, La Distinction, Edition de Minuit, 1979.

شیکردنەوەی خۆتۆمارنەکردن لە لیستی هەڵبژاردن، لۆجیکی خوددوورخستنەوە و ئەو دوورخستنەوەیە ئاشکرا دەکات کە لە هەستی لێنەوەشاوەیی سیاسییەوە بەرهەم دێت. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ڕەئییە سیاسییە لە ڕێگەی دەنگدانەوە، پێویستە سەرەتا باوەڕ بە ڕێگەپێدانی بکەین...

**دەربارەی شیتەڵکاریی خۆبەدوورگرتن لە وەڵامدانەوە**

"لە حاڵەتی ئامارەکاندا (کە دەچێتە ژێر باری ئەو لۆجیکەی بە تەواوەتی لە لۆجیکی دەنگدان دەچێت)، زانیاریی پێویستمان لە بەردەستدایە تا شرۆڤەی ئەو فاکتەرانە بکەین کە ئەم گریمانەیە دیاری دەکات، ئەوەیش لە فۆرمی ڕێژەی دەنگنەدان و بەپێی گۆڕانکارییە جیاوازەکان، جێندەر، ئاستی زانستی، پیشە و گرفتی پێشکەشکراو. ئیدی تێبینی دەکەین ژنان لە پیاوان زیاتر دەنگ نادەن و بە مانای ئاسایی وشە تا پرسیارەکان سیاسیتر بن، جیاوازیی نێوان پیاوان و ژنان گەورەتر دەبێت، واتە پێویستی بە ڕووناکبیرییەکی تایبەت هەیە، وەک مێژووی بواری سیاسی (بۆ نموونە، ناسینی ناو و پیاوانی سیاسی لە ڕابوردوو و ئێستادا)، گرفتی تایبەت بە پیشەگەرەکان (وەک کێشەکانی دەستوور یا کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە، گەورەترین ڕێژەی وەڵامنەدانەوە لەو حاڵەتەدایە کە ئەم پرسیارە دەکرێ: ئایا پێت وایە (بۆ ژنان) پەیوەندی لە نێوان کێشەی ڤێتنام و کێشەی ئیسرائیلدا هەیە؟) لە بەرامبەریشدا، تەنگژەی ئاکارییش هەیە (وەک ئەم پرسیارە: ئایا دەبێ حەبی ڕێگرتن لە دووگیانی بدرێ بە کچانی تەمەن خوار ١٨ ساڵان...) (٤٣)، کە تێیدا جیاوازی لە نێوان ژنان و پیاواندا نامێنێت. گۆڕاوی دووەم دەلالەتێکی ئاستبەرزی هەیە، بریتییە

لەوەی ڕێژەی وەڵامنەدانەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئاستی زانستییەوە هەیە: تا زیاتر لە هەرەمی کۆمەڵایەتی بەرز بینەوە، ئەوەندەش ڕێژەی وەڵامنەدانەوە نزمتر دەبێتەوە، لەگەڵ مانەوەی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا. پەیوەندیی سێیەم، بەڵام بە شێوەیەکی هەندەکی پەیوەندیی پێشوو دووبارە دەکاتەوە: ڕێژەی دەنگنەدان پەیوەندییەکی پتەوی بە چینی کۆمەڵایەتییەوە هەیە (چونکە توێژی کۆمەڵایەتیی پیشەگەر زۆر گرنگ نییە)، هەروەها پەیوەندییەکی زۆری بە ناکۆکیی نێوان گوند و پاریسەوە هەیە. بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتی، ڕێژەی وەڵامنەدانەوە بەپێی پێگەی پلەوپایە جیاوازەکان دەگۆڕێت.

وا دەردەکەوێت بەو ئاڕاستەیەدا پاڵ بنرێت کە بڵێت کاتێک پرسیارەکە زیاتر سیاسی بێت، ئەگەری وەڵامنەدانەوە زۆرتر دەبێت، ئینجا لێهاتوویی سیاسییشیان کەمە."

پییر بۆردیۆ، "کولتوور و سیاسەت"

Pierre Bourdieu, "Culture et Politlque", in Question de sociologie, Editions de Minuit, 1984, p.238 – 239.

بەم شێوەیە، تێبینیی لەدایکبوونی ئەو جۆرە لە "باجی هەڵبژاردنی پەنهان" دەکەین کە لە حەقیقەتدا لە پشت پاڵێوراوێکی دیارە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی بە ڕووکەش ڕێز لە پرەنسیپی یەکسانی دەگرێت و ئەرکی پاراستنی دەسەڵاتی لە بەرژەوەندیی هێندێک لە چینەکانی کۆمەڵگە هەیە. کەواتە دەشێت یەکێک لە پێکهاتنەکانی ئایدیۆلۆجیا دامەزرێنەرەکانی سیستمە دیموکراسییەکان سەرکۆنە بکرێ: بەشداریکردنی هاووڵاتیانی "چالاک" لە دەستنیشانکردنی ئەو نوێنەرانەی لەسەر بژاردەیەکی عەقڵانی دامەزراون. کتێبی دانیاڵ گاکسی

(Daniel Gaxie)[1]مان هەیە و بووە بە کلاسیکیزمی زانستە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی جیاواز پیشانی دەدا کە چۆن نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی (کولتووری، نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، نێوان نەوەکان و هتد...) کە بناغەی فۆرمێکی تازەی نایەکسانییە و بە پلەیەکی نایاب سیاسییە، لە نێوان پیشەگەرە سیاسی و هاووڵاتییە ئاساییەکاندا دروست دەبێت. لە چوارچێوەی ئەم ناهاوتاییەدا، بەشێکی گەورەی گەل گرنگییەکی ناچیز یا هەرگیز گرنگی نادات بە سیاسەتی (٤٤) دامەزراوەیی و نەریتەکانی و زمانە تایبەتەکەی و گرفتە تەلیسماوییەکانی و خۆگۆشەگیرکردنی. پاشان، تا زیاتر لە جیهانی "دەستەبژێر" دوور بکەوینەوە، گرنگیدان بە سیاسەت کەمتر دەبێت. بۆیە سەرنجی نایەکسانییەکی زۆر بەهێز دەدەین لە پراکتیزەی بەشداریکردنی لە بابەت تێکۆشان و ئامادەبوون لە کۆبوونەوە سیاسییەکان... ڕێژەی ئەو هاووڵاتییانە زیاد دەکات کە چالاکیی سیاسیی ڕاگوزەریان هەیە، یا تەنانەت هیچ پابەندبوونێکی ڕێکخراویان لە دەرەوەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا نییە. بەڵام ژمارەی ئەو بایکۆتەی لەگەڵ هەر دەنگدانێکی تازەدا دووهێندە دەبێت، ڕێگە بە هەموارکردنەوەی ئەم شیکردنەوەیە نادات.

پاشان، ژمارەیەکی زۆری تاکەکان لە چالاکییە سیاسییەکان دوور دەکەونەوە، هەر وەکو لە ڕابوردوودا ئەو حاڵەتە لەگەڵ باجی مافی هەڵبژاردندا هەبوو. سەبارەت بە جەماوەریش، دڕدۆنگی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، هەر وەکو لە

---

[1] دانیاڵ گاکسی، باجی مافی هەڵبژاردنی پەنهان. نایەکسانیی کولتووری و جیاکاریی سیاسی.

Daniel Gaxie, Le Cens cache. Inegalites culturelles et segregation politique, Seuil, 1978.

سەرەتای دیموکراسیی هاوچەرخدا ئەو حاڵەتە بەدی دەکرێ، بەڵام سەرباری دامەزراندنی دەنگدانی گشتیی ڕاستەقینە لە ڕێگەی "باجی مافی هەڵبژاردنی پەنهان"ەوە، هێشتا چینە پۆپۆلیستەکان لە "ڕووبەری" سیاسی دوور دەکەونەوە. ئەوانەی خاوەنی دارایی زەوەندن، ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەن، ئەوانەی پەیوەندییان هەیە و لە مشتومڕە گشتییەکاندا قورساییان هەیە، خۆیان بۆ سیاسەت تەرخان دەکەن، چونکە دەتوانن هەستی کێبەرکێی سیاسی بە دەست بهێنن. ئەو کێبەرکێیەی لێوەشاوەیی تاکەکان دیاری دەکات بۆ ئەوەی جیاوازییەکان لە هەڵوێستی پیاوانی سیاسی و پاڵێوراوانی ڕەوتە جیاوازەکان دەرک پێ بکات. بەڵام وا دیارە خەڵکانی لێنەهاتوو زیاتر گوێڕایەڵ و ملکەچ دەبن، بەو مانایەی خاوەنی هەموو ڕێساکانی گەمەی سیاسی نین.

## ٣- بەردەوامیی نایەکسانی لە جێندەردا

دیموکراسی بە فیعلی لە تەرجەمەکردنی یەکسانی لە مافدا ڕووبەڕووی هێندێک کێشە دەبێتەوە. نموونەی مانەوەی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لەسەر هەرسێ ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، بە شێوەیەکی تایبەتی شتێکی باشە بۆ پێوانەکردنی ئەم دیاردەیە. لە واقیعدا گەشەسەندنی دیموکراسی بوو بە مایەی باشکردنی پێگەی یاسایی ژن (٤٥) لە کۆمەڵگەی فرەنسیدا، کە ئەگەرچی دواکەوت، بەڵام پێشکەوتوانە بوو، بە شێوەیەکی تایبەتییش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە. بەڵام تەنانەت گەر ئیمتیازاتی نێرینەش پاشەکشێی کردبێت، ئەوا حەقیقەت هەمیشە ڕیزبەندییەکی وشک و بێگیان ڕوون دەکاتەوە...

**خشتەی ١**

**پێگەی ژن لە فرەنسا لە ماوەی دوو سەدەدا**

| | ژیانی کۆمەڵایەتی | ژیانی خێزانی |
|---|---|---|
| ١٨٠٤ | | لێنەهاتوویی تەواوی ژنی بەشوو: "ژنی بەشوو پابەندە بەوەی گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت." |
| ١٨٩٢ | بە شەو ئیشکردن قەدەغە بوو: ڕۆژانە ١١ کاژێر، ڕۆژێک پشوو لە هەفتەیەکدا. | |
| ١٩٠٧ | | ژنی بەشوو دەیتوانی بە ئازادی ڕۆژانەکەی خەرج بکات. |
| ١٩٠٩ | پشووی دایکایەتی هەشت هەفتە بوو. | |
| ١٩٢٠ | ژنی بەشوو مافی هەیە بەبێ ڕەزامەندیی مێردەکەی کار لە سەندیکا بکات. | |
| ١٩٣٨ | | هەڵوەشانەوەی لێنەهاتوویی یاسایی ژن. لەباربردن بە تاوانی دژ بە ئاسایشی دەوڵەت دادەنرێت. هەر کەسێک کاری لەباربردن بکات، خۆی ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان دەکاتەوە. ژن لە بەڕێوەبردنی خێزاندا شەریکی پیاوە. |
| ١٩٤٤ | مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن. | |
| ١٩٤٥ | پرەنسیپێکی یاسایی | |

| | | |
|---|---|---|
| (٤٦) | "هەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان." | |
| ١٩٤٦ | بەپێی دەستوور "یاسا لە هەموو بوارەکاندا مافی یەکسان بە مافەکانی پیاو بۆ ژن بەردەست دەکات." | |
| ١٩٦٥ | | ژن مافی پیادەکردنی چالاکیی پیشەیی هەیە، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندیی پیاوەکەی وەربگرێت. |
| ١٩٦٧ | | ژن مافی هەیە نەهێڵێت دووگیان بێت. |
| ١٩٧٠ | | دەسەڵاتی خێزانیی هاوبەش جێگەی دەسەڵاتی باوک دەگرێتەوە. |
| ١٩٧٢ | | یاسایەک دەربارەی یەکسانی لە کرێی هەقدەست بۆ کاری یەکسان. |
| ١٩٧٥ | مافی لەباربردن. جیابوونەوە بە ڕەزامەندیی هەردوولا دەبێت | |
| ١٩٨٣ | یەکسانیی کارکردن لە نێوان ژن و پیاودا. | |
| ١٩٨٥ | | یەکسانیی نێوان هاوسەرەکان لە بەڕێوەبردنی موڵکی خێزان و پەروەردەی مناڵان. یاسا گێچەڵپێکردنی سێکسی سزا دەدا. |

کەواتە یاسادانان هەوڵ دەدا یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بەردەست بکات، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی سەرکەوتوو بێت لەوەی بە شێوەیەکی جەوهەری ئەو داب و نەریتانە بگۆڕێت کە لە پراکتیکدا بە قووڵی ڕەگیان داکوتاوە. بەڵام ناچار بوو لەسەر هاندانی بەردەوام، بە هۆی ئەو سەرپێچییانەی بۆ سەر پرەنسیپی "هەقدەستی یەکسان، بۆ کاری یەکسان" (١٩٤٥، پاشان ١٩٧٢ و ١٩٨٣) دووبارە دەبوونەوە. تا ئەمڕۆ یەکسانیی پیشەیی بوونی نییە: تەنانەت گەر هەوڵیش بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی لە کرێدا هەبێت، هێشتا جیاوازییەکە گەورەیە. تا ساڵی ١٩٩٨یش کرێی ژن بە نزیکەیی لە ١٩٪ لە کرێی پیاو کەمتر بوو.

(٤٧) کەواتە هێشتا نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە زۆر گەورەیە. لە واقیعدا، هێشتا دابەشکردنی ئەرک لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە ناو خێزاندا ماوە. سەرباری ئەو گۆڕانەی لەم بوارەدا ڕووی داوە، کەچی هێشتا گۆڕانەکە سنووردارە: لە ساڵی ١٩٩٨دا ژنان لە ٦٥٪ کاری ناوماڵیان ئەنجام دەدا! بە هەموو دڵنیاییەکەوە، پیاوان نزیکبوونەوەی نێوان ڕۆڵی خێزانەکان جلّەو دەکەن. بەدەر لەوەش، چالاکی و ڕەفتارەکان هەر لە منالّییەوە لە ڕێگەی پرۆسێسکی دروستبوونی کۆمەڵایەتیی جێندەرانەوە بە ڕێوە دەچێت. دواتر، ژنان بە شێوەیەکی بەردەوام لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی نەریتەکاندا دەژین، وەک پرۆسەیەک لە بەهایان کەم نەکاتەوە... بۆ زانیاری، ئەم دابەشکردنە تەقلیدییەی ڕۆڵەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر هەلومەرجی تێکەڵبوونی پیشەیی ژنان دەبێت. سەرباری داواکاری و گرەنتیی یاسایی، یەکسانی لە جیهانی کارکردندا دوورە لە

کردارەوە. نایەکسانی لە کار و نایەکسانییش لە بێکاریدا: وێستگەی تەمەن هەرچەندێک بێت، بێکاریی ژنان لە پیاوان زیاترە. لە پاڵ ئەوەشدا، لەبەر نەبوونی کاتی تەواو و کرێی تەواو، بەشێکی زۆری ژنان نیوەی کاتەکە کار دەکەن و نیوەی کرێش وەردەگرن، بڕیاری پێشکاتی دامەزراندن ویستی خاوەنکارە بۆ حیسابکردنی نەهاتنەسەرکار بە هۆی دووگیانیەوە... گەلێک هۆ هەیە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دەرئەنجامانەی تیشک دەخەنە سەر کەموکورتییەکانی دیموکراتیزەکردن.

بۆ گۆڕینی عەقڵەکان، بە تەنها یاساکان بەس نین! نوێنەرایەتیی ناچیزی ژن لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا نموونەیەکی دیبە. لە ساڵی ١٩٩٩ەوە داوا لە حیزبە سیاسییەکان دەکرێ یەکسانیی نێوان پاڵێوراوەکان لە هەڵبژاردنی یاساداناندا بەردەست بکات. زۆرینەیان پێیان باشە پێبژاردنی سەرپێچی بدەن لەجیاتیی ئەوەی ڕێز لەو پرەنسیپە بگرن. دەرئەنجامی ئەوەش، پشکی ژنانی پارلەمانتار لە بەرامبەر ١٠٪ی ساڵی ١٩٩٧، بۆ ١٢٪ بەرز بوویەوە. نوێنەرایەتیی ژن لە کۆمەڵەی نیشتمانی بەراورد بە دەستەی هەڵبژاردن زۆر لە قورسایی ڕاستەقینەی خۆی کەمترە. جارێکی دی، یەکسانیی تۆمارکراو لە یاسادا ناچێتە بواری کردارەوە!

## ئەنجامگیری (٤٨)

لە کۆتایی سیستمی کۆندا دیموکراسی پرەنسیپی یەکسانیی خستە بەردەم یاسا. جێبەجێکردنی زۆر زەحمەت و دژوار بوو! یەکسانیی ڕووکەش، نەک یەکسانیی ڕاستەقینە... ویستی قوتاربوون لە جیاوازییەکان لە بوارەکانی مەدەنی و سیاسی، پاشان دانانی پێوەرێک بۆ هەموان بگونجێت، لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بە پیر داواکاریی یەکسانییەوە نەچوون. لە واقیعدا، جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هێشتا هەر ماون. ئەوەی تێبینی دەکرێ، نایەکسانی، بەبێ ئەوەی فرەڕوخسار بێت، نایەکسانییەکی کەڵەکەبووە. ئاشکراکردنی جیابوونەوەی قووڵی نێوان پرەنسیپ و حەقیقەت بەبێ هیچ گومانێک بۆ لاوازیی دیموکراسی ناگەڕێتەوە!

# بەشی سێیەم

## ئایا دیموکراسی ڕێگە بە سازانی نێوان یەکسانی و ئازادی دەدا؟

**پێشەکی** (٥٠)

دیموکراسییەت بە تەنها جەخت لەسەر یەکسانی ناکاتەوە. ئازادی کۆڵەکەیەکی دیکەیەتی. ئەمەش بەهایەکی دییە کە تەوەری بایەخپێدانەکانی دەگرێتەوە، چونکە لە یەک کاتدا سەربەخۆیی، سەروەری و دەسەڵاتی خود لەسەر خود دەنوێنێت. ئایا ئەوەی هەر تاکێک ئازادە، واتای ڕێگەی پێ دەدرێ چیی پێ خۆشە بیکات؟ بە دڵنیاییەوە، دەشێت بە پێچەوانەی ناچارکردن یا سەرکوتکردن یا دوورخستنەوەوە، لە ئازادیی ڕەفتارکردن تێبگەین. بەڵام، تەنها دەوڵەت دەتوانێت گرەنتیی بکات، بە مەرجێک بتوانێت سنووری بۆ دابنێت! ئەو ئازادییە بە مانا سیاسییەکەی، کاتێک جڵەو دەکرێ و ڕادەگیرێت کە ئازادیی ئەوانی دی دەست پێ دەکات، هەر

یاساش دەیپارێزێت و سنووری بۆ دیاری دەکات. پاشان، لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی ئەخلاقی و سیاسی، ئازادی ئاماژە بە زەروورەتی ئەفراندنی هەلومەرجی بەدیهێنانی دەکات. ئیدی ئەو دەمە، بەدەر لە ئازادی، دەشێت قسە لەسەر "ئازادییەکان" بکرێ، لەبەر ئەوەی دیموکراسی لە یەک کاتدا، لە فەراهەمکردنی ئازادییە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، منەی بیرۆکەی مافی تاک دەکات، لەوەی بیکات، لەجیاتیی بیرۆکەی "بیکات یا نەیکات". جەختکردنەوە لەسەر ئەم مافە لە ئازادی، لە فۆرمی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی کە ساڵی ١٧٨٩ دەرچووە (بە شێوەیەکی تایبەتی، هەردوو مادەی ١ و ٤ بە دوو مادەی سەرەکی دادەنرێن)؛ بۆ نموونە، تا ئەو ئاستە گرەنتییەکی ڕاستەقینە بەردەست ناکات. هەروەها لێرەدا جیاکارییەک لە نێوان ئازادیی ڕووکەش و ئازادیی ڕاستەقینەدا دەبینین. لە بەرامبەریشدا، لەبەر ئەوەی ئازادی بەبێ شەرعییەت لە توانادا نییە، بۆیە "ئازادییە گشتییەکان" بە دیار کەوتن کە لەسەر ڕێسای یاسایی بونیات دەنرێن، واتە بوونی نییە ئەگەر یاسا نەیچەسپاندبێ. لە ڕووی مێژووییەوە، لە دژی ستەمگەری و زۆرداری دروست کراوە. وەک پرەنسیپەکانی دامەزراوەی دیموکراسی بە دیار کەوت... ئیدی سەرنجی ئەمانەی خوارەوە دەدەین:

- مافە حاشاهەڵنەگرەکانی تاک: ئاسایشی تاک، ئازادیی ڕەئی و بیروباوەڕ، ئازادیی هاتوچۆ، ئازادیی گردبوونەوە و ئازادیی پەرستن و خوێندن.

- مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان: مافی سەندیکا، مافی مانگرتن و مافی ئەمان لە ئیشدا، هتد...

(٥١) هەموومان دەزانین کە هاوولاتیبوون ڕێگە بۆ ماف و ئەرکەکان خۆش دەکات، ئەرکەکان بەرامبەر ئەوانی دی، وەک ڕێزگرتنی ئازادیی ئەوی دی بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک، ئەرکەکان بەرامبەر گروپ لە ڕێگەی ملکەچی بۆ یاساکان، هتد. بەلام ئەمە هەموو شتێک نییە! بە شێوەیەکی گشتی، بە وشەی "مەدەنییەت" ئاماژە بە واتای ئەرکەکانی پێکەوەیی لە نێو گروپدا دەدەین: لەم بارەیەوە، دەنگدان کە لە فەرەنسا ناچاری نییە، گوزارشتە لە مەدەنییەت (ئایا ناوترێ "ئەرکی هەڵبژاردن" کاتی ڕۆیشتنە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان؟) بەلام بەشداریی سیاسی، لەم ڕۆژگارەدا لە کەمییەکی بەردەوام دەدا! چۆن ئەم کارە ڕاڤە بکەین؟ ئایا هەستکردنە بەوەی ئازادی چیتر بابەتی ناکۆکی نییە. بۆ ئاگاداری، گەشتی مێژوویی -و لە هەمان کاتیشدا فیکری- کە ڕێگەیان بە تێگەیشتنی مەودای ئازادی داوە، زۆر دوورودرێژ بوو؟ ئەو قۆناغانە چین کە ڕێگەیان دا بە دیاریکردنی ئەو ئازادییانەی جەخت لەسەر دیموکراسیی هاوچەرخ دەکەنەوە؟ ئایا بە ئەگەری زیاتر پێشەوەچوونی یەکسانی بناغەی ئەو نائومێدییەی دیموکراسییە؟ تۆکڤیڵ لە دژواریی سازانی نێوان دوو کۆڵەکەی دیموکراسی، واتە یەکسانی و ئازادی، ئاگادارمان دەکاتەوە و پرسیارێکی جەوهەری دەکات: ئایا ویستی پێشەوەچوونی یەکسانی بە سروشتی خۆی ئازادیی ڕووبەڕووی مەترسی کردووەتەوە؟ لەم حاڵەتەدا، بە چ شێوازێک؟ لەم چیوەیەدا، چ ڕێگەیەک هەیە بۆ سووککردنی لێکەوتەکانی گرژیی نێوان یەکسانی و ئازادی، پاشان، کۆکردنەوەی هەموو ڕێگەکان بۆ پاراستنی دیموکراسی؟

**له ئازادیی کۆنەوە بەرەو ئازادیی هاوچەرخ؟**

دیدی کۆنسێپچوەڵ بۆ ئازادی فرە و هەمەڕەنگە. ئەگەر هەموان دان بە بەرزیی بەهای ئازادیدا بنێن، لەبەر ئەوەیە فەلسەفەی سیاسی بۆ دیاریکردنی چێوەی ئەم چەمکە، کاتی تەواوی خۆی وەرگرتووە. لە سەرەتادا، ئەفلاتون، یەکەم کەس لە "کۆمار"دا (٣٨٥ – ٣٧٠ پ. ز) Republique (٥٢) باسی لەوە کردووە کە ئازادیی سیاسی ئامانجی دیموکراسییە. سەبارەت بە ئەویش، ئەمە دەبێتە مایەی پێوارێکی نیمچەتەواوی چاودێری لەسەر چالاکیی تاکەکان یا تەواوی گەل، پاشان دژوارییش سەرهەڵدەدا، کاتێک ئەم کارە دەبێتە مایەی باڵادەستیی ئەو ئاژاوەگێڕانەی هەر زووبەزوو دەبن بە زۆردار و هێزی ڕەها و ستەم بەسەر ڕەعییەتەکانی خۆیاندا پیادە دەکەن. دواتر هۆبز لە کتێبی لیڤیاتان (ئەژدیها-Leviathan) لە ساڵی (١٦٥٠)دا دیدێکی دی پێشکەش دەکات: پێویستە لەسەر تاکەکان دەستبەرداری ئازادیی دۆخی سروشتی ببن. لە واقیعدا، مادامەکی ئەم ئازادییە لە بیرۆکەی کردنی ئەوەی دەمانەوێت، خۆی پەنا داوە، بە کوشتن یا بریندارکردنی ئەوانی دییشەوە، ئەوا پراکتیزەکردنی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ ئەوانی دیی لێدەکەوێتەوە. ئیدی هۆبز پێشنیازی جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو وێنایە بۆ ئازادی دەکات: یەکەم کە خۆی ڕەتی دەکاتەوە، ئەو بیرۆکە کۆنەیە کە دەڵێت ئازادی مەسەلەیەکی خودئیدارەیی سیاسییە، تەنها بۆ کۆماری گەلی بەدی دێت کە بیەوێت ئازاد بێت. بەڵام دووەم، پێی باشە جەختی لەسەر بکرێتەوە، هەر ئەوەندەی حکومەت دامەزرێت، بە دڵنیاییەوە ڕێگە دەدات ئازادی ببێتە مەسەلەی "بێدەنگیی یاساکان" و لە "ئاوارتەیی خزمەتی گروپ"دا مت دەبێت، ئیدی

جۆری حکومەتەکە پاشایەتی یا ئۆرۆستۆکراسی یا دیموکراسی بێت. تا وازمان لێ بهێنرێت، ئازادیمان زیاتر دەبێت!

ئەم هەڵویستە لە بەشێکیدا کاری کۆستان (Constant) دەخاتە ڕوو کە جیاوازی لە نێوان "ئازادیی دێرینەکان" و "ئازادیی مۆدێرنەکان"دا دەکات. لە شارەکانی یۆنان و کۆماری ڕۆمانیدا، "ئازادیی دێرینەکان" لە ڕێگەی بەشداریکردنی سیاسییەوە بەدی دەهات، بە مانای قوربانیدان بە ئازادیی تاک لە بەرژەوەندیی ئازادیی سیاسیدا. "ناتوانین چێژ لە ئازادییە دێرینەکان وەربگرین کە لە بەشداریکردنی ڕاستەقینە و جێگیر لە دەسەڵاتی کۆمەڵدا پێک دەهات. پێویستە ئازادیی ئێمە لە چێژی سەربەخۆیی ئارامی تایبەت"[1] پێک بێت. "ئازادیی مۆدێرنەکان" بە هۆی (٥٣) حکومەتی نوێنەرایەتیکردنەوە بەدی دێت، ئەوەش ڕەنگە بەهایەک بەو ئازادییە تاکەکەسییە ببەخشێت، لەگەڵ بەردەستکردنی ئارامیی چێژی تایبەت. ڕێکارەکانی یاسادانان بۆ پاراستنی مافەکانی تاک و یەکسانیی ئەو مافانەیە. بەڵام لە هەوڵی بەردەوامی پشت بەرژەوەندیی تایبەتیدا، مەترسیی بیرچوونەوەی "مافی بەشداریکردنمان لە دەسەڵاتی سیاسی" گەورەتر دەبێت. لێرەدا کۆستان لە فیکریدا پێش فیکری تۆکڤیڵ دەکەوێت... ئەویش، چەشنی تۆکڤیڵ، مەبەستی گەیشتنە بە پتەوکردنی دیموکراسی بەبێ کۆیلایەتی، چونکە "ستەمگەریی گەل" هەمیشە بە سەرکوتکردنی زۆرینە بۆ کەمینە تەرجەمە دەکرێ. هەمیشە "ویستی گشتی" لە دژی

---

[1] بینجامین کۆستان، ئازادیی دێرینەکان بەراورد بە ئازادیی مۆدێرنەکان (١٨١٩).
Benjamin Constant, De la liberte des ancient compare a celles des moderns (1813), in De la liberte chez les moderns, edition de Macel Gauchet, Pluriel, 1980, p. 501.

ئازادییەکانی تاکەکەس ئاوەژوو دەبێتەوە، هەر وەکو قۆناغی تیرۆر لە ماوەی شۆڕشی فرەنسیدا ڕوونی دەکاتەوە. کەواتە بە مەبەستی پاراستنی دیموکراسییەت، پێویستە هەردوو فۆرمەکەی ئازادی ئاوێتە بکرێن.

بەڵام شێوازی چارەسەرکردنی فیکر بۆ ئازادی تا ئێستا کامڵ نەبووە. لە نێو "ئازادیی مۆدێرنەکان"دا، هێشتا ئەگەری دروستکردنی ناکۆکی هەیە. لە واقیعدا، ئایزایا بەرلین ( Isaiah Berlin) لە کتێبی دوو چەمکی ئازادی ( Deux concept de liberte - 1958)دا باس لەوە دەکات "ئازادیی نێگەتیڤ" زۆر نزیکە لەو وێنایەی کە هۆبز تەبەنیی کردووە، لە پێواری ناچارکردندا خۆی لە پراکتیزەی کردارە تایبەتەکاندا حەشار داوە. "ڕووبەری دەستێوەرنەدان" گریمانەیەکی بەردەستی تاکە تا بەبێ تەگەرە یا جارِسکردن لە لایەن ئەوانی دییەوە جموجووڵ بکات. بەڵام "ئازادیی پۆزەتیڤ" دەتوانرێ وەک ئیمکانییەتی تاک بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکەی و هەنگاونان تا ئەوپەڕی ئارەزووەکانی پێناسە بکرێ. دەیەوێت خۆی سەرداری خۆی بێت، پاشکۆی هیچ کەسێک نەبێت. بەرلین پێی وایە ئەم فۆرمە لە ئازادی گۆڕانێکە بەرەو ستەمگەری، کاتێک "تاکی عەقڵانی" لەگەڵ "تاکی ئەزموونی" ناکۆک و ناتەبا دەبێت و کاتێک پێوەرەکانی ئازادی بە ناوی عەقڵانییەتی "منی ڕاستەقینە" دەسەپێنرێت، ئەوەیش لە ڕێگەی یاسا –کە دوای ئەوەی ڕێگەی بە هەر تاکێک دا بگات بە ئامانجەکانی بەبێ ئەوەی بەرهەڵستیی ئازادیی ئەوی دی بکات، بوو بە ئامرازێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی– و دەستێوەردانی دەوڵەتەوە – خودی دەوڵەتی سیاسی!

## ٢– گرژیی نێوان یەکسانی و ئازادی (٥٤)

ویلایەتە یەکگرتووەکان و دانیشتوانەکەی بەختەوەرن، نەک لەبەر ئەوەی "یەکسان نەبوون، بەڵکو بە یەکسانی لەدایک بوون." [ویلایەتە یەکگرتووەکان] بوارێکی توێژینەوەی زۆر گونجاوی پێشکەش بە تۆکڤیڵ کرد. بە نوێنەرایەتیکردن لە دیموکراسی لێی گەڕایەوە کە بە یەکسانی لە هەلومەرجدا پێناسەی دەکرد، بەوەی "کارێکی بەرهەمهێن، کارێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە." پێشکەوتنی ئەم دیاردە یەکسانییە وا دیارە، سەبارەت بە ئەو، کارێکی حەتمی بێت. ئایا ئەمە لەگەڵ ڕێزگرتنی ئازادیدا دێتەوە؟ سەرلەبەری کتێبەکەی "دەربارەی دیموکراسی لە ئەمەریکا" وەک شیکارییەکی دیالێکتیکی یەکسانی/ ئازادی دەرک دەکرێ. کارەکە پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی تازە بۆ ئەو گرژییە باوەی لە نێوان ئەو دوو بەهایەدا هەیە بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ ئەو مەترسییانەی لە بۆسەدان بۆ دیموکراسی. لە واقیعدا، تازەترین ناکۆکی کە تۆکڤیڵ ڕای گەیاندووە، ئەوەیە کۆمەڵگە دیموکراسییەکان دەتوانن سیستمێکی نادیموکراسی، فۆرمێکی دی لە ستەمگەری بهێننە ئاراوە...

### أ– هەڵکشانی چینی مامناوەند

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن بیرۆکەی "کۆمەڵگەی دیموکراسی"، لەسەر هەموو ئاستەکان ڕێبەرایەتیی یەکسانی دەکات. بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە مانای لەم "بارودۆخە کۆمەڵایەتییەدا" چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ئارادا نامێنن، مادامەکی "هەموو تاکەکان بە نزیکەیی لە هەموو شتێکدا یەکسانن." پاشان حەزێک بۆ یەکانگیریی شێوازەکانی ژیان و ئاستەکانی باڵادەست دەبێت. لە واقیعدا، "لەجیاتیی ئەوەی هەژاران زۆرینەی نەتەوە پێک بهێنن، هەر وەکو حاڵەتی هەمیشەی کۆمەڵگە ئۆرۆستۆکراسییەکان،

کەچی کەمینەن و یاسا بە ڕایەڵەی هەژاریی درێژخایەن و بۆماوە، بە یەکتریان نابەستێتەوە. بەڵام زەنگینەکان پەرتەوازە و لاواز بوون (...). تەنانەت توخمی هەژاران و زەنگینەکانیش فەوتان (...). لە نێو ئەم دوو لایەنەی کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ژمارەیەکی مەزن لە خەڵکی دەبینین لە یەکتری دەچن (...)." کەواتە، دیموکراسی ڕێگە دەدا چینێکی مامناوەندی بەرفراوان سەرهەڵبدات، ڕەفتاریان بەرەو هەڵسەنگاندنی کار و گەڕانی لەڕادەبەدەر بەدوای سامانی مادیدا ئاڕاستە دەگریَ: "پەرۆشی بۆ خۆشگوزەرانی، بە شێوەیەکی سەرەکی پەرۆشیی چینی مامناوەندە."

## ب– نائومێدیی ڕێژەیی

تاکەکانی سەردەمی دیموکراسی جیاوازن: تا پەرۆشی بۆ خۆشگوزەرانی زیاتر بێت، بێزاری و وەڕسبوونیش زاڵ دەبێت. لە میانەی خۆشگوزەرانیی مادییاندا، هەست بە بەختەوەری و شادمانی ناکەن، چونکە "بەردەوام بیر لە نوقسانییەکانیان دەکەنەوە." لەبەر ئەوەی یەکسانی هەرگیز بە تەواوەتی بەدی نایەت، بۆیە تاکەکان هەرگیز هەست بە بەسبوون ناکەن: بەڵکو هەست بە نائومێدییەکی مەزن دەکەن. ئەگەر ئەوی دی یەکسان بێت، ئەوا هەر زۆر بە خێرایی دەبێتە پێشبڕکێکار، چونکە "باشیی دیموکراسیی ڕاستەقینە بەردەستکردنی گەشەسەندن بۆ هەموان نییە، بەڵکو ئەوەیە تا دەکریَ، لە خزمەتی خۆشگوزەرانیی زۆرترین کەسدا بێت." لە چوارچێوەی دیموکراسیدا، خەڵکی هەست بە یەکسانی و وێکچوون دەکەن، پاشماوەی نایەکسانییش دەبێتە بارگرانییەکی قورس و ماندووکەر: "کاتێک نایەکسانی دەبێتە یاسای هاوبەشی کۆمەڵگەیەک، گەورەترین نایەکسانی سەرنج ڕاناکێشێت، کاتێک هەموو شتێک بە نزیکەیی لەو ئاستەدا

دەبێت، بچووکترین شتیش برینداركەر دەبێت. بۆیە تاکو یەکسانی گەورەتر بێت، ئارەزووی یەکسانی تێربوونی نییە. "پاشان، یەکسانی نایەکسانی ئاشکرا دەکات، لەبەر ئەوەی ئەستەمە ئاستی خۆشگوزەرانیی پێویست بە دەست بهێنرێ." "دەتوانین وێنای ئەو کەسانە بکەین کە گەیشتوونەتە ئاستێک لە ئازادی کە بە تەواوەتی ڕازییان بکات. ئیدی بەبێ دڵەڕاوکێ چێژ لە سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن. بەڵام مرۆڤ هەرگیز یەکسانییەک دانامەزرێنێت تینوێتیی بشکێنێت." ئەم یەکسانییە بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەم داینامیکییەتە دادەمەزرێت: "لە کن گەلانی دیموکراسی، تاکەکان بە سانایی بڕێک لە ئازادییان چنگ دەکەوێت، بەڵام نازانن چۆن بەو ئازادییە بگەن کە دەخوازن پێی بگەن. ئەمەی دوایی ڕۆژانە لە بەردەمیاندا پاشەکشێ دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی لە پێشچاویان ون ببێت، لە پاشەکشەیدا حەز دەکەن پێی بگەن، لەو باوەڕەدان ڕۆژێک هەر پێی دەگەن، بەڵام هەمیشە بەر لەوەی باوەشی پێدا بکەن، لە چنگیان دەردەچێت. لە نزیکەوە وەک پێویست دەیبینن بۆ ئەوەی باشییەکانی تێبگەن، وەک پێویستیش لێی نزیک نابنەوە بۆ ئەوەی چێژی لێ وەربگرن، دەمرن پێش ئەوەی لەزەت لە خۆشییەکانی وەربگرن." دیموکراسی (٥٦) میکانیزمێکی خودپاراستن ئاشکرا دەکات: تا یەکسانی گەشە بکات، کەمترین نایەکسانی قبوڵ ناکرێ و دەبێ بنبڕ بکرێ، ئەوەش پێشکەوتنێکی بەردەوامی یەکسانی بەردەست دەکات. ئەوەش ڕێکخستنی کێبەرکێیەکی ڕاستەقینەیە بۆ خۆشگوزەرانیی مادی کە چینی مامناوەندی پێشەوایەتیی دەکات... ئایا هەموو پرۆسەکان لەسەر حیسابی ئازادی بە ڕێوە دەچن؟ ئایا پەرۆشیی مرۆڤی دیموکراسی بۆ یەکسانی جێگەی خۆشەویستی بۆ ئازادی دەگرێتەوە؟

## یەکسانی لە بەرامبەر ئازادیدا...

"یەکەم بووژاندنەوەی پەرۆشی کە یەکسانی لە هەلومەرجدا بەرهەمی دەهێنێت و پێویست ناکات بیری بهێنمەوە، بریتییە لە خۆشەویستیی خودی ئەو یەکسانییە (...). پێم وایە هەموو هاوولاتیان هەوڵ بۆ حوکمڕانی دەدەن، مافی یەکسانییش لە هەوڵی هەر یەکێکیاندا هەیە. کەواتە هیچ یەکێکیان لە هاودەمەکەی جیاواز نابێت، هیچ کامیان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتێکی ناڕەوای نییە، هەموان ئازاد دەبن، چونکە هەموان وەک یەکن و هەموویان وەک یەک دەبن، لەبەر ئەوەی هەموان ئازادن. گەلانی دیموکراسی بەرەو ئەو کاملبوونە دەڕۆن. ئەمەش نموونەییترین فۆرمە کە دەکرێ یەکسانی لە سەر زەوی وەری بگرێ. بە هەزاران فۆرمی دی هەیە و ڕەنگە ئەو فۆرمانە هەمان بەرکەماڵیی فۆرمی یەکەمیان نەبێت، بەڵام پێگەیان لە دڵی ئەو گەلانەدا کەمتر نەبێ. دەشێت یەکسانی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا باڵادەست بێت بەبێ ئەوەی هەرگیز لە جیهانی سیاسیدا باڵادەست بێت. مافی خۆمانە خۆمان ڕادەستی هەمان حەز و ئارەزوو بکەین، تێکەڵ بە هەمان پیشە بین، لە هەمان شوێندا بەیەک بگەین، بە وشەیەک، گوزەراندنی ژیان بە هەمان شێواز و هەوڵدان بە هەمان ئامراز بۆ گەیشتن بە سامان، بەبێ ئەوەی هەموومان هەمان پشک لە حکومەت وەربگرین. دەشێت جۆرێک لە یەکسانی لە جیهانی سیاسیدا سەرهەڵبدات ئەگەر ئازادی لە جیهاندا شوێنێک بۆ خۆی نەدۆزێتەوە. ئێمە لەگەڵ هەموو هاوشێوەکانماندا یەکسانین تەنها یەکێک نەبێت کە بەبێ هیچ جیاکارییەک، سەرداری هەموانە. لە نێو هەموو نوێنەرەکانی دەسەڵاتەوە هەڵدەبژێررێت. کارێکی ئاسانە پێشنیازی گریمانەی

دی بکرێ کە لە ڕێگەوە بوار بۆ ژمارەیەکی مەزن خۆش بکات بە سانایی لەگەڵ دامەزراوە تا ڕادەیەک ئازادەکان یا تەنانەت لەگەڵ دامەزراوە نائازادەکانیشدا ئاوێتە بن. سەرباری ئەوەی تاکەکان ناتوانن یەکسان بن بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ئازاد بن، پاشان، یەکسانی بەوپەڕی ئاستیەوە لەگەڵ ئازادیدا تێکەڵ دەبێت، بۆیە بۆمان هەیە لە یەکتریان جیا بکەینەوە. تامی ئەو ئازادییەی مرۆڤ هەستی پێ دەکات و هەستی بەرامبەر یەکسانی (٥٧)، لە واقیعدا هەردووکیان دوو شتی جیاوازن، لەوەش ناترسم کە بڵێم هەردووکیان لە کن گەلانی دیموکراسی دوو شتی ناهاوتا و ناچونیەکن. ئەگەر بە وردی بنوارین، دەبینین لە هەموو سەردەمێکدا ڕووداوێکی بێوینە و باڵادەست ڕوو دەدا و پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی دیەوە هەیە، زۆر جار ئەو ڕووداوە بیرۆکەیەکی سەرەکی بەرهەم دەهێنێت، ئەویش دایکی بیرۆکەکان یا پەرۆشییەکی سەرەکییە و بەوە کۆتایی دێت هەموو هەست و بیرۆکەکانی دی بە ئاراستەی خۆیدا کێش بکات. هەر وەکو حاڵەتی ئەو ڕووبارەی هەموو جۆگەلەکانی دەوروبەری دەڕژێنە ناویەوە. ئازادی لە سەردەمە جیاوازەکان و لە فۆرمە جیاوازەکاندا، لە لای کەسەکان دەرکەوتوون، هەرگیز بە شێوەیەکی تایبەتی بە واقیعێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە پەیوەست نەبووە و لە دەرەوەی دیموکراسییەکانیشەوە بەدیی دەکەین. کەواتە شەقڵێکی جیاکەرەوە نییە سەردەمەکانی دیموکراسی جیا بکاتەوە. یەکسانی لە هەلومەرجدا ئەو سەردەمانە جیا دەکاتەوە و بێهاوتایان دەکات. خۆشەویستی بۆ یەکسانی ئەو پەرۆشییە سەرەکییەیە کە لەو سەردەمانەدا مرۆڤ دەجووڵێنێت. هەرگیز پرسیار لەسەر بێوینەیی ئەو جادووە مەکەن کە تاکەکانی سەردەمی دیموکراسی لە ژیانی یەکسانیدا بەدیی دەکەن، هەروەها لەسەر ئەو هۆیە تایبەتانەش کە وایان لێ دەکات بە یەکسانییەوە بلکێن، لەجیاتیی دەستگرتن بەو چاکانەی

دی کە کۆمەڵگە بۆیان دابین دەکات: یەکسانی شەقڵی جیاکاریی ئەو سەردەمە پێک دەهێنێت کە تێیدا دەژین، ئەوەش بەسە بۆ شرۆڤەکردنی هۆی پەسەندکردنی بەسەر هەر شتێکی دیدا. بەڵام جگە لەم هۆیەش، لە هەر زەمەنێکدا، هۆگەلێکی دی هەن کە بە گشتی تاکەکان وا لێ دەکەن ئازادی بەسەر یەکسانیدا پەسەند بکەن. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان میللەتێک توانیی ئەو یەکسانییە لەنێو بەرێت کە لە ناخیدا زاڵە یا لە بایەخ و پێگەی کەم دەکاتەوە، تەنها لە دوای هەوڵێکی مەزن و تاقەتپڕووکێن سەرکەوتوو دەبێت. سەرەتا پێویستە لەسەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت، یاساکانی هەڵبوەشێنێتەوە و بیرۆکەکانی تازە بکاتەوە و نەریت و پراکتیکەکانی بگۆڕێت. وا دیارە بۆ لەدەستدانی ئازادیی سیاسی، هەر ئەوەندەی پێوەی پابەند نەبین و دەستی پێوە نەگرین، خۆبەخۆ دەڕوات و لە دەست دەردەچێت. کەواتە تاکەکان پابەند نابن بە یەکسانییەوە تەنها لەبەر ئەوەی لە دڵیاندا خۆشەویستە، بەڵکو پێوەی پابەندن چونکە پێیان وایە دەبێ بۆ هەتاهەتایە بەردەوام بێت. ئەگەر ئازادی بتوانێت بە زێدەڕەوییەکانی هەڕەشە لە دڵنیایی و میرات و ژیانی تاکەکان بکات، ئەوا تەنها ئەو کەسانەی کورتبین و دەبەنگن، پەی بە ئاشکراکردنی ئەم کارە نابەن. بە پێچەوانەوە، خەڵکانی دووربین و هۆشیار بەو مەترسییانەش هەن کە یەکسانی بە هۆیانەوە هەڕەشەمان لێ دەکات (٥٨) و بە گشتی ڕەتی دەکەنەوە ئاماژەی پێ بدەن. ئەوان دڵنیان کە ئەو تراجیدیایانەی لێی دەترسن، زۆر دوورە و شانازی دەکەن بەوەی تەنها باڵ بەسەر نەوەکانی داهاتوودا دەکێشێت، پێویست ناکات نەوەی هەنووکە لە بەرامبەریدا دوودڵ بێت. ئەو ئێشوئازارانەی هێندێک کەڕەت ئازادی هۆکاریانە، شتێکی ڕاگوزەرن و هەموان دەیانبینن و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەموان هەستیان پێ دەکەن. ئەو ئێشوئازارانەی یەکسانیی زۆر هۆکاریانە، هێدی هێدی

دەردەکەون، بە شێنەیی دزە بۆ ناو جەستەی کۆمەڵایەتی دەکەن و تەنهـــا لە دوورەوە دەیـــانبینین، لەو ســـاتەوەختەی بەوپەڕی تونـدوتیژییەوە دەردەکەون، بە گـشتی تێـپەڕ بـوون بـێ ئەوەی هەستمان پێ کردبن. ئەو قازانجانەی ئازادی بەردەستیان دەکات، تەنها لە دوورمەودادا بە دیار دەکەون و هەمیشە بە ئاسانی ئەو هۆیـانە پـشتگوێ دەخەیـن کە هۆکـاری سـەرهەڵدانەکەیان بـوون. باشییەکانی ئازادی لە ساتی خۆیدا هەست پێ دەکەین و ڕۆژانە دەیـانبینین لە سـەرچاوەکەیانەوە هەڵـدەقوڵێن. ئـازادیی سیاسـی جارناجارێـک چێـژی نایـاب و نـاوازە بە ژمـارەیەک هـاووڵاتی دەبەخشێت. یەکسانی ڕۆژانە چێژی بچووک بچووک بە زۆرێک خەڵکـی دەبەخـشێت. جـادووی یەکـسانی لە هەمـوو کاتێکـدا تـاک هەستی پێ دەکات، لە بەردەستی هەموو کەسێکدایە، دڵە پاقژەکان هەستی پێ دەکەن و ساکارترین دەروون چێژی لێ وەردەگرێت. ئەو شــەیداییەی یەکـسانی بەرهەمـی دەهێنێـت، پێویـستە لە یەک کاتدا پڕژیـان و گشتی بێت (...). ئەوەی پێشوو باسـی لێوە کرا، بەسەر هەمـوو نەتەوە دیموکراسییەکاندا جێبەجێ دەبێت. ئەوەی دواتــر دێــت، بە تەنهــا مەبەســتی ئـێمەیە. لای هەمـــوو نەتەوە هاوچەرخەکــان و بە شـێوەیەکی تـایبەتی لای هەمـــوو گەلانــی کیـشوەری ئەورووپـا، چێـژی ئـازادی و بیـرۆکەکەی تەنهـا لەو کـــاتەدا بە دیـــار کەوتـــن و گەشـــەیان کـــرد کە یەکـــسانی لە هەلومەرجدا وەک دەرئەنجامێکی خودی ئەو یەکسانییە بە دیـار کەوت. پادشـــا دەســـەڵات ڕەهاکـــان یەکەم کەس بـــوون کاریـــان لەســـەر پاکتـــاوکردنی هەمـــوو ڕیزبەنـــدیی نێـــوان ڕەعیەتەکانیـــان کـــردووە. یەکـــسانی لە لای ئەو گەلانە پـــێش ئـــازادی کەوتـــووە. کەواتە یەکسانی مەسەلەیەکی کۆنە. کاتێک ئازادی شتێکی تازە بـوو، یەکێکیـان بیـروڕا و نەریـت و یاسـاکانی تـایبەت بە خـۆی ئەفراندووە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوی دی بۆ یەکەم جار و بە ئاشکرا، خـۆی خـۆی بەرهەم دەهێنـا. پاشـان کاتێـک دووەمیـان هێـشتا لە

بیرۆکە و حەزەکاندا بوو، یەکەمیان نەریتەکانی سمیبوو، دەستی بەسەر پراکتیکەکاندا گرتبوو و ئاڕاستەیەکی تایبەتی دابوو بە بچووکترین جووڵە لە ژیاندا. ئیدی سەرسامی بۆچی، کاتێک لەمرۆدا خەڵکی دەبینین یەکێکیان بەسەر ئەوی دیدا پەسەند دەکات؟ پێم وایە گەلانی دیموکراسی بە شێوەیەکی خۆڕسک هەست بە ئازادی دەکەن (٥٩) و کاتێک ئەوان خۆیان ڕادەستی خودی خۆیان دەکەن، بەدوایدا دەگەڕێن، خۆشیان دەوێت و کاتێک لێی دوور دەکەونەوە، ئازار دەچێژن. بەڵام بەرامبەر یەکسانیدا هەست بە شەیداییەکی توند دەکەین، هەستێکی بێهاوتایە و تێر نابێت و نابەزێت و دانابڕێت. یەکسانییان لە ئازادیدا دەوێت، ئەگەر بە دەستی نەهێنن، تەنانەت لە کویلایەتییشدا داوای دەکەن. بە دەست هەژاری و بەندایەتی و بەربەریەتەوە دەناڵێنن، بەڵام بە دەست ئۆرۆستۆکراسییەوە ناناڵێنن. ئەمەش بۆ هەموو کات و زەمانێک ڕاستە، بە تایبەتی بۆ زەمەنی ئێمە. هەر تاک و دەسەڵاتێکیش ویستبێتی بەرەنگاری ئەم هێزە نەشکێنەرە ببێتەوە، شکستی هێناوە و وێران بووە. ئەمڕۆ، ئازادی بەبێ پاڵپشتیی ئەو بەدی نایەت، تەنانەت دیسپۆتیزمیش بەبێ ئەو باڵادەست نابێت."

ئەلێکس دو تۆکڤیل، "بۆچی گەلانی دیموکراسی خۆشەویستییەکی بەهێزتر و بەردەوامتر بەرامبەر یەکسانی تا ئازادی پیشان دەدەن."

Alexis de Tocqueville, "Pourquoi les peoples democratiques montrent un amour plus ardent et plus durable pour l'egalite que pour la liberte", in De la democrati en Amerique (1840), Gallimard, tome 1, 1961.

## ج– تاکگەرایی و تەکینەوە لە مەدەنییەت

پێویستە لە دیموکراسیدا چارەنووسی کۆمەڵایەتیی هەر تاکێک فراوانتر بکرێ. مادامەکی کارەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوا هاووڵاتی بەرخوازییە بچووکەکانی بە سەرکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانیی رۆژانە دەقۆزێتەوە و ئەوەش بۆ گۆشەگیری وەردەگێڕرێت یا ئەوەی تۆکڤیڵ ناوی "تاکگەرایی" لێ دەنێت. "تاکگەرایی هەستێکی شێنەیی و ئارامە، هاووڵاتی لە گروپەکەی دوور دەخاتەوە و گۆشەگیری دەکات و لە خێزان و هاوڕێیەکانی دای دەبڕێت، دوای ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بچووک دادەمەزرێنێت و بۆ خۆی ئامادەی دەکات، خۆبەخشانە کۆمەڵگە گەورەکە بەجێ دەهێڵێت (...). تاکگەرایی لە ئەسڵێکی دیموکراسییە و تا هەلومەرج یەکسان بێت، هەڕەشەی بڵاوبوونەوە دەکات." تاکەکان لەسەر حیسابی شیرازەی کۆمەڵایەتی زیاتر ئازاد و سەربەخۆ دەبن. لەبەر ئەوەی "دیموکراسی هەموو زنجیرەکان دەپچڕێنێت و هەموو ئەڵقەکان بە جیا دادەنێت"، تاکەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن بەرگری لە خۆشگوزەرانییە مادییەکانیان بکەن. لە گۆشەگیرییاندا ڕایەڵە لە نێوان بەرژەوەندیی کەسێتی و بەرژەوەندیی گشتیدا نابینن، ئەوەش وایان لێ دەکات بە تەواوەتی کەمتەرخەم بن بەرامبەر بەو ژیانە سیاسییەی لێی دەڕوانن، بەوەی بەفیرۆدانی کاتە و زیان بە بەڕێوەچوونی کاروبارە تایبەتەکەیان دەگەیەنێت. "تاکەکانی وڵاتە دیموکراسییەکان بە تەنها هەستی سروشتییان کەم نییە بۆ ئەوەی گرنگی بە عامی خەڵکی بدەن (٦٠)، بەڵکو کاتی ئەنجامدانی ئەوەشیان نییە. ژیانی تایبەتی لە زەمەنی دیموکراسیدا بە ڕادەیەک چالاک و پڕژیان و لێوانلێوە لە حەز و ئارەزوو کە هیچ وزە یا خوولیایەک بۆ تاک ناهێڵێتەوە تا لە

ژیانی سیاسیدا بەکاری بهێنێت." هاووڵاتیی تاک و مادیی هەموو پەیوەندییەکی بە کاروباری گشتییەوە دەپچڕێنێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە جوغزە تایبەتەکەیدا کەنارگیر ببێت. بایەخدانی بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی و پشتگوێخستنی باشییەکانی مەدەنییەت فیکری لاواز دەکەن و بەرەو فەرامۆشکردنی گفتوگۆی گشتی دەیبەن.

لە ئێستادا، ئەوەی ژمارەکان لە سستیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان ئاماژەی پێ دەدەن، بە شێوەیەکی ڕوون، مەودای ئەم تەکینەوەیەمان بۆ ئاشکرا دەکات. تەنانەت گەر فۆرمی دەستوەردانی سیاسیی دی بڵاو ببێتەوە (قسەر لەسەر خەسڵەتی "ناتەقلیدی" بۆ بەشداریکردنی سیاسەت دەکەین، مەبەست ئاماژەدانە بە سکاڵانووسین، خۆپیشاندان و مانگرتن و تەنانەت بزووتنەوەی توندوتیژتر – ئەم دەربەستبوونانە زیاتر خۆبەخۆن و لە کۆمەڵگە نزیکترن و ڕاستەوخۆشتریشن، چونکە دەستبەرداری میانگیریی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان دەبێت)، پێویستە جەخت لەسەر دەرکەوتنی "درزێکی مەدەنی"ی ڕاستەقینە بکرێتەوە: ڕۆیشتنی هاووڵاتیان بەرەو سندوقەکانی دەنگدان زیاتر ڕوو لە کەمی دەکات. لە فرەنسا، لە ساڵی ١٩٨١ەوە، سروشتی هەڵبژاردنەکان هەرچییەک بێت، ئەوا ڕێژەی دەنگنەدان لە زیادبوونێکی بەردەوامدایە (لە ٥ بۆ ٧ خاڵ). لە سەرووی ئەوەشەوە، ئەم ژمارەیە بەپێی ژمارەی تۆمارکراوەکانە، نەک بەپێی کۆی دانیشتوان کە مافی دەنگدانیان هەیە! کەواتە وازهێنانێکی سیاسی هەیە کە هەڕەشە لە دیموکراسی دەکات.[1] بەهای وتەکانی تۆکڤیڵ خۆی لە

[1] ئیرێک کیسلاسی، دیموکراسی لە فرەنسا.

ئاگادارکردنەوەدا پەنا دەدا: دیموکراسی دەسکەوت نییە! وەک ئاسەوارێکی پێشبینینەکراو لە پرەنسیپی یەکسانیدا: نەخۆشیی دیموکراسی ڕەنگە خۆیشی تیادا بێت! پێویستە ئاماژە بەو ئێشوئازارە بدرێ کە توانای هەیە لە "ناوەوە" هەڕەشەی لێ بکات و ڕێگە لە بەردەم فۆرمە تازەکانی دیسپۆتیزمدا ئاواڵە بکات. یەکەم جار "سەرکوتکردنی زۆرینە": "پێم وایە ئەو پەندەی دەڵێت زۆرینەی گەلێک لە حوکمڕانیکردندا مافی ڕەفتارکردنی هەیە و هەرچییەکی پێ باشە بیکات (٦١)، بێباوەڕ و قێزەونە." هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەسەڵاتی زۆرینە ڕەنگە ببێتە مایەی دەستدرێژی، وەک جەختکردنی هەرسێ دەسەڵاتەکە... خپکردنی سەربەخۆیی و ئازادیی تاکەکان. پاشان، ڕەنگە دیموکراسی بەسەر خۆیدا هەڵبگەڕێتەوە، هەر وەکو کاتێک هاووڵاتیان ئامادەگییان هەیە ئیدارەی کاروباری دەوڵەت ڕادەستی فەرمانڕەوا بکەن و خۆیان ڕادەستی دەوڵەتێکی ناوەندی و بیرۆکراسی و توندڕەو بکەن: "دەمەوێت وێنای ئەوە بکەم لە ژێر کام هێڵی تازەدا دیسپۆتیزم لە جیهاندا دێتە ئاراوە: حەشامەتێک لە خەڵکی وێکچوو و یەکسان دەبینم، بەبێ ماندووبوون بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە، بۆ ئەوەی کەمێک چێژی سادە بە دەست بخەن و دەروونی خۆیان تێر بکەن. چارەنووسی هەر یەکێکیان لە کەنارگیریدایە و نامۆیە بە چارەنووسی ئەوانی دی: منداڵ و هاوڕێ نزیکەکانی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتیی بۆ پێک دەهێنن: باقیی هاووڵاتیانی دی لە تەنیشتیەوەن، بەڵام نایانبینێت و نایانگرێت و هەرگیز هەستیان پێ ناکات، بوونی لە خۆیدا و بۆ خۆیەتی،

---

Eric Kesslassy, "De la democratie en france", in Liberation, 3 juillet 2002

ئەگەر خێزانیشی هەبێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە دەتوانین بڵێین چیدی نیشتمانی نییە. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە، دەسەڵاتێکی مەزن و ڕاسپێر، بە تەنها زامنی بەردەستکردنی چێژەکانی دەکات و ئاگاداری چارەنووسی دەبێت. دەسەڵاتێکی ڕەها، پانوپۆڕ، ڕێکخراو، وردبین و میهرەبانە." زۆر جار لیبراڵەکان، پێشوەخت، ئەم گوزەرەی کە پێیان وایە ڕەخنەیە، بۆ دەستێوەردانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەوڵەت بەکار هێناوە...

**د– ئایا چارەسەر هەیە؟**

سەرباری ئەم هەڕەشەیەش لە ئازادی، هێشتا تۆکڤیڵ بەرگری لە یەکسانی لە هەلومەرج دەکات، چونکە پێی وایە بە نزیکەیی سوودی بۆ هەموان هەیە. بەڵام بۆ هەلومەرجی بوونی "دیموکراسییەتی لیبراڵیزم" دەگەڕێت کە دەتوانێت نێوان یەکسانی و ئازادی بسازێنێت. گەلێک چارەسەر دەخاتە ڕوو کە زۆرینەیان پاڵپشتی لە ئازادیی سیاسی دەکەن. کارەکە پەیوەستە بە خولقاندنێکی هاوسەنگ بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی خەفەکار: هاندانی پیادەکاریی ئایینی، ڕێکخستنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی (تا تاکەکان یەکسان بن و لە تاکگەرایی نەترسن، ڕۆژنامە زیاتر دەبێتە زەروورەت) و دامەزراندنی دەستەی میانگیر.

(٦٢) ئەلێکس دی تۆکڤیڵ یان چۆن پەرۆشی بۆ یەکسانی لە "واقعێکی کۆمەڵایەتی"ی دیموکراسیدا لە خۆشەویستیی ئازادی بەهێزتر دەبێت.



**سەرچاوە:**

**خولێکی ڕاهێنان، ئێریک کیسلاسی لە پەیمانگەی IUFM لە شاری لۆرین ئامادەی کردووە.**

(٦٣) له واقیعدا، بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی و یەکسانیدا، پێویستە بیر لە چەسپاندنی ئازادییە لۆکاڵییەکان و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەکان بکەینەوە.

بۆ بەرهەڵستیی ناکارایی و چەقبەستوویی هاووڵاتیان، تۆکڤیڵ پێشنیاز دەکات پەنا بۆ نامەرکەزییەت ببرێت و دەڵێت "متمانەتان هەبێت مەترسیی گەورەی سەردەمەکانی دیموکراسی، خۆی لە وێرانکردن یا لاوازکردنی لەڕادەبەدەری بەشەکانی جەستەی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندیی گشتی پەنا داوە." کاراکردنەوەی ئازادییە لۆکاڵییەکان پێویستە ڕێگە بە بەرەنگاربوونەوەی تاکگەرایی بدات، چونکە "بە ڕاسپاردنی هاووڵاتیان بە ئیدارەدانی کاروبارە بچووکەکان، زیاتر لەوەی ئیدارەی کاروبارە گەورەکانیان ڕادەست بکرێ، هانیان دەدەین گرنگی بە بەرژەوەندیی گشتی بدەن و ئاوڕ لە بەرهەمهێنانی پێداویستیی یەکتری بدەنەوە." ئەوەش ئیمکانییەتی دووهێندەکردنی بۆنەکانی پێکەوەکارکردن لە بەرژەوەندیی گشتیدا بۆ هەتاهەتایە بۆ هاووڵاتیان بەردەست دەکات. دیموکراسی لۆکاڵی دەیانکاتە گەلێکی بە تەواوەتی سەروەر و زیاد لە هەستێکیان پێ دەبەخشێت، بەوەی بە بەرپرسیارێتیی سیاسی ڕاسپێرراون. هەر وەکو ئاشکرایە، تاکەکان لەسەر ئاستی شارەوانییەکان، زیاتر لە یەکتری نزیک دەبنەوە و خۆیان ناچار دەکەن لە ڕێگەی بەشداربوون لە کاروباری گشتییەوە هاوکاری بگۆڕنەوە. لە پاڵ گەڕانەوەی هاوکاریکردن، لەسەر ئەو ئاستەش پیادەکردنی ڕێکوپێک بۆ ئازادیی سیاسی بەردەست دەبێت: "دامەزراوەکانی شارەوانی سەبارەت بە ئازادی، وەک زانستە سەبارەت بە خوێندنگە سەرەتاییەکان، دەیخاتە بەردەستی هەموان، وای لێ دەکات

چێژ لە تامە شیرینەکەی وەربگرێت و لەسەر بەکارهێنانی ڕای بهێنێت. نەتەوە بەبێ دامەزراوەکانی شارەوانی، دەتوانێت حکومەتێکی ئازادی تایبەت بە خۆیی هەبێت، بەڵام ڕۆحی ئازادیی نوقسان دەبێت." پێویستە ئازادی "هەرەوەزی" و "دراوسێ"ی بێت، بەو مانایەی هاووڵاتیان تێدەگەن کە بە ڕاستی دەتوانن لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسییەکانەوە کار لەسەر گۆڕانی بارودۆخیان بکەن.

هەروەها تۆکڤیڵ داوا دەکات، بە مەبەستی چارەسەری تەنگژەی کۆلێکتیڤ، بونیادی هاوکاری گەشەی پێ بدرێ. بە مەبەستی ئەوەی کایەی گشتی و کولتووری مەدەنی بۆ گەل بگەڕێنەوە: "لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، زانستی کۆمەڵە زانستی سەرەکییە و پێشکەوتنی هەموو زانستەکانی دی پشت بە گەشەسەندنی ئەو دەبەستن." کۆمەڵەکان بە شێوەیەکی تایبەتی زۆر گرنگن (٦٤)، لەبەر ئەوەی ژیانی سیاسی باش دەکەن، بەبێ کۆمەڵەکان، تاکەکان بە ڕادەیەک لاواز و گۆشەگیر دەبن کە ناتوانن هیچ پرۆژەیەک ئەنجام بدەن. هەروەها لە ڕێگەی هاندان بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بەرهەمهێنانی فیکری نوێ و ئیرادەی بەرگریلێکردنی، زامنی ئامادەکردنەوەی سیاسی دەکات. بەم شێوەیە، پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی پێگەی خۆی لە بەردەم دەوڵەتی دیسپۆتیزمدا بە دەست بهێنێتەوە. دانی وشە بە هاووڵاتیان گونجاوترین ڕێگەیە بۆ گرەنتیی بەردەوامبوونی دیموکراسی...

### هـ– له تۆکڤیلەوه بۆ هابەرماس

چارەسەرەکانی تۆکڤیڵ هەمیشە هەمان ئامانج دەپێکن: جووڵاندنی مشتومڕی گشتی! له واقیعدا، وەکیەکیی هەلومەرج دەبێته مایەی جۆرێک له گوێڕایەڵی (هەر وەکو ئەمڕۆ دەڵێین "تاکه فیکر"). ئەم لاوازییەی فیکر بناغەی بێئومێدیی دیموکراسییه. فەیلەسوفی ئەڵمانی یۆرگن هابەرماس له کتێبی "فەزای گشتی-L'Espace public"[1]دا شتێکی دی ناڵێت، کاتێک جەخت لەسەر ویستی خۆی دەکاتەوه بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دی لەسەر "دیموکراسیی زیندوو". به بڕوای ئەو، هاووڵاتیانی کۆمەڵگه تازەکان، له ڕێگەی گفتوگۆکانیانەوه دەربارەی کایەی گشتی و ئەوەی تێیدایه، ئامادەیی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیی جێگیریان هەیه. دەبێ شوێنی ئەم دیبەته سیاسییه بچووک نەبێت یا کۆلۆنیالیزەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەو دەسەلاتانەی دیی نەبێت که وشه قەدەغه دەکەن. دیموکراسی به دەست وازهێنانی هاووڵاتیان له فەزای گشتی دەناڵێنێت (چونکه وشەی سیاسی بڵاو دەبێتەوه)، لەبەر ئەوەی شتێکی تیادا نییه یەکێک گوێیان لێ بگرێ یا تەنانەت گوێبیستیان بێت، هەروەها لەبەر ئەوەی توانایان نییه خۆیان زیندووی بکەنەوه؛ بۆ نموونه، له بەردەم دیبەیتێکی تەلەفزیۆنیدا، بینەر – هاووڵاتی له پێگەیەکدا نییه ڕێگەی قسەکردنی پێ بدرێ و گوزارشت له کاردانەوەی خۆی بکات: نه دەتوانێت ناڕەزایەتی دەربڕێت و نه پاساوێک بهێنێتەوه،

---

[1] یۆرگن هابرماس، فەزای گشتی. ئارکیۆلۆجیای ڕاگەیاندن وەک ڕەهەندێکی پێکهاتەیی کۆمەڵگەی بۆرجوازی (١٩٦٣).

Jurgen Habermas. L' Espace public. Areheologie de, la publicite comme dimensione. Constitutive de la societe bourgeoise (1963), payot, 1978.

تەنها دەتوانێت پشتگیریی بیرورِا گەڵاڵەکراوەکان بکات یا رِەتیان بکاتەوە. سەبارەت بە هابەرماس، توانای دەربرِینی نارِەزایەتی کە رِەگەزێکی پێکهێنەری سەرەکییە لە گەمەی سیاسیدا، رِێگەی نەمانی گرتووەتە بەر. کەواتە پێویستە "رِەوشتی گفتوگۆکردن" بۆ بەرەنگاربوونەوەی رِای گشتی دەست پێ بکەینەوە کە بووە بە چەندایەتییەکی سادە، پسپۆرِانی سیاسی و پیشەگەرەکانی بازارِ و کۆمپانیاکانی رِێکلام یاریی پێ دەکەن. لە "کاری گەیاندن"ەوە، پێویستە چاودێریکردنی جیهانی سیاسی بگێرِینەوە و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بۆ لەناوبردنی بەتەکنیککردنی سیاسەت بدرێ، بە شێوازێک، سیاسییەکان ناچار بکات لەسەر قەناعەتکردن یا نەک لەسەر قەناعەتپێکردن یا لەسەر کارتێکردن یا دەرکەوتن لەسەر شاشەکان. لە لایەکی دی، پێکەوەگرێدانی شێوازی کارەکان و ئۆپۆزیسیۆنی نافۆرمۆڵەیی کە بە دامەزراوە سیاسییە رِووکەشییەکانەوە بەرەو تەشەنەسەندن دەرِوات، رِێگە دەدا بایەخ بە کاروباری گشتی بدرێتەوە.

## هەمیشە لە تێگەیشتنی دیموکراسیدا...

بۆچی ئەمڕۆ بۆ فیکری دیموکراسی دەگەڕێینەوە؟ ئایا کارەکە بە شێوەیەکی پێویست و واقیعی، پەیوەندیی بە چەمکێکی ڕوونەوە نییە؟

- بە پێچەوانەوە، زۆر گرنگە ئەمڕۆ ئەوە بزانین کە چۆن دەتوانین وێنای کۆمەڵگەیەک بۆ خۆمان بکەین کە تا ئەم ساتەوەختە دەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراسییانە کار لەسەر زاتی خۆی بکات. بێگومان ناوکی بیرۆکەی دیموکراسی زۆر ڕوونە. ڕۆسۆ ئەم بیرۆکەیەی ڕوون کردووەتەوە: دەبێ ژیانی سیاسیی هاوبەش بە شێوازێک ڕێک بخرێ کە تێیدا وەرگری یاسای باو بتوانێت بەشداری لە داڕشتنیدا بکات. دەوڵەتی نوێی دەستووری لەسەر ئەم پرەنسیپە دادەمەزرێت. دەوڵەت بە تێڕوانینی خۆی وەک گردبوونەوەیەکی خۆبەخشانەی هاووڵاتییە ئازادە یەکسانەکان یەک دەگرێت کە دەیانەوێت بە شێوازێکی شەرعی ئیدارەی ژیانی هاوبەشیان بدەن و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پەنا بۆ یاسای دانراو دەبەن. ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت، بریتییە لەوەی داخۆ بیرۆکەیەکی لەو جۆرە بە هۆی ئاڵۆزیی کۆمەڵگەکانەوە، کارکردنی لێ قەدەغە ناکرێ. بەڵام پێویستە لەسەر دیموکراسییەت پەیوەندیی بە واقیعەوە نەپچڕێت، ئەگەر دەیەوێت بە سروشی پراکتیکی هاووڵاتیانی سیاسی و پراکتیکی پیاوانی سیاسەت و دادوەران و فەرمانبەران بەردەوام بێت. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە پەیوەندیی بە واقیعەوە بپچڕێت، هەر وەکو هەموان لە ئێستادا پێشبینیی دەکەن، بە تەنها تاکەکان یا هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان دەمێننەوە، بەڵام هاووڵاتیان نامێننەوە. لەم حاڵەتەدا، لە ژیانی هاوبەشدا تەنها

بژاردەی تاکەکەسیمان بە لاوە مەبەستە، نەک ئازادیی (٦٦) ئەو هاوولاتییانەی مل بۆ پراکتیکە هاوبەشەکان کەچ دەکەن. ڕەنگە پێکهاتەیەکی نوێی قەدەرخوازی ببینین کە لە ڕابوردوودا لە مەمالیکە کۆنەکاندا بالادەست بوو، لەگەڵ جیاوازییەکی بچووک، ئەویش خوداوەندەکان چارەنووس دیاری ناکەن. ڕەنگە بازاڕەکان ئاماژە بەو ئیمکانیاتە بکەن کە پێویستە لەسەرمان لە نێویاندا هەڵبژێرین و بڕیار بدەین، هەر کەسە بۆ خۆی، بە ملکەچکردن بۆ لۆجیکی ئابووریی کۆمپانیاکان و بۆ مەرجەکانی گونجاندن.

– لە کوێ شێوازێکی دی بۆ تێگەیشتنی دیموکراسی دەدۆزینەوە، شێوازێک ئالۆزیی کۆمەڵگەکانی ئێستا بە هەند وەربگرێت؟ سەبارەت بە ئێوەش، چارەسەرکردن خۆی لە لێکۆڵینەوەی ئامادەکردنێکی نوێی بڕیاردان لە چارەنووسی سیاسی حەشار داوە. پێویستە لەگەڵ واقیعی گەیاندن لە جیهانی هاوچەرخدا بگونجێت، لە هەمان کاتیشدا پاریزگاری لە بوونی ڕاستەقینەی هاوولاتی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئەلیکترۆنیدا بکات.

– ئەگەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن فۆرمێکی نوێی دەسەلات پراکتیزە بکەن، بە دڵنیاییەوە دەبێ سانسۆریان لەسەر دابنرێت، هەروەها باشییشی هەیە، گەیاندنی ڕاستەوخۆی نێوان زۆرێک لەو خەڵکانەی مومکین کردووە کە یەکتری ناناسن و دوورن لە یەکتری. پانتاییەکی لەو جۆرە لە مەیدانێکی سنوورنەرم دەچێت، چونکە گەمەکاران وشەی سەرەکی فڕێ دەدەن و دەست بەسەر بابەتدا دەگرن و بەشدارییەکانی خۆیانی بۆ زیاد دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا جەماوەر پەرتەوازە و پەرشوبلاوە و دەنگەکان دەیبڕێت و دەتوانێت لە یەک کاتدا هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ وەربگرێت. لە حاڵی حازردا، کایەی گشتیی ولاتێک، گەلێک کایەی گشتی دەچێتە پاڵی کە بەپێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بابەتەکان و کەس و شوێنەکان جیاواز دەبن. بۆ دروستکردنی ڕای گشتیی

دیموکراسییانە، پێویستە ئەم پانتاییە گشتییە بتوانێت دەنگە پەراوێزخراوەکان بهێنێتە پاڵ خۆی. پێویستە بتوانێت سندوقێکی زرنگەدار بۆ تەنگژە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان دروست بکات و ئەو لەرەلەرانەش وەربگرێت کە جیهانە تایبەتە زیندووەکان پەخشی دەکەن، چونکە ئێمەی هاوولاتیی نێوەنجی، ئەگەر ئەندامی کۆمەڵگە بین، کڕیار، سوودمەند یا بەرخۆر، دەرئەنجامی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەزموونە ژیاوەکانی خۆمانەوە هەڵدەگۆزین.

- وەک درێژکراوەی ئەم بیرۆکەیەش، پێشنیاز دەکەن کە ڕێکخستنی کایەی سیاسیی گشتی، بە چێوەیەکی دیاریکراوی تەقلیدی دیاری ناکرێ "پارلەمان، دادگاکان، فەرمانگەکان". لە کۆتاییدا ئەم کارە پەیوەستە بە وێنایەکی کراوەی کایەی سیاسی لەسەر فۆرمە تازەکانی گوزارشتکردن لە ئازادییە مەدەنییەکان.

- پێویستە لەسەر بیروڕا گشتییە کاریگەرەکان کە بە شێوازێکی نافۆرمولەیی دروست بوون، بگۆڕێن بۆ دەسەڵاتێکی گەیاندن، لەویشەوە بۆ دەسەڵاتێکی ئیداری. ئەم فۆرمە تازەیە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی دیموکراسی، شوێن ڕێبازی خێری گشتی ناکەوێت، هەر وەکو حاڵەتی تەقلیدیی کۆماری کە هاوولاتییە باشەکان تەبەنیی دەکەن، هەروەها بەپێی نموونەی بازاڕیش ڕێک ناخرێ، وەک گردبوونەوەیەک بۆ ئەو بڕیارانەی هێندێک لە بەرخۆرەکان تەبەنیی دەکەن.

"چاوپێکەوتن لەگەڵ هابەرماس" جاک بۆڵین.

"Rencontre avec Habermas"par Jacques Poulain, in Le Monde des livers, 10 janvier 1997.

## ئەنجامگیری

ئازادی و یەکسانی تایبەتمەندییەکی دیموکراسیی کۆمەڵگەیەک پێک دەهێنن. بەڵام ئەم دوو پێودانگە دەتوانن ناکۆک و ناتەباش بن. ئیتیان باڵیبار (Etienne Balibar) پێشنیاز دەکات پێکەوە لە ڕێگەی چەمکی "یەکسانی–ئازادی" بیریان لێ بکەینەوە، چونکە "ئازادی بەبێ یەکسانی و یەکسانی بەبێ ئازادی بوونیان نییە."[١] لە ڕێگەی شرۆڤەیەکی فەلسەفیی پوختەوە، پێشنیازی ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە دەڵێت ئازادیی بەرجەستەبوو لە مافە سیاسییەکاندا، دەتوانێت بە بوونی نایەکسانی پێش بکەوێت. بۆ سەرخستنی ئەم دەسکەوتە لە "سەرزەمینی" دیموکراسیدا، پێویستە لە کاتی پراکتیزەکردنی ڕۆژانەیدا سەرنجی پاراستنی بدەین: دەربەستبوونی سیاسی و نەهێشتنی ئیستعمار لە فەزای گشتیدا وەک دوو ڕێگەی سەرکەوتن دەردەکەون!

---

[1] ئیتیان بالیبار، ئازادی، گۆڕان، مەدەنییەت.

Etienne Balibar, "Emancipation, Transformation, civilite" in Les Temps modernes, no587, 1996, p. 409 – 449.

# بەشی چوارەم

## ئایا دیموکراسی ڕێگە بە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی دەدا؟

**پێشەکی** (٧٠)

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی هەرەمییەوە کە لە سەردەمی کۆندا باو بوو و لەسەر ڕیزبەندیی دەسەڵاتی بۆماوەیی دامەزرابوو، دیموکراسی بە پێواری ئەو ڕیزکردنەی بە یاسایی پێناسە کراوە، دەناسرێتەوە. لە سەرووی ئەوەشەوە، مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە ناوجەرگەی کۆمەڵگە دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا ڕەگی داکوتاوە: لە ڕووی تیۆرییەوە، هەموو تاکێک بەپێی شایستەییەکانی دەتوانێت بە هەموو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بگات. بەرکەماڵی هاوتایی کە لە ساڵی ١٧٨٩ەوە بە میراتی مابووەوە، تۆکڤیڵ وا هەڵهێنجانی بۆ کردووە کە دیموکراسی نەک وەک سیستمێکی سیاسی، بەڵکو وەک "واقعێکی کۆمەڵایەتی" پێشکەشی دەکات. بێگومان ئەفراندنی هەلومەرجی یەکسانیی سیاسی و خولقاندنی ئامرازەکانی

بڵاوکردنەوەی یەکسانی لە بیرکردنەوە و یەکسانی لە دەرفەتدا ئامانجی هەڵهێنجانەکەی تۆکڤیڵ بوو. کەواتە لەسەر ئەم ئاستە لە شیکردنەوە، دیموکراسی گواستنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز دەسەپێنێت. هەروەها ئەوەش تێدەگەین کە توێژینەوەی بەرجەستەکردنی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا گرەوێکی گرنگ پێک دەهێنێت مادامەکی لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕێگە بە دیاریکردنی حەقیقەتی دیموکراسی دەدا. مۆبێلیتەی ناو نەوەیەکمان بە لاوە گرنگ نییە (گۆڕانی پێگەی تاکە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی ژیانی پراکتیکییاندا)، ئەوەندەی مۆبێلیتەی نێوان دوو نەوەمان بە لاوە گرنگە (پەرەسەندنی پێگەی تاکە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتیی خانەوادەکەیان). بەڵام بە تەنها زۆریی گۆڕانکاریی پێگەی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو نەوە بەس نییە تا ئەو کۆمەڵگەیە بە تەواوەتی بە دیموکراسی دابنرێت. هەروەها پێویستە هۆکارەکانی ئەو گۆڕانکارییانەش دیاری بکرێن: ئەو مۆبێلیتە کۆمەڵایەتییەی لە ڕێگەی گۆڕانەکانەوە بونیادی میللەتی کارکەر ڕاڤە دەکات (مۆبێلیتەی بونیادگەرایی)، بەڵگەیەک نییە لەسەر ڕۆچوونی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیەدا. پاشان، ئەو بەها مۆبێلیتە کۆمەڵایەتییەی نییە کە لە وەرچەرخانی قورسایی هەر توێژێک لە توێژەکانەوە بەرهەم دێت (مۆبێلیتەی پوخت): گەشەسەندنی ئەمەی دوایی بە دیموکراتیزەکردنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە تەرجەمە دەکرێ. هەروەها پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی ئاسۆیی، کە گواستنەوە لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پێگەیەکی دی دیاری دەکات و پێویستە لەسەر ئاستی یەکەمدا بێت (٧١) و نێوان مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی شاقوولی کە گواستنەوەی تاک

له پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پێگەیەکی دی جیا دەکاتەوە و پێویستە لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی یەکەم بەرزتر بێت (مۆبێلیتەی هەڵکشان) یا (مۆبیلیتەی داکشان). بەڵام پێویستە دانی پێدا بنێین کە قسەکردن لەسەر مۆبێلیتەی "هەڵکشان" یا "مۆبێلیتەی داکشان" بوونی ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕووی هەرەمییەوە ڕوون و ئاشکران، دەسەپێنێت. بە دڵنیاییەوە زنجیرەی کۆمەڵایەتیی هەنووکە وەک ئەوە نییە کە لە ڕابوردوودا لە نێوان ئەکلیرۆس و خانەدان و عامی خەڵکیدا هەبوو، ئەوانەی چێژیان وەردەگرت لەو ماف و ئەرکە بەیاساییکراوانەی ڕێگەیان بە دابەشکردنی کۆمەڵگە دەدا. هەر وەکو دەزانرێ، هێشتا سیستەمگەلێک دەبینین کە تێیدا جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوەکان دروست بوون (وەک داهات، هەروەها پەیوەندیی بە دەسەڵات و/ یا دەستڕۆیشتوویی و نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان؛ بۆ نموونە، لە سەرەتاوە لە نێوەندی پیشەیی). بەڵام ئایا دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان، هێشتا لە جیهانی دیموکراسیدا مانایەکی هەیە؟ ئایا لە نێوان چینی میللی و چینی باڵادا، چینی مامناوەند چینی باڵادەست نییە؟ ئایا شیاوتر نییە قسە لەسەر "دابەشکردنی چینی کۆمەڵایەتی" بکەین؟ بە دڵنیاییەوە کارەکە پەیوەستە بە خوێندنەوەی تیۆرییەوە کە هەوڵ دەدەین لەپێشبوونی پێ بدەین... لەم چوارچێوەدا، ئایا دەتوانرێ جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو چەقبەستووە کۆمەڵایەتییەی لە سەردەمی فیودالیزمدا باڵادەست بوو، نەرمونیانییەکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە جێگەی گرتووەتەوە؟ لە ڕاستیدا، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆشنگەریدا، پێمان وایە چیدی

مومکین نییە چارەنووسی تاک هەر [لە ساتی] لەدایکبوونیەوە دیاری بکرێ؟ ئەمڕۆ دەپرسین، مەودای پەیوەندیی منالێک بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە چەندە؟ لەسەر ئاستی ئەم شیکردنەوەیەش تێدەگەین نوێنەرایەتیی خوێندنگە وەک دامەزراوە چەند گرنگە. لە زەمەنی دیموکراسیدا، پێویستە لەسەری بە بەردەستکردنی زانست بۆ زۆرترین ژمارەی تاکەکان و هاندانی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی یەکسانی لە دەرفەتدا بەردەست بکات. ئایا دیموکراتیزەکردنی خوێندن ڕێگەی گەیشتنی بەو ئامانجە داوە؟ بە پێچەوانەوە، ئایا پتەوکردنی نایەکسانی لە دەرفەتدا بەدی ناکەیت؟ چۆن ڕاڤەی ئەوە بکەین؟ لە قوولاییدا، ئەو مەسەلە گرنگەی نیگەرانمان دەکات، بریتییە لەوەی بزانین ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە کە پێویستە دیموکراسی بێت "بە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی" مەحکوم کراوە، یا بە پێچەوانەوە، ئەگەر دیموکراسییەکەی وەک پێویست پێشکەوتووە (٧٢) بۆ ئەوەی بتوانین ئەژماری مۆبێلیتەیەکی کۆمەڵایەتیی (پوخت) دەستەهەست بکەین.

## ١ـ دیموکراسی، چینەکان، دابەشکردنی چینایەتی و مۆبێلیتەی چینایەتی

### أ– کۆمەڵگەی چینەکان

ئەگەر بەدواداچوون بۆ ڕەوانبێژیی مارکسیزم بکەین، دەبینین کۆمەڵگەی پیشەسازی بەرەو پێکهێنانی دوو چینی گەورە هەنگاو دەنێت: کرێکار (پرۆلیتاریا) و سەرمایەدارەکان. پێودانگە ئابوورییەکان یەکەمینن لە دیاریکردنی ئەو کۆمەڵانەدا، بە تایبەتی پێگەیان لە پەیوەندیی بەرهەمهێناندا: چینی کرێکار جگە لە هێزی کارکردنی شتێکی دیی نییە، بەڵام چینی بۆرجوازی سەرمایەی هەیە. پاشان کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەی کرێکاران لە لایەن سەرمایەدارانەوە پەرە دەستێنێت. هەروەها بەپێی مارکس، داینامیکییەتی سەرمایەداری بەرەو جەمسەرگیرییەکی ئاشکرای زیاتر دەڕوات و بە دڵنیاییەوە لە کاتی گونجاودا دەبێتە مایەی پێکدادانی چینایەتی. لە سەرووی ئەوەشەوە، ململانێی چینایەتی هەردوو چینە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکە هۆشیاریی زاتی و هۆشیاریی بەرژەوەندییان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە لا دروست دەکات. ئیدی مارکس پێشبینیی "دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا!" دەکات، لەم چێوەیە و سەرباری دیموکراسیی ڕووکەشی، مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتییش کەم دەکات. ئەمەش مانای نەبوونی ناگەیەنێت، مادامەکی مارکس دەڵێت "تا چینی باڵادەست بتوانێت کەسە ناسراو و هەڵکەتووەکانی چینە ژێردەستەکان بهێنێتە ڕیزەکانی خۆیەوە، باڵادەستبوونی درێژە دەکێشێت و ترسناکتریش دەبێت."[١] کەواتە مۆبێلیتەی

---

[1] کارڵ مارکس، هەژدەیەمی برۆمێری لوی بۆناپارت.

کۆمەڵایەتی دەبێتە ئامرازێک بۆ بەردەوامیی چینی بۆرجوازی، ئینجا ئەو مۆبێلیتەیە سەرکەوتنی پرۆلیتاریا ڕادەگرێت، بەوەی ناهێڵێت هۆشیاریی چینایەتی دروست ببێت. بەگوێرەی دەستەواژە بەناوبانگەکەی ڤێرنەر سۆمبارت ( Werner Sombart)، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە مۆبێلیتەی هەڵکشاو زۆر گرنگە، "هەموو یۆتۆپیا سۆسیالیستییەکان لە پێناو گۆشتی برژاو و کێکی سێودا قوربانییان پێ دەدرێ (٧٣)." کەواتە تێدەگەین دەروازەیەکی "تەقلیدی" هەیە زیاتر جەخت لەسەر پێواری نەرمونیانیی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

لە نێو ئەم ئاڕاستە شیکارییەدا، نیکۆلاس پۆلانتزاس (Nicolas Poulantzas) پێی وایە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بە پەراوێزخراوی دەمێنێتەوە و هەرگیز بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییە چینایەتییەکان ڕاگرێک نییە. لە واقیعدا، هەمیشە کارەکە پەیوەندیی بە کەمایەتییەکەوە هەیە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە. لە کتێبی "چینە کۆمەڵایەتییەکان" لە سەرمایەداریی ئەمڕۆدا، تەنانەت بەکارهێنانی چەمکی "مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی"یش ڕەت دەکاتەوە و چەمکی "جێگۆرکێ"ی تاکەکان لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا پەسەند دەکات. هەر بۆ ڕوونکردنەوە، ئەم مەسەلەیە بەردەوامبوونی باڵادەستیی سەرمایەداری تەرجەمە دەکات، لە کتێبەکەیدا بە "پووچیی گرفتی بۆرجوازی سەبارەت بە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی" سەرکۆنەی دەکات.[1]

---

Karl Marx, Le Dixhuitiemee Brumair de Louis Napoleon Bonaparte (1852), Berlin – Est 1967, p. 614.

[1] نیکۆلاس پۆلانتزاس، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرمایەداریی ئەمڕۆدا.

## نەگونجاویی تیۆر و پەراوێزکەوتنی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ڕەوتی مارکسی

"(...) لە ڕاستیدا، گرفتی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی بۆ "گروپ" و بۆ "تاکەکان" وا دەخوازێت أ/ مەسەلەی سەرەکیی "دابەشکردنی چینایەتی"، تەنانەت هۆیەکەیشی، دوو مەسەلەی "هاتوچۆ – مۆبێلیتە"ی تاکەکانن لە نێوان ئەو چینانەدا: بەڵام وا دەردەکەوێت خودی ئەم گریمانەیە نالۆجیکی بێت، بەوەی لە شەو و ڕۆژێکدا (یا لە نێوان دوو نەوەدا)، هەموو بۆرجوازییەکان جێگەی کرێکاران بگرنەوە و پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، دۆخەکەش لە سەرمایەداریدا وەک خۆی دەمێنێتەوە، چونکە هەمیشە شوێن بۆ بۆرجوازی و شوێن بۆ پرۆلیتاریا هەیە، ئەمەش دیاردەیەکی سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری. ب/ "چەقبەستوویی کۆمەڵایەتی" کە سەرکۆنەی کردووە، بەوپەڕی ساکارییەوە دەرئەنجامی نایەکسانیی کۆمەڵایەتییە بەرامبەر بە "تاکەکان" و "ژینگەکان" کە قابلییەتی خزانیان هەیە، هەر وەکو حاڵەتی هەموو نایەکسانییەک لە کۆمەڵگەیەکدا کە یەکسانی لە دەرفەت تێیدا باڵادەست بێت."

نیکۆلاس پۆلانتزاس، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرمایەداریی ئەمڕۆدا.

Nicolas Poulantzas, Les classes sociales dans le capitalisme d'aujourd'hui, Seuil, 1974,p. 31.

---

Nicolas Poulantzas, Les classes sociales dans le capitalisme d'aujourd'hui, Seuil, 1974, p. 31.

## (٧٤) ب– تیۆرسینانی چینی مامناوەند

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی سیستمی کۆن کە زۆر ڕەق و چەقبەستووە و پێگەی هەموو تاکێک زۆر سنووردارە یا مەقبولە یا بە لایەنی کەمەوە دەستی بۆ نابرێت، کۆمەڵگەی دیموکراسی لەسەر گەشەسەندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت، گەشەسەندنێکی نەبینراوی یاسایی، ئەوەی دەیجوولێنێت، هەر وەکو تۆکڤیڵ دەیبینێت، پرۆژەی یەکسانیی هەلومەرجە: "واقعێکی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی"ی کراوە و نەرمونیانە و یەکسانی لە دەرفەتدا تێیدا بەربڵاوە. ئەو مۆبیلیتە کۆمەڵایەتییەی بە گۆڕانکاری وەردەگێڕدرێت، بە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان ڕاناگیرێت، بەوەی ئەمەی دوایی سنووردار نییە، دەبێتە مایەی سووککردنی سنووری چین یا تەنانەت لابردنیشی. تۆکڤیڵ لە کتێبەکەی "دەربارەی دیموکراسی لە ئەمەریکا" زۆر ڕوون و ئاشکرایە: "لە ڕاستیدا، سەرباری هەبوونی دەوڵەمەندەکان، کەچی چینی دەوڵەمەندەکان بوونی نییە، لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکان نە ڕۆحیان هەیە، نە هیچ شتێکی هاوبەش، نە نەریت، نە هیوا و ئومێدی هاوبەش. کەواتە ئەندام هەیە، بەڵام هەرگیز جەستە بوونی نییە." لە واقیعدا، سەبارەت بە تۆکڤیڵ، پێواری بەربەستی کۆمەڵایەتی بە پێواری هەستی وابەستەیی بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو تەرجەمە دەکرێ. بەڵام دیموکراسی زیاتر ڕێگە بە دامەزراندنی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەدا. چینی مامناوەندی، ئەو چینەی زۆرترین نوێنەرایەتی لە نێویدا دەکرێ و لە ڕووی ژمارەوە گرنگترینە. نایەکسانی لە ساماندا ڕێگە لە پێکهێنانی یەکانگیری لە هەلومەرج ناگرێت، بە تایبەتییش لە گشتاندنی کرێدا دەردەکەوێت: "مزکارەکانی ئەمەریکا خۆیان بە کەم نازانن

لەبەر ئەوەی کار دەکەن، چونکە هەموو ئەوانەی چواردەوریان کار دەکەن. هەست بە سووکایەتی ناکەن بەوەی کرێیەک وەردەگرن، چونکە سەرەککۆماری ئەمەریکاش بەرامبەر بە کرێیەک کار دەکات. لەسەر فەرمانەکانی کرێیەک وەردەگرێت، هەر وەکو چۆن ئەوانیش لەسەر خزمەتەکانیان کرێیەک وەردەگرن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پیشە تا ڕادەیەک تاقەپڕووکێن و قازانجبەخشە، بەڵام هەرگیز نە بەرزە، نە نزم."

سەرنج دەدەین تا چەند دیموکراسییەت مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێت کە دەشێت ڕێگە لە هەڵایسانی ململانێی چینایەتی بگرێت، بەوەی ئەمەی دوایی نەکاتە بنچینەیی، بەڵکو بیکاتە شێوازەکانی بوونی ڕاگوزەر و کاتی. لەگەڵ لەدایکبوونی چینی مامناوەندیدا، بونیادی کۆمەڵایەتییش دەشێوێت. (٧٥) سیمێل لە ساڵی ١٨٩٦دا ئەمەی ڕاگەیاندووە: "چینی مامناوەند توخمێکی کۆمەڵایەتیی تەواو نوێ دەهێنێتە ئاراوە. چینێکی سێیەم بۆ هەردوو چینەکەی دی زیاد ناکرێ و تەنها بە پلە لێیان جیاواز دەبێت، نەک وەک ئەوەی دوانەکەی دی لە یەکتری جیاوازن. ئەوەی لەو چینەدا بە تەواوەتی جیاوازە، بە بەردەوامی جێگۆڕکێ لەگەڵ هەردوو چینەکەی دی دەکات، ئەو جێگۆڕکێ هەمیشەییانەش سنوور دەسڕنەوە و بە گواستنەوە بەردەوام و نەپچڕاوەکانی دەیگۆڕێت (...). ئەمەش ئەو هۆیانەیە کە هەر کۆمەڵگەیەک چینی مامناوەندی تێیدا باڵادەست بێت، وای لێ دەکات نەرمییەکی گەورەی هەبێت، چونکە توخمی پڕجووڵەی زۆری تێدایە، ئەگەر ژینگەکە بگۆڕێت، لەجیاتیی ئەوەی بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، بە گۆڕانی مانەوەی ئاسانتر دەبێت."[١]

---

[1] جۆرج سیمێل، سۆسیۆلۆجیا و ئەپستمۆلۆجیا.
Georg Simmel, Sociologie et epistemologie, PUF, 1981, p. 200.

هێنری مەندراس (Henri Mendras) لە لۆجێکێکی پەتیی تۆکڤیلەوە ئاماژە بە نیوەنجیتیی کۆمەڵگەی ئێمە دەکات. دابەشکردنی ڕێژەیی لە پشکی قازانجی گەشەکردنی "سییەی شکۆمەند" و بڵاوبوونەوەی مزەکاریدا بوونە مایەی دەرکەوتنی بەرفرەی چینی مامناوەند. وا دەردەکەوێت ئەم دیاردەیە، بە کورتی، بە مانای لەناوچوونی چینەکان بێت: "پێدەچێت چینی مامناوەند مەبەستی بێت وەک چین خۆی ویران بکات، بەوەش وەرچەرخانێکی تەواوەتیی بونیادی کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێت کە لە ڕێگەی خودی بزووتنەوەکەوە، خەسڵەتی چین، بە تەواوەتی بە مانا مارکسییەکەی، لە چینی کرێکاران و چینی فەرمانڕەوا بسەنێتەوە. کەواتە ململانێی نێوانیان بوونی نەماوە، چ ڕێگەیەک هەیە بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان ئەوی دی دیاری بکات؟ لە لۆجیکێکی پەتیدا، ئەگەر هەموان مامناوەندی بن، مامناوەندییەک نامێنێتەوە (...). چینی مامناوەندی بوونی نییە، مادامەکی هیچ تاکێک نییە لە نێوان ئەو بۆرجوازییە فێڵبازەی هەمیشە بوونی هەیە و نێوان میلەتێک، قەتیس بکرێ – هیچ کەسێک بە مامناوەندی نامێنێتەوە، ئەگەر هەموان بە جۆرێک لە جۆرەکان مامناوەند بن!"[1]

(٧٦) کەواتە، بە هۆی مۆبیلیتەی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵگەی دیموکراسی بووە بە کۆمەڵگەیەک جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر تێیدا دەردەکەون، بە ڕادەیەک، چەمکی "چین" لە ڕێگەیەوە ماناکەی خۆی لە دەست دەدا!

---

[1] هێنری مەندراس، دووەم شۆڕشی فرەنسا.
Henri Mendras, La Seconde Revolution francaise 1965 – 1984 (1988), Gallimard, coll. "Folio Essais", 1994, p. 60 – 67.

### ج- پێناسەی ماکس ڤێبەر

ڕوانینی بونیادی کۆمەڵایەتی وەک دابەشکردنی کۆمەڵایەتی، ڕوانینێکی بێلایەنانە نییە، وەک ئەوەی گریمانە دەکرێ سنووری گردەبڕ لە نێوان چینەکاندا بوونی نییە. جەستەی کۆمەڵایەتی لە توانایدایە بە پایەی کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێ، واتە شیانی گواستنەوەی شێنەیی لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دی! کەواتە شێوازی "دابەشکردنی چینایەتی" زیاتر پێداگری لەسەر مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی دەکات. ماکس ڤێبەر کە حەتمییەتی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتەوە، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، لە ڕێگەی پەنابردنی بۆ هەڵهێنجانی شیمانەیی، دەچێتە نێو ئەم تەقلیدەوە. سەبارەت بە ئەو، دەتوانرێ چینی کۆمەڵایەتی بە کۆی بارودۆخی چین دیاری بکرێ کە بە دەرفەتی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی بەرز دەناسرێتەوە. ئیدی ئەو دەمە چوار چینی کۆمەڵایەتی جیا دەکرێتەوە: چینی کرێکار، بۆرجوازیی بچووک، بیرمەند و پسپۆڕە بێسامانەکان (تەکنیککاران، فەرمانبەرانی بازرگانی و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی...) لە دواییشدا، ئەو چینە موڵکدارانەی چێژ لە تایبەتمافی خوێندنەکانیان وەردەگرن. کەواتە کارەکە پەیوەستە بە گردبوونەوەی کۆمەڵێک کەس کە لە باری ئابوورییەوە لەیەک دەچن. بەڵام ئەم پێناسە ئابوورییەی چینی کۆمەڵایەتی دەبێ ببەسترێتەوە بە بوونی زنجیرەی هەرەمی دەستڕۆیشتنەوە (شێوازی ژیانکردن، جۆری خوێندن، تایبەتمافێک کە سەرچاوەکەی کۆمەڵایەتییە)، هەروەها ببەسترێتەوە بەو پۆلێنکارییەی کە بەپێی زنجیرەی هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی کار دەکات.

## "دەرفەتی نموونەیی" بۆ وابەستەبوون
## بە چینێکی کۆمەڵایەتییەوە...

مەبەستمان لە چەمکی "دۆخی چینایەتی" ئەو دەرفەتە نموونەییە کە لە سیستمێکی ئابووریی دیاریکراودا، لە پلە و شێوازەکانی بەکارهێناندا دێتە ئاراوە و لە ڕێگەیانەوە تاک دەتوانێت دارایی یا خزمەتگوزاری بە دەست بهێنێت (یا نەیهێنێت) بۆ ئەوەی داهات یا دەرامەت بۆ خۆی پاشەکەوت بکات، دەرفەتێک (پێویستە بەپێی سێ ڕەگەز هەڵبسەنگێنرێ: أ/ توانستی کەسەکە لەسەر بەردەستکردنی ئەو داراییانە، ب/ هەلومەرجی ژیانە دەرەکییەکەی، ج/ چارەنووسە شەخسییەکەی.) (٧٧) مەبەستمان لە "چین" هەموو کۆمەڵە خەڵکێکە لە هەمان بارودۆخی چینایەتیدا بن.

ا- چین دەبێتە "چینێکی خاوەندار"، کاتێک بارودۆخی چین بە شێوەیەکی سەرەکی دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی بازاڕ یا خزمەتگوزاری دیاری دەکات.

ب- چین دەبێتە "چینی بەرهەمهێنان" کاتێک بارودۆخی چین بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی بازاڕ یا خزمەتگوزاری دیاری دەکات.

ت- مەبەستمان لە چەمکی "چینی کۆمەڵایەتی" کۆی بارودۆخی چینێکە ئەو گۆڕانەی تیادا ئاسان دەکات کە بە شێوازێکی نموونەیی، لە ڕێگەی نەوە یەک لە دوای یەکەکانەوە، ڕوو دەدا."

ماکس ڤێبەر، ئابووری و کۆمەڵگە (١٩٢٢)

Max Weber, Economie et Societe (1922)
Plon, 1971, p. 309.

## ٢– کام مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی؟

لە کارە پێشەنگەکانی سۆرۆکیندا (sorokin)[1] (ساڵی ١٩٢٧)، ئەو ئەنجامگیرییە دەکرێت کە پێویستە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە چەقی بەهاکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دابنرێت. لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گرەوی سیاسیی فرە گرنگدا دەگونجێت: کۆمەڵگەیەک ڕێکخستنە سیاسییەکەی پشت بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ببەستێت و ڕێکخستنە ئابوورییەکەی پشت بە لیبراڵیزم ببەستێت، ئیدی شتێکی لۆجیکییە یەکسانیی نێوان تاکەکان و ئازادیی دەستپێکردن لەگەڵ یەکسانی لە هەلومەرجی سیاسیدا بگونجێت، یا بە لایەنی کەمەوە لەگەڵ یەکسانیی نێوان شێوازەکانی گەیشتن بە هەلومەرجە جۆراجۆرەکان. شرۆڤەی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی "یەکسانی لە دەرفەت" و بە ئیمکانییەتی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان بە هەوڵدان بۆ هەڵسانگاندنی حەقیقەت یا کارایی پرەنسیپەکانی کارکردنی بە گوێرەی گرنگیی ئەو نەرمونیانییە کۆمەڵایەتییەی ڕێگەی پێ دەدا.

### أ) لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییە بەراوردکارییەکان: "جیهانگەرایی" بەرامبەر "تەوژمە جێگیرەکان"

بلاو و دانکان (Blau & Duncan) لە کتێبەکەیاندا "بونیادی پیشەگەریی ئەمەریکی - The American Occupational Structure"[2] توێژینەوەیەکیان ئەنجام داوە دەربارەی دابەشکردنی چینایەتیی کۆمەڵایەتی و دەربارەی مۆبێلیتەی

---

[1] پیتریم سۆرۆکن، مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی.
Pitrim Sorokin, Social Mobility, Harper & Brothers, 1927.

[2] پیتەر م. بلاو و واتیس د. دانکان، بونیادی پیشەگەریی ئەمەریکا.
Peter M. Blau et Otis D. Dunkan, the American Occupational Structure, Wily, 1967.

کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکی و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا. ئەوان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی ڕێژەی مۆبێلیتەی گەورە کە کۆمەڵگەکان بە خۆیانەوە بینیویانە، لە "حەز و ئارەزووی جەوهەری بۆ جیهانگیریی گەشەسەندوو" سەرچاوە دەگرێ. مۆبێلیتەی هەڵکشاو (سەرەوژوور) بە سێ هۆکاری بونیادی ڕاڤە دەکرێ: پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و ئابووری، مۆبێلیتەی جوگرافی و بڕشتی جیاکارییانە؛ بۆ نموونە، ئەو دوو نووسەرە پێیان وایە گۆڕانی تەکنۆلۆجی سەرلەنوێ هەلومەرجی تەوزیفکردنی پیشەکانی لە نێو ئابووریی ئەمەریکادا دیاری کردەوە. لەم ناوکۆیەدا، پێویستە دابەشکردنی پۆستی باڵا کە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا خەملێوە، بە لایەنی کەمەوە، پشت بە ئەسڵی کۆمەڵایەتی (ascription) ببەستێت، لەویشەوە لەسەر ئەو پۆستەی بە شێوەیەکی تاکەکەسی بە دەست هاتووە، بە تایبەتی لە ڕێگەی خوێندنەوە (achievment).

بەڵام کارەکەی بلاو و دانکان پشت بە پێدراوی ئەزموونگەرایی زۆر ورد نابەستێت. لە بەرامبەریشدا، توێژینەوەکەی ئەریکسۆن و گۆڵدسۆرپ (Erickson & Goldthorpe)[1]، لە دەسپێکی پێدراوەکانی ئاماری نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا، پێشنیازی ئەنجامدانی بەراوردکاریی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە نۆ وڵاتی ئەورووپی دەکات، هێماکانی لە تۆمارنامەیەکی توێژە کۆمەڵایەتییە پیشەگەرەکاندا دادەڕێژێتەوە. لەگەڵ ڕەچاوکردنی پەرەسەندنە مێژووییەکانی تایبەت بە هەموو

---

[1] ڕۆبێرت ئەریکسۆن و جۆن گۆڵدسرۆپ، تەوژمە جێگیرەکان. توێژینەوەیەک دەربارەی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا.

Robert Erikson & John Goldthrope, The Constant Flux. Astudy of Class Mobility in Industrial Societies, Clarendon Press 1992.

ئـابووری (بـۆ نمـوونه، فرەنـسا لە دوای ئینگلـتەرا شۆڕشـی پیـشەسازی تیایـدا ڕووی دا)، ئامـانجەکە لە ڕێـگەی نیـشتمانپەروەرییەکی تـایبەت بە کـۆمەڵگە پیـشەسازییەکان، لە تیشکخستنەسەر جێگیرێک خۆی حەشـار داوە. پاشـان گریمانەی سەرەتایی هەردوو نووسەرەکە لەسەر ئەو پێشبینییە دادەمەزرێ کە پیـشەسازیکردن و بەشارسـتانیکردن (٧٩) هەمـان تەوژمە مرۆییەکـانی پەیوەسـت بە گواسـتنەوە لە تـوێژێکی کـۆمەڵایەتیی پیـشەییەوە بـۆ تـوێژێکی دی بەرهەم دەهێـنن. لە واقیعـدا ئەوە پەیوەستە بە جێگیربوونی زەمەنی سیستمەکانی مۆبێلیتەوە: ئەو وەرچەرخانانەی لە ئەنجامی کرانەوەی کۆمەڵگەکان هاتنە ئاراوە، وەک پێویـست جەوهەری نەبـوون تـا نەرمونیـانیی کـۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە بەدی بکەن. ئیدی ڕەنگە ئەو ئەنجامگیرییە پیادە بکات کە گۆڵدسـۆرپ لە توێژینەوەکـانی پەیوەسـت بە بریتانیـا، لەسـەر زۆرێک لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان پێی گەیشت: "لەوەتەی جەنگ کۆتایی هاتووە، بریتانیا گەشەیەکی ئابووریی نیمچەبەردەوامی بە خۆیەوە بینیوە، زۆر جاریش (بەپێی ئاماژە نیشتمانییەکان) لەسەر شـێوازێکی تـا ڕادەیەک خێـرا. بە شـێوەیەکی هاوتەریـب، دابەشـکردنی ئەرکـی وەزیفـی زۆر بە خێرایـی گـۆڕانی بەسـەردا هـات. ڕیفـۆرمە گرنگەکـانی خوێنـدنگە ئامرازەکـانی فێرکـردن و خوێنـدنی دوو هێنـدە کـرد و یەکسانییش تیـۆرێکی دانـا ڕێـگەی دەستڕاگەیشتنی بە فێرکـردن دەدا، ئەوەش بە ئامـانجێکی ڕوونـی (لە ڕێـگەی سیاسـەتە کۆمەڵایەتییەکـانی دی) وەک کەمکـردنەوەی کاریگەریی ڕەگوڕیشەی چینایەتی لە جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی (...). سـەرباری ئەو هەمـوو بـارودۆخە گونجـاو و هانـدەرەش، دەرئەنجـامی لێکۆڵینەوەکانمـان بە ڕوونـی دەری دەخـات کە هـیچ کەمکردنەوەیەکـی دەستەهەسـتی نایەکـسانیی کـۆمەڵایەتی بەدی نەهـات. لە ئەنجـامی گـۆڕانی سـتراکچەری ئەرکەکـان، خلیـسکانی

پێشبینیکراو له کەناڵەکانی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی بونیادگەراییدا هاتە ئاراوە. لە بەرامبەریشدا، هەرگیز ڕێژەی مۆبێلیتەی پوخت و پەتی گۆڕانی بەسەردا نەهات."[1] وا دیارە ئەم بەڵگەهێنانەوەش گونجاو بێت لەگەڵ دۆخی فرەنسا کە سۆسیۆلۆجیستەکان چەقبەستووییان لە نەرمیی کۆمەڵایەتی تیادا دەبینی.

### ب– نموونەی فرەنسا، ڕۆڵی خوێندنگە؟

لە فرەنسا، مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی ف. ک. پ (مەشق و ڕاهێنانی پیشەییانە – FQP – formation et qualification professinnelles) دەخوێنرێت کە لە پەیمانگەی نیشتمانیی فرەنسی بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری -Insee- بڵاو بووەتەوە و دوالێکۆڵینەوەش ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە. چارەنووسی (٨٠) (دابەشکردنی ئەو تاکانەی زادەی توێژە کۆمەڵایەتییە پیشەییە جیاوازەکانن، بەپێی توێژی باوانیان) ڕەگوڕیشە (ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتیی پیشەیی تاکەکان) جیا دەکەینەوە. گرنگییەکی تایبەت دەدا بەو بازنەیەی دەدرێتە پاڵ چەقبەستووەکان (نەوەکان وابەستەییان بۆ گرووپی باوانی کۆمەڵایەتیی پیشەیی هەیە) لە خشتەی چارەنووس و لە خشتەی ڕەگوڕیشەوە بۆ خودبەکارهێنان.

تەوژمی مۆبێلیتە گرنگەکان و حاڵەتەکانی مۆبێلیتەی هەڵکشاو، لە حاڵەتەکانی مۆبێلیتەی داکشان (سەرەوخوار) زۆر زیاترە. بەڵام دەتوانرێ بە گۆڕانکاریی بونیادی کۆمەڵایەتی ڕاڤەی بارودۆخی ئەم مۆبێلیتەیە بکرێ (پشکی توێژە

---

[1] جۆن گۆڵدسرۆپ، مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی و بونیادی چینایەتی لە بریتانیای مۆدێرندا.

John Goldthrope, Social Mobility and Class Structure in Modern Britain, Clarendon Press, 1980, p. 251 – 252.

جیاوازەکانی گەل). حاڵەتی پیشە میانەییەکان، بە شێوەیەکی تایبەت نوێنەرایەتییە: بەدوای یەک هاتنێکی بەرزی مانەوە لە توێژە ئەسڵییەکەیدا دەبینین، بەڵام وەک پێویست تەوزیفکردن هەیە. گەشەسەندنی کەرتی سێیەم (کەرتی خزمەتگوزاری) ڕێگە بە ڕاڤەکردنی ئەم "پارادۆکس"ە دەدا: پیشە میانەییەکان لە ڕووی ژمارەوە بە شێوەیەکی زۆر گەورە گەشە دەکەن، ئەم توێژە تەنها لە ڕێگەی تەوژمی ئەو تاکانەی لە پێشەکانی دییەوە هاتوون، دەتوانێت گەشە بکات. پاشان مۆبیلیتەی کۆمەڵایەتی، سەرەتا مۆبیلیتەیەکی بونیادییە.

جێگیریی کۆمەڵایەتی (بەستەڵۆکی، "میراتی کۆمەڵایەتی" یا ڤیسکۆسیتی (لصوق)ی کۆمەڵایەتی) بە شێوەیەکی بەرفراوان بە باڵادەستی دەمێنێتەوە، بە تایبەتی لە هەردوو لایەنی زنجیرەیی کۆمەڵایەتییەوە: ڕێژەی نەوەکان لە توێژی باوانیان سەبارەت بە کادران و کرێکاران زۆر گرنگە. لە پاڵ ئەوەشدا، تێبینی دەکەین کە "شێوازەکانی" مۆبیلیتە کورتە: ئەو تاکانەی جموجووڵ دەکەن، دەچنە ڕیزی ئەو توێژەی لە توێژە ئەسڵییەکەیانەوە نزیکە، لەبری ئەو توێژەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر جیاوازە.

سەرباری گەشەسەندنی ئابووری، مۆبیلیتە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە زیاد ناکات. پێویستە بوترێ کە سەرکەوتن لە فێرگە بووەتە مەرجێکی نیمچەزەرووری بۆ گەیشتن بە نێوەندێکی "باڵا"، چونکە شێوازەکانی دیی وەک سەندیکا و حیزبی سیاسی یا تەنانەت سەرکەوتوویی تاک کە وەڵامگۆی نموونەیی کەسی خۆکرد (self made man)ە لە ئەمڕۆدا، زۆر ناکارایە.

**(٨١) خشتەی ١**

کۆمەڵەی کۆمەڵایەتیی پیشەیی بۆ پیاوان* لە ساڵی ١٩٩٣، بەپێی کۆمەڵەی توێژی کۆمەڵایەتیی پیشەیی باوانیان لە ساڵی ١٩٩٣دا
(ژمارە بە هەزاران)

| پیشەی کۆمەڵایەتیی توێژی باوک | جووتیار | پیشەوەر، بازرگان، خاوەنی کۆمپانیا | کادری پیشە فیکرییە باڵاکان | پیشەی میانەیی | فەرمانبەر | کرێکار | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جووتیار | ٢٥٨ | ٨١ | ١٠٨ | ١٥٣ | ٨٤ | ٣٦٥ | ١٠٤٩ |
| | %٢٥ | %٨ | %١٠ | %١٤ | %٨ | %٣٥ | %١٠٠ |
| | %٨٦ | %١٢ | %٩ | %١١ | %١٥ | %١٩ | %١٧ |
| پیشەوەر، بازرگان، خاوەنی کۆمپانیا | ١٤ | ٢٤٦ | ١٨٠ | ١٦٨ | ٥٦ | ١٦٧ | ٨٣١ |
| | %٢ | %٢٩ | %٢٢ | %٢٠ | %٧ | %٢٠ | %١٠٠ |
| | %٥ | %٣٦ | %١٦ | %١٢ | %١٠ | %٩ | %١٤ |
| کادری پیشە فیکرییە باڵاکان | ٣ | ٥٤ | ٢٦٦ | ١٠٤ | ٤٢ | ٣٤ | ٥٠٣ |
| | %٠ | %١١ | %٥٣ | %٢١ | %٨ | %٧ | %١٠٠ |
| | %١ | %٨ | %٢٣ | %٧ | %٧ | %٢ | %٨ |
| پیشەی میانەیی | ٥ | ٥٦ | ٢٢٥ | ١٩٠ | ٦١ | ٩٧ | ٦٣٤ |
| | %١ | %٩ | %٣٥ | %٣٠ | %١٠ | %١٥ | %١٠٠ |
| | %٢ | %٨ | %١٩ | %١٤ | %١١ | %٥ | %١١ |
| فەرمانبەر | ١ | ٤٩ | ١٤٨ | ٢١٥ | ٧٤ | ١٨٠ | ٦٦٧ |
| | %٠ | %٨ | %٢٢ | %٣٢ | %١١ | %٢٧ | %١٠٠ |
| | %٠ | %٧ | %١٣ | %١٥ | %١٢ | %٩ | %١١ |
| کۆ | ٣٠٠ | ٦٩٠ | ١١٥٥ | ١٣٩٨ | ٥٦٨ | ١٩١١ | ٦٠٢٢ |
| | %٥ | %١٢ | %١٩ | %٢٣ | %٩ | %٩ | %١٠٠ |
| | %١٠٠ | %١٠٠ | %١٠٠ | %١٠٠ | %١٠٠ | %١٠٠ | %١٠٠ |

• مەیدان: پیاوان، کرێکاران و ئیشکاران یا کرێکارە کۆنەکان لە ئایاری ١٩٩٣، تەمەن ٤٠ بۆ ٥٩ساڵ.

سەرچاوە: لێکۆڵینەوەی ف. ک. ب (مەشق و ڕاهێنانی پیشەییانە – FQP – formation et qualification professionnelles) لە پەیمانگەی نیشتمانیی فرەنسا بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری-Insee.

خوێندنەوە: لە ساڵی ١٩٩٣دا، ٦٠٢٢٠٠٠ پیاو کە تەمەنیان لە نێوان ٤٠ تا ٥٩ ساڵان دەبوو، بەوپەڕی ماندووبوونەوە کاریان دەکرد، لە نێویاندا ١٩١١٠٠٠ کرێکار، واتە ٣٢٪ لە پیاوانی ئەم نەوەیە بوون. ئەو کرێکارانە لە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتیدا گەورە نەبووبوون: ١٠٦٨٠٠٠ کەس باوانیان کرێکار بوو (واتە ٥٦٪)، ٣٦٥٠٠٠ کەس لە باوانی جووتیاران بوون (واتە ١٩٪)، هتد، بە شێوەیەکی گشتیتر، لە هەر خانەیەکدا، ژمارەی یەکەم ژمارەی کرێکاران ڕوون دەکاتەوە: ٢٢٨٠٠٠ پیاو تەمەنیان لە نێوان ٤٠ تا ٥٩ ساڵ بوو، کادری نەوەی کرێکارەکان بوون. ژمارەی دووەم (هێڵی لار) چارەنووسبەخشە: ١٠٪ کادرەکان نەوەی کرێکارەکان بوون. ژمارەی سێیەم ڕێژەی دامەزراندن دەردەخات: ٢٠٪ کادرەکان کرێکارزادە بوون.

(٨٢) بەڵام، تەنانەت کاتێک منداڵانێکی کەمیش دەچوون بۆ خوێندنگە یا بۆ ماوەیەکی کورت دەمانەوە، هەمیشە خوێندنگە ڕۆڵی پێشەنگی هەبووە. ئەمڕۆش لەوە زیاترە، کاتێک سەرنجی بەدیموگرافیاکردنی ڕاستەقینەی سیستمی خوێندنگە دەدەین (بڕوانە خشتەی دوو). بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ خوێندنگە خۆڕاییە، عەلمانییە و بە شێنەییش بۆ ماوەیەکی درێژتر بووە بە ناچاری: خوێندنی ناچاری تا تەمەنی سیازدە ساڵان (ماوەی ١٢٠ ساڵە)، تا تەمەنی شازدە ساڵان (ماوەی ٤٠ ساڵە)، یەک پەیمانگە (ماوەی

٢٥ ساڵە)، گشتی (ماوەی ١٢ ساڵە). لێرە بەدواوە، تێکڕای چوون بۆ خوێندنگە (بە خوێندنی پۆلەکانی پێش سەرەتاییشەوە) ١٩ ساڵە و ڕۆڵی بونیادی خوێندنگە و ئەرکەکەشی وەک شوێنی بەیەگەیشتنی نەوەیەک، هەر بە ڕاستی زیادی کردووە. سیستمی خوێندن بە ئەندازەیەک گەشەی کردووە و بڵاو بووەتەوە زۆر جار قسە لەسەر "دیموکراتیزەکردنی خوێندن" دەکەین. بەڵام سەلماندنی بوونی هەمیشەیی نایەکسانی لە دەرفەت بۆ گەیشتن بە پۆستە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ڕۆشنایی دیموکراتیزەکردن، زیاتر بەپێی چەندایەتی تا جۆرایەتی، ڕوون و ئاشکرا بووە. تەنانەت ئەگەر ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵاش زۆر بەرز بێت، ئەوا هێشتا نایەکسانیی پەیوەست بە ڕیشەی کۆمەڵایەتی زۆر بە زەقی بوونی هەیە. کەمیی نوێنەرایەتیکردنی منداڵانی توێژە میللییەکان و فرەیی نوێنەرایەتیکردنی منداڵانی توێژە باڵاکان لە پسپۆڕیی زانکۆکاندا، بە تەواوەتی چەسپیوە (بڕوانە خشتەی ٤). کەواتە، چی بنووسین دەربارەی ئەوەی چی لە خوێندنگە باڵاکان ڕوو دەدا؟ (بڕوانە خشتەی ٣).

(٨٣) خشتەی ٢– پەرەسەندنی سیستمی خوێندن
ژمارەی کارمەندان (بەهەزاران)

| ساڵ | پلەی یەکەم خوێندکاران مامۆستایان | پلەی دووەم خوێندکاران مامۆستایان | باڵا خوێندکاران مامۆستایان | ڕێژەی سەدی بۆ کۆی بودجەی دەوڵەت خوێندکاران مامۆستایان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ٦٢٠٠ ١٥٧ | ١٣ ٢٥٠ | ٢ ٤٠ | ٦،٥ |
| ١٩٣٠ | ٥١٠٠ ١٦٨ | ٢٥ ٥٠٠ | ٣ ١٠٠ | ٧،٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٠ | ٥٢٠٠<br>١٨٨ | ١١٠٠<br>٦٥ | ٦ ٢٠٠ | ٦،٧ |
| ١٩٦٠ | ٧٢٧٠<br>٢٤١ | ٢٦٢٨<br>١٢٠ | ١١ ٣١٠ | ١٢،٤ |
| ١٩٧٠ | ٧٣٦٠<br>٢٩٨ | ٤٦٥٤<br>٢١٠ | ٣٥ ٨٥٠ | ١٦،٩ |
| ١٩٨٠ | ٧١٢٤<br>٣٣٢ | ٥٥٠٠<br>٣٦٨ | ١١٧٥<br>٤٠ | ١٩،٣ |
| ١٩٨٥ | ٦٦٨٥<br>٣٤١ | ٥٨٣١<br>٣٩٩ | ١٣٥٨<br>٤٤ | ١٨،٠ |
| ١٩٩٠ | ٦٧٠٥<br>٣٤٠ | ٥٨٥٨<br>٤١٧ | ١٧٠٠<br>٥٠ | ١٨،٤ |
| ١٩٩٥ | ٦٥٠٧<br>٣٤٦ | ٥٩٩١<br>٤٤٨ | ٢١٣٩<br>٦٧ | ٢٠،٥ |
| ١٩٩٧ | ٦٣٨٢<br>٣٤٥ | ٥٩٧٠<br>٤٥٠ | ٢١٠٠<br>٧١ | ٢٠،٩ |

مەیدان: کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانی، لێکۆڵینەوە و تەکنەلۆجیا (د. ب. د. داتا کۆنەکان لە ڕێگەی بەڵگەی ئامارە تایبەکانی پەیمانگەی نیشتمانیی فرەنسی بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری (Insee) هەڵسەنگێنراوە، لە داتا کۆمەڵایەتییەکانی ١٩٩٩، Insee، ١٩٩٩، ل٤١)

## خشتەی ٣

## پەرەسەندنی تەوزیفکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبژێری خوێندنگە لە فەرەنسا (ڕێژەی سەدی) بۆ پیاچوونەوە

| | ١٩٥١ – ١٩٥٥ | | ١٩٧٣ – ١٩٧٧ | | ١٩٨٩ – ١٩٩٣ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لە بنەچەی میللی | لە بنەچەی کادر یا مامۆستا | لە بنەچەی میللی | لە بنەچەی کادر یا مامۆستا | لە بنەچەی میللی | لە بنەچەی کادر یا مامۆستا |
| خوێندنگەی پۆلیتەکنیک | ٢١،١ | ٦٧،٦ | ١٢،٢ | ٧٧،٤ | ٨،٧ | ٨٧،٣ |
| خوێندنگەی نیشتمانی بۆ کاروباری ئیدارە – ENA | ١٨،٣ | | ١٥،٤ | | ٦،١ | ٨٨،٣ |
| خانەی مامۆستایانی باڵا ENS | ٢٣،٩ | ٦٤،٩ | ١٦،٤ | ٧٥،١ | ٦،١ | ٨٧،٨ |
| خوێندنگەی باڵای بازرگانی HEC | ٣٨،٢ | | | | ١١،٨ | ٨٦،٨ |
| کۆی لاوان (تەمەن ٢٠ تا ٢٤ ساڵ) | ٩٠،٨ | ٦،١ | ٨١،٦ | ١٠،٥ | ٦٨،٢ | ٢٠،١ |

سەرچاوە:

C. Thelot, M. Euriat, Revue francaise de sociologie, juillet – septembre 1995.

## خشتەی ٤

## بنەچەی کۆمەڵایەتی پیشەییانەی خوێندکارە فەرەنسییەکان لە زانکۆکاندا (فەرەنسا ١٩٩٦ – ١٩٩٧)

| توێژی کۆمەڵایەتی و پیشەیی | مافەکان | ئابووری | ئاداب | زانستەکان | تەندروستی | پەیمانگەی زانکۆ بۆ تەکنۆلۆجیا | کۆی زانکۆکان | ڕیزەکانی ئامادەکردن بۆ زانکۆی گەورە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جووتیاری وەبەرهێنەر | ٢.٢ | ٣.٠ | ٢.٧ | ٣.١ | ٢.٦ | ٤.٠ | ٢.٨ | ٢.٤ |
| پیشەگەر، بازرگان، خاوەن کۆمپانیا | ١٠.٤ | ١٠.٤ | ٨.٥ | ٧.٩ | ٨.١ | ٩.٦ | ٨.٩ | ٧.٤ |
| کادر | ٣٩.٢ | ٣٣.٦ | ٣٠.٢ | ٣٧.٩ | ٥٤.٠ | ٢٥.٧ | ٣٥.٢ | ٥٠.٨ |
| پیشەی میانەیی | ١٦.٣ | ١٧.٤ | ٢٠.٧ | ٢١.٢ | ١٦.٣ | ٢٢.١ | ١٩.٦ | ١٦.٠ |
| فەرمانبەر | ١٢.٩ | ١٣.١ | ١٤.٠ | ١١.٩ | ٦.٧ | ١٨.٢ | ١٢.٨ | ٦.٩ |
| خانەنشین، غەیرە کرێکار | ٨.٥ | ٨.٩ | ٧.٩ | ٦.٢ | ٥.٢ | ٦.٢ | ٨.٠ | ٧.٦ |
| کۆ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ژمارەی کرێکاران | ١٧٢٨٤٠ | ١٣٦٨٩٦ | ٤٦٧٤٦٦ | ٣١٣٩٧٧ | ١٢٨٢٩٢ | ١٠٤٤٨٦ | ١٣٢٣٩٢٤ | ٦١٤٨٨ |

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانی، ١٩٩٧.

(٨٥) لەو کاتەوەی کارەکانی پییر بۆردیۆ و ڕیمۆن بۆدۆن بڵاو بوونەتەوە، ڕاڤەکان بۆ بەردەوامبوونی نایەکسانی لە دەرفەتدا تا ڕادەیەک بە کلاسیکی ماونەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣وە بۆدۆن بەگومان بووە لە پەیوەندیی نێوان "پەرەسەندنی چوون بۆ خوێندنگەی پەیوەست بە گەشەسەندنی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان (...) و نێوان بەرزبوونەوەی ڕێژەی یەکسانی لە دەرفەت لە خوێندن و کۆمەڵگەدا (...) و نێوان بەرزبوونەوەی مۆبێلیتە وەک دەرئەنجامێکی پەرەسەندنی پیشەسازی."[١] ئەو نموونەیەی جیهانی کۆمەڵایەتیی تاکگەرایی جیا کردووەتەوە، جەخت لەسەر شرۆڤەی ستراتیجیی ڕەفتاری بکەرەکان دەکاتەوە: تاکەکان بەپێی ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتییان، بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێژەی سەرکەوتنێکی باشی خوێندنگە بە دەست دەهێنن. ئەو خێزانانەی بە ژێر دادەنرێن، تا خوێندنگە بژاردە (بە تایبەتی لە پۆلەکانی فێرکاری) بسەپێنێت، پەنا بۆ هاوکێشەی: نرخ/ باشییەکان/ ڕیسک دەبەن. ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتییان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کار لە پاڵنەرەکانیان دەکات: یەکەم، تێچووە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندن بۆ ماوەیەکی زۆر، تا چینی کۆمەڵایەتی نزم بێت، بەردەوام بەرز دەبێتەوە – ئیدی لێرەوە پێویستە لەسەرمان بچینە نێو وردەکارییەکانەوە: سەبارەت بە خێزانە "میللییەکان"، تێچووی ئابووریی (کتێب، گواستنەوە... هەروەها بێبەشکردنی گریمانەیی لە داهاتی گەنج!) و کۆمەڵایەتی (زۆر جار

---

[1] ڕیمۆن بۆدۆن، نایەکسانی لە دەرفەتدا، مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا.

Raymond Boudon, L'Inegalite des chances, la mobilite sociale dans les societes industrielles, Armand Colin, 1973, p. 9.

سەرکەوتن لە خوێندنگە، دەبێتە مایەی ئەوەی لە ژینگە کۆمەڵایەتییە ئەسڵییەکەی دابېڕێت)، دەروونی (خوێندن تەقەلایەکی پێچەوانە دەسەپێنێت: بۆ نموونە، پێویستە بۆ بەرژەوەندیی خوێندن، واز لە هێندێک خولیا بهێنرێت!) ئینجا ئەو چاکەکارییانەی پێشوو کە دەخرێنە سەر خوێندن و دەگونجێت لەگەڵ دەرفەتی گەیشتن بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزتر لە ئاستی خێزانە ئەسڵییەکەی و پێی وایە وا تەماشا دەکرێ وەک ئەوەی بچووک دەبێتەوە تا چینی کۆمەڵایەتیی نزم بێت؛ دواشتیش، ئەو مەترسییەی (بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە شکستەوە هەیە) لە ئەنجامی دەربەستبوون بە وەبەرهێنانی خوێندنگەوە ڕوو دەدا و تا چینی کۆمەڵایەتی نزمتر بێت، قەبەتر دەبێت. (٨٦) لەمەشدا ئەوە هەڵدەگۆزرێت کە کارێکی زۆر لۆجیکی و عەقڵانییە خێزانە "میللییەکان" خوێندنی ماوەکورت پەسەند بکەن. لە پاڵ ئەوەشدا، بۆدۆن ڕاڤەیەک بۆ "پارادۆکسەکەی ئەندرسۆن-Anderson" دەکات کە وەسفی ئەو ناکۆکییە ڕووکەشییە دەکات کە لە ئەنجامی پێگەی کۆمەڵایەتیی نەوەکان سەبارەت بە پێگەی باوان دروست دەبێت و تا ڕادەیەک پەیوەندییەکی کەمی بە بڕوانامە تایبەتەکانیانەوە هەیە. لە چوارچێوەی بارستەبوونی خوێندن و کەڵەکەبوونی ڕەفتارەکانی تاک (خوێندن تا مومکین بێت بۆ ماوەیەکی زۆر)، دەبێتە مایەی کارتێکردنێکی گەندەڵ: تێکشکانی بەهای بڕوانامە. پاشان؛ بۆ نموونە، مایەی سەرسووڕمان نییە کاتێک منداڵی کرێکار دەبینین بڕوانامەی بەرزتریان لە باوانیان پێیە و هەمان پێگەی باوانیشیان هەیە.

## تیۆری مایکرۆسۆسیۆلۆجیا بۆ بژاردەکانی خوێندنگە...

"ئەو تیۆرەی بە تەواوەتی و بە ساکاری زانیارییە جۆراوجۆرەکانی بەردەستمان ڕوون دەکاتەوە، دەتوانێت بە شێوەیەکی یەکجارەکی بەم جۆرە یەکلا ببێتەوە:

١ – لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، جیاوازیی دابەشکردنی بەها کاریگەرەکان (بۆ نموونە، ئەو بەهایانەی پەیوەستن بە چەمکی سەرکەوتنەوە) لە ڕەفتارەکانی خوێندنگەدا هەیە. پاشان، لەگەڵ مانەوەی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا، پێویستە لەسەر تاکی چینی خوارەوە بەهایەکی کەمتر بە خوێندن و فێرکردن وەک ئامرازێکی سەرکەوتن بدات (گریمانەی کولتووری چینایەتیی هەندەکی).

٢ – لەگەڵ مانەوەی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا، تاکی چینی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە باقیی چینەکانی دی، بە لایەنی کەمەوە بەر بەربەستێکی مەعریفیی دیاریکراو دەکەوێت (گریمانەی لاوازی و بێتوانایی مەعریفی).

٣ – لەگەڵ مانەوەی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا، تاک لە چینی خوارەوە تا ڕادەیەک باشییەکانی دوارۆژ بۆ وەبەرهێنانی خوێندنگە بە کەم هەڵدەسەنگێنێت (گریمانەی هاوکێشەی تێچووەکان/ باشییەکان).

٤ – لەگەڵ مانەوەی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا، تاک لە چینی کۆمەڵایەتیی خوارەوە بە تێکڕا لە هەڵسەنگاندنی خراپییەکانی هەنووکە بۆ وەبەرهێنانی خوێندنگە حەز بە زیادەڕەوی دەکات (گریمانەی هاوکێشەی باشییەکان/ خراپییەکان).

٥ – لەگەڵ مانەوەی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا، تاک لە چینی کۆمەڵایەتیی خوارەوە، بەراورد بە باقیی چینەکان، حەز لە زیادەڕەوی لە هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی (٨٧) وەبەرهێنانی خوێندنگە دەکات (گریمانەی هاوکێشەی تێچووەکان/ باشییەکان).

ئەو پێشنیازانەی لێرەدا تەنها بە شێوازێکی بەرهەست دەیانخەینە ڕوو، لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بە شێوازێکی زۆر وردتر دایان بڕێژینەوە، تیۆری مایکرۆسۆسیۆلۆجیا بۆ بژاردەی خوێندنگە پێشکەش دەکات. ئەم تیۆرە ئەو هۆیەمان بۆ ڕاڤە دەکات کە بەسەرماندا دەیسەپێنێت پێشبینیی دیدگای تاکێکی چینی خوارەوە بکەین کە بە تێکڕایی یەک ئاستی نزمی خوێندنگەی هەیە. ئەوەمان بۆ ڕاڤە دەکات بۆچی بژاردەی خوێندنگە، کاتێک سەرکەوتنی خوێندن باش دەبێت، بە کەمی بە ئەسڵی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست دەبێت و بۆچی کاتێک سەرکەوتنی خوێندن خراپ دەبێت، بە زۆری پێوەی پەیوەست دەبێت. بە دڵنیاییەوە ڕاڤەی ئەوەمان بۆ ناکات بۆچی جیاوازییەکانی نێوان چینەکانی سەرەوە و خوارەوە لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا لە فەرەنسا بە نزیکەیی بە ڕێژەی دەیە. ئەو تەنها پێمان دەڵێت لە نێوان ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردن بە خوێندنی باڵاوە، پێشبینیی دیدگای پەیوەندیی ئاماری (لە ڕووی چەندایەتییەوە دیاریکراو نییە) بکەین. بەڵام بە ئاسانی ئەو ئاڕاستەیە دەبینین کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەیگرێتە بەر: پیشەی هەرزەکارێک لە سیستەمی خوێندنگەدا دەتوانێت وا دابنێت، ڕشتەیەک لە بڕیاردان، دووبارەبوونەوە و سروشت و گرنگیی دامەزراوەکانی خوێندنگە دیاری دەکەن. ئەو میکانیزمانەی لە سەرەوە باس کراون، تا زیاتر قۆناغە پێشکەوتووەکانی خوێندن لەبەرچاو بگرین، ڕۆڵی دووبارەبوونەوە وازی دەکات و دەبێتە مایەی جیاوازیی گەورەتری نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان. بە دەستەواژەی تەکنیکی، لۆجیکی پرۆسەی بڕیاردان کە پێشنیازەکانی سەرەوە وەسفی کردووە، بە دووبارەبوونەوەی، ڕووکارێکی بنەڕەتی بە جیاوازیی نێوان چینەکان دەبەخشێت. کەواتە لەم خاڵەوە وەڵامێکی تەواو و پەسەندمان بۆ ئەو پرسیارە دەبێت کە وەک خاڵی دەسپێک

وەرمان گرتووە: بۆچی لە وڵاتێکی وەک فرەنسا (هەمان دیاردە لە شوێنەکانی دییش بەدی دەکەین)، دەرفەتی گەیشتنی منداڵی کرێکارێک بە زانکۆ، دەیان جار لە منداڵی کادرێکی پایەبەرز کەمترە."

ڕیمۆن بۆدۆن، لۆجیکی کۆمەڵایەتی

Raymond Boudon, La Logique du social, Hachette, 1979, p. 250 – 251.

تیۆرەکەی بۆردیۆ پەنا بۆ شێوازی ڕاڤەکردنێکی جیاواز دەبات. بە بەشداربوونی جان-کلۆد پاسیرۆن (Jean-Claude Passeron) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سیستمی خوێندن "بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی"[1] بە یاسا دەکات. ڕەنگە خوێندنگە ڕێگە بە هێشتنەوەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی چینی باڵادەست بدات و هانی سەرجەم گەلیش بدات قبوڵی بکەن. ئەو میکانیزمە پشت بە ڕێساکانی گەمەی خوێندنگە یا زانکۆ دەبەستێت کە بەهایەک بە زانستی "پوخت" و "لێهاتوویی زمانەوانی و ئاسانیی داماڵین دەبەخشێت، لەپێشبوونی یەکسەری بە ئەوانە دەدا کە سەروکاریان بەم مانایەوە هەیە. ئیدی بەم شێوەیە، ڕەنگە خوێندنگە نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی بۆ نایەکسانیی خوێندنگە گۆڕیبێت. لە ژێر ڕووپۆشی جیاکردنەوەی تەکنیکیدا، جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە ئەنجام دەدا، هەر وەکو بابەتی داڕشتن بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە. لەگەڵ ئەم مەشقەدا کە هەڵەچنییەکی

[1] پییر بۆدیۆ و جان-کلۆد پاسیرۆن، وەرەسە، خوێندکار و کولتوور.

Pierre Bourdieu et Jean – Claude passerson, Les Heritiers Les etudiants et la culture, Editions de minuit, 1964, Les La Reproduction, Editions de Minuit, 1970.

دیاریکراوی لە خۆ نەگرتووە، مامۆستای هەڵەچن بە تەنها بڕیار لەسەر زانیارییەکان نادات، بەڵکو بڕیار لەسەر ئەو ناوەڕۆکە نەبینراوەش دەدا کە لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان تەرجەمە دەکات (ئاسانیی نووسین، شێواز، توانستی بەڵگەهێنانەوە...). لە واقیعدا، کارزانی و شارەزایی ئەم لێهاتووییە پەیوەستە بە پێکهێنانی کۆمەڵایەتییەوە کە چێوەی خوێندنگە تێدەپەڕێنێت و بە شێوەیەکی تایبەتی جەخت لەسەر خێزان دەکاتەوە. بەڵام سەرچاوەکانی خێزان لەسەر ئاستی سەرمایەی ئابووری و ئاستی سەرمایەی کولتووری یەکسان نین. بەگوێرەی بۆردیۆ، دەستەی فێرکاری کە وابەستەی ئەو توێژەیە و ملکەچ و گوێڕایەڵی چینە باڵادەستەکانە، بڕیارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڕیارەکانی خوێندنگە دەگۆڕێت. منداڵانی چینی ژێردەست نەک بە هۆی شکستی خوێندن دوور دەخرێنەوە، بەڵکو قەناعەتیان بەو بیرۆکەیە هەیە کە شکستخواردن ڕەنگە یەکەم جار لە ئەنجامی سنووری فیکریی تایبەتیانەوە بێت (نوقسانی لە بەهرەدا). لە سەرووی ئەوەشەوە، هەموو بەشداربوویەک لە "گەمەی کۆمەڵایەتی"دا بە جۆرێک لە جۆرەکان چێژ لە سەرمایەیەکی بەرز وەردەگرێت: لێرەدا کارەکە پەیوەستە بە "پەڕاوی ناونیشانەکان"ەوە، واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (بە زانیارییەکانیشەوە)، لە کاتی هەوڵدان بۆ چوونەنێو بازاڕی کارکردنەوە حیساب دەکرێ، ئەوەش بوونی نایەکسانی لە نێوان گەنجانی دەرچوو لە کارکردندا ڕاڤە دەکات. بە بڕوانامەی یەکسانەوە (٨٩) منداڵانی سەر بە ژینگە کۆمەڵایەتییە دەوڵەمەندەکان لە تێکەڵبوونی پیشەدا لە ئەوانی دی سەرکەوتووتر دەبن.

## خوێندنگە یا ئامرازی "جیاکردنەوەی خوێندنگە"

کاتێک دایک، زۆر جاریش لە بەردەم کوڕەکەیدا، دەڵێت، "لە زمانی فرەنسیدا لاوازە"، بەوەش لەگەڵ سێ سیستمی کاریگەری ناهاندەردا پیلان دەگێڕێت: یەکەم، بێئاگایی لەوەی کە ئەنجامی کوڕەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە کەشوهەوای کولتووریی خێزانەکەیەوە هەیە، گۆڕان بۆ چارەنووسی تاکێک بەرهەمی پەروەردەیەکە کە بە لایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی هەندەکی، دەتوانرێ بە بزووتنەوەیەکی پەروەردەییانە خاس بکرێتەوە؛ دووەم، نەپرسینی لە شتەکانی خوێندنگە، تەنانەت پەیدانەکردنی شتێک لە ڕێگەیەوە بەرهەڵستیی دەسەڵاتی مامۆستایان بکات، لە ئەنجامێکی ساکاری خوێندنگەوە شتگەلێکی پێشکات و کۆتایی هەڵگۆزێت؛ سێیەم و کۆتایی، کاتێک سزا بەسەر ئەم جۆرە بڕیارانەدا دەسەپێنرێت، هەستی منداڵەکە بەوە تۆکمە دەبێت کە خۆڕسکانە لەم توێژە یا ئەوی دیدا پۆلێن کراوە. پاشان، دەسەڵاتی خوێندنگەی بەیاساییکراو دەتوانێت نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دووهێندە بکات، چونکە چینە هەژارەکان کە هۆشیارن بە چارەنووسی خۆیان و بێئاگان لەو شێوازانەی لە ڕێگەیەوە ئەو چارەنووسە بەدی دەهێنێت، بەشداری لە بەدیهێنانیدا دەکەن.

پییر بۆردیۆ و جان-کلۆد پاسیرۆن، وەرسە، خوێندکار و کولتوور

Pierre Bourdieu et Jean – Claude Passeron, Les Heritiers. Les Etudiants et la culture , Editions de Minuit, 1964.

توێژینەوە تازەکانی لە بابەت توێژینەوەکانی گۆکس و مۆران[1] ئەنجامگیرییەکانی بۆردیۆ یا بۆدۆن دووپات دەکەنەوە. لە فرەنسا، هەر وەکو زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان، ناتەبایی و ناکۆکییەکی ڕوون دەبینین لە نێوان ئەو بەرکەماڵییەی لەسەر سیستمی شایستەیی لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا دامەزراوە و پێواری مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی. توێژینەوە ئەزموونگەراییەکان، وەک ئەوەی (٩٠) کلۆد تیلۆ ( Claude Thelot)[2] ئەنجامی داوە، بیرۆکەی سووککردنێکی ناچیزی ڤیسکۆسیتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی فرەنسی لە نێوان پەنجا و شەستەکاندا ڕوون دەکاتەوە. لە دوورمەوداشدا، ئاڕاستەکە بەرەو جێگیربوون دەچێت...

### ج- ناڕەزایەتی

هەر وەکو تێگەیشتین، شرۆڤەکارانی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی بەرگرییەکی زۆریان لەو بیرۆکەیە کردووە کە پێی وایە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی پوخت لە فرەنسا، هەر وەکو لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی دی، زۆر ناچیزە. لەم خاڵەدا،

---

[1] دۆمینیک گۆکس و ئێریک مۆران، ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی خوێندنگە. نایەکسانی لە دەرفەتی خوێندنگەیی بەردەم خوێندن، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەشق، لێهاتوویی پیشەیی ١٩٧٠، ١٩٧٧، ١٩٨٥، ١٩٩٣.

Dominique Goux et Eric Maurin, "Origine sociale et destine scolaire. L'inegalite deschances devant l'enseignment a travers les enquetes formation Qualification Professionnelle 1970, 1977, 1985 et 1993" in Revue francaise de sociologie, XXVI –I, 1995, p. 81 – 121, ou "Destinees sociales:le role de I'ecole et du milieu d'origine" et "Democratisation de I'ecole et persistence des inegalites", in Economie et statistiques, n 306, 1997, p. 13 – 26 et p. 27 -39.

[2] تیلۆ کلۆد، ئەمە کوڕی باوکی خۆیەتی؟ پێگەی کۆمەڵایەتی و بنەچەی خێزان.

Thelot Claude, Tel pere, tel fils? Position sociale et origine familiale, Dunod, 1982.

توێژینەوەکانی گۆکس و مۆران بە شێوەیەکی گشتی دەچنە پاڵ ئەنجامگیرییەکانی گۆڵدسۆرپ: ڕەنگە لێرەدا سوباتێکی زەمەنی بۆ سیستمی مۆبێلیتە هەبێت. لوی-ئەندریە ڤالیَ (Louis-André Vallet) لە گۆڤاری فرەنسی بۆ سۆسیۆلۆجیا (La Revue française de sociologie)، سەبارەت بە کۆمەڵگەی فرەنسی، لە وتارێکی سەرنجڕاکێشدا تانە لەم ئەنجامگیرییە دەدا. لە "چل ساڵی مۆبێلیتە لە فرەنسا"، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە جێگیربوونی نایەکسانی لە دەرفەتی کۆمەڵایەتی لە دوو دەیەی دواییدا بەستراوەتەوە بە کەموکورتی لە هێزی ئامارە تەکنیکییە بەکارهاتووەکاندا. بە دڵنیاییەوە شێوازە باوەڕپێکراوەکانی نووسەر ڕێگە دەدا بەوەی کۆکردنەوەی ئاماریی نێوان ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی، لە ساڵانی ١٩٥٣ تا ١٩٩٣، بە شێوازێکی ڕێک ساڵانە بە ڕێژەی ٥،٠٪ کەم بکات. لەسەر ئەم شێوازە -٢٠٪ لە کۆی ماوەکە- پێویستیمان بە دوو سەدە دەبێت تا بگەین بە کۆمەڵگەیەک کە چارەنووسە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا لە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ بن. دەشێت حەزێکی شێنەیی، بەڵام سیستماتیکانە بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی لە دەرفەتی کۆمەڵایەتیدا بەدی بکەین؛ بۆ نموونە، لە نیوەی ئەم سەدەیەوە، سەرباری ئەوەی هێشتا بەرزە، ئەوا پەیوەندی لە نێوان دەرفەتی منداڵانی کادر بۆ ئەوەی ببن بە کادر و دەرفەتی منداڵانی کرێکارانیش بۆ ئەوەی ببن بە کرێکار، کەم بووەتەوە. بۆیە لە ماوەی چل ساڵدا، ژمارەی ئەو ژن و پیاوانەی پۆستێکیان هەیە، ڕەنگە لە پێواری بەرزبوونەوەی نەرمونیانی کۆمەڵایەتیدا نەیانبووبێت (٩١)، لەگەڵ پێدراوی ڕێژەی ٤٪ فرەنسییەکان دەگونجێت کە ساڵی ١٩٩٣ پۆستیان

هەبوو. کارەکە پەیوەستە بە ژمارەیەکی تا ڕادەیەک بچووکەوە، بەڵام بە جیاکاری دەمێنێتەوە: بە دڵنیاییەوە ئەم ڕێژەیە زۆر گەورە نییە، بەڵام ناتوانین بە ساکاری بزانین یا بە گرنگی دانەنێین."[1]

کتێبەکە هەوڵ نادات هۆیەکانی ئەم گەشەسەندنە دیاری بکات، بەڵام هێندێک هێڵی فیکری پەسەند دەکات، بە تایبەتی داوای پیاچوونەوە بۆ شیکارییەکانی تایبەت بە نایەکسانی لە دەرفەتی خوێندنگە دەکات: ئەگەر "دیموکراتیزەکردنی خوێندن وا دەربکەوێت وەک ئەوەی نەتوانێت بە شێوەیەکی خێرا گۆڕانکاریی گەورە لە بونیادی مۆبێلیتەدا بهێنێتە ئاراوە، ئایا پێویستە جەخت بکەینەوە لەوەی لە مەودایەکی دووریشدا نابێتە مایەی هیچ گۆڕانێک؟"[2] بە بەشداریی کلۆد تیلۆ، لوی-ئەندریە ڤالێ ئەم هێڵەی لە وتارێکدا قووڵ کردەوە بە ناونیشانی: "کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە بەردەم خوێندنگە لە سەرەتای سەدەوە":[3] هەردوو نووسەرەکە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئەگەر سەرئەنجام نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لەسەر توندییەکەی ئەمڕۆی بەردەوام بێت، ئەوا لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابوردوودا پاشەکشێی کردووە —بەڵام بە

---

[1] لوی-ئەندریە ڤالێ، چل ساڵ لە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتی لە فرەنسا. گەشەسەندنی نەرمونیانیی کۆمەڵایەتی لە بەر ڕۆشنایی نموونە هاوچەرخەکاندا.

Louis – Andre Vallet, "Quarante annees de mobilte sociale en France. "L' evolution de la fluidite sociale a la lumiere de modeles recents", in Revue francaise de socialogie, XL - I, 1999, p. 56.

[2] لوی-ئەندریە ڤالێ، هەمان سەرچاوە.

[3] کلۆد تیلۆ و لوی-ئەندریە ڤالێ، کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە بەردەم خوێندنگە لە سەرەتای سەدەوە.

Claude Thelot et Louis – Andre Vallet, "La reduction des inegalites sociales devant I'ecole depuis le debut du siecle" in Economie et statistique, 334,p. 4 – 32.

شێوەیەکی ناسیستماتیکانە– ئەوەش نەک بە هۆی فراوانبوونی خوێندن (لە سیستمی خوێندنی گشتییەوە بەرهەم هاتووە)، بەڵکو لەوەش واوەتر، بە شێوەیەکی چەندایەتی.

گرنگیدان بە کۆتاییهێنان بەم بەشە بۆ لوی–ئەندریە بەجێ دەهێڵین: "دیدێکی پڕبایەخ و ڕێزدارم بۆ باڵاکردنی نەرمیی کۆمەڵایەتی یا کەمکردنەوەی نایەکسانی لە دەرفەتی خوێندنگەدا نییە. لە ڕاستیدا ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگەیەکی پێشبڕکێکارانەتردا بژین، هەروەها لە کۆمەڵگەیەکدا کە حەتمییەتی کۆمەڵایەتی تێیدا کەمە، واتە کۆمەڵگەیەک مردن تێیدا لە چەند دەیەی ڕابوردوودا کەمترە، بە دیدی من، ئەم خاڵە گرنگیی لەوانەی پێش خۆی زیاترە."[١]

[1] لوی–ئەندریە ڤالێ، پێوەری گەشەسەندنەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و خوێندنگە لە دوورمەودادا.

Louis – Andre Vallet, "La mesure des evelutions des ingalites sociales et scolaires en longue periode" in Ecole et Societe. Les paradoxes de la democratie, sous la direction de Raymond boudon, Nathalie Bulle et Mohamed Cherkaoui, PUF, 2001, p. 204 – 205.

## ئەنجامگیری

کۆمەڵگە دیموکراسییەکان بزووتنەوەی زۆر قووڵی یەکسانی لە هەلومەرجدا بە خۆیانەوە دەبینن. بەڵام بەدیهێنانی پرۆژەیەکی لەم جۆرە ڕووبەڕووی گەلێک تەنگژە دەبێتەوە؛ بۆ نموونە، ئەنجامی دیموکراتیزەکردنی خوێندنگە کە زۆر نائومێدانە بوو: ئەگەر ژمارەی وانەبێژان سەبارەت بە ژینگە کۆمەڵایەتییە ئەسڵییەکان پڕبایەخ و هەمەڕەنگ بێت، ئەوا یەکسانی لە دەرفەتدا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا هەرگیز گەشەی نەکردووە. ئەوەش ڕەنگە بەسترانەوەی پتەوی و ڕەقیی بونیادگەرایی بە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی و/ یا پەرچەکرداری فێرخوازان (یا خێزانەکان) لە بەردەم دەرخستەی سیستمی پەروەردەیی ڕاڤە بکات. ئیدی ئەو دەمە مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی پوخت گرنگ دەبێت. هێندێک کاری هاوچەرخ هیوایەک دەبەخشن. لە واقیعدا، لە دوورمەودادا، ڕەنگە پێشەوەچوون لە نەرمونیانیی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی نایەکسانیی خوێندنگەدا ڕوو بدات. کەواتە نابێت واز لە ئامانجی یەکسانی لە هەلومەرجدا بهێنرێ، بەڵام زۆر پێویستە بە شێوەیەکی سیستماتیکانە وردبینیی ئەدگارەکانی سیستمی ئابووریی بزێو بە ڕێوە بچێت.

# بەشی پێنجەم

## ئایا دیموکراسییەت بە دادپەروەرییەکی گەورەتر تەرجەمە دەکرێ؟

**پێشەکی** (٩٤)

بەردەوامبوونی دیموکراسییەت وا دەخوازێت یەکسانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕێزی لێ بگیرێت. پاشان بەرجەستەکردنی دیموکراسییەتی نموونەیی لەسەر ئاستی سیاسی وا دەخوازێت یەکسانی بە نزیکاریی هەردوو ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە دەست بهێنرێ، ئەوەش ویستی بینینی بەدیهاتنی گەورەترین ئەندازەی مومکین لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکات. فەیلەسوفی یۆنانی، ئەرستۆ (٣٨٤ – ٣٢٢ پ. ز) دوو جۆر لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی جیا کردووەتەوە:

– دادپەروەریی ڕیفۆرمخوازانە، ئامانجی سزادانی ئەو کەسانەیە کە ڕێز لە یاسا و سیستمەکان ناگرن. چاکسازی دەکەین، واتە ئێمە هەر کەسێک تاوان یا سەرپێچیی ڕێساکان بکات، سزا دەدەین، [جا ئیتر] سزایی (جزائی) بێت یا لە ڕێگەی

پۆلیسەوە. ئیدی ئەو دەمە پێویستە ئەو سزایەی دەدرێتە پاڵ تاوانبارەکە، لەگەڵ سەرپێچییەکەی بگونجێت.

– دادپەروەریی دابەشکردن، ئەوەش بەپێی شایستەیی تاک یا بەپێی هەوڵ و تەقەلاکانی، خۆی لە دیاریکردنی ڕێژەی بارگرانی یا ڕێورەسمەکاندا حەشار داوە. هەوڵ بۆ یەکسانیی پاداشتی کۆمەڵایەتی و بەشداریی هاووڵاتیان لە کۆمەڵگەدا دەدەین. بەراورد بەوەش، عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ کامڵبوونێک دەکات بەو پرەنسیپانە وەردەگێڕرێت کە چییەتیی دابەشکردنی دادوەرانەی سەرچاوە مادی و سیمبولییەکانی کۆمەڵگەیەک دیاری دەکات (داهات، خزمەتگوزاری و ڕێورەسمەکان). کەواتە بەپێی سیستمێکی بەهای تایبەت، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دیاریکردنی ئەوەی چ شتێک دابەش دەکرێ و چۆن و بۆ کێ...

هەستکردن بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بە تێپەربوونی کات، بووە بە توخمێکی گرنگ بۆ ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی کە پێویستە لە "بارودۆخی کۆمەڵایەتی"ی دیموکراسیدا بوونی هەبێت، کاتێک لە جڵەوکردنی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و کەمکردنەوەی کۆڵەکەکانی شۆڕشە سیاسییە شیمانییەکاندا ڕێگەی پێ دەدرێ. لە دوای دووەم جەنگی جیهانی، داینامیکییەتی دیموکراسییەت لە گشت وڵاتە پێشکەوتووەکانی خاوەن ئابووریی بازاڕ، بە دەرکەوتنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی تەرجەمە کراوە کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان دەستوەردان دەکات. ئەو دەوڵەتەی بە ئامانجی کەمکردنەوەی نایەکسانی لە بەرامبەر مەترسییە سەرەکییەکانی هەبوون دروست بووە، وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی "داهاتە کەمەکان" بەرهەم بهێنێت (٩٥)، کاتێک باجە

زۆرەملێکان کە هەمیشە بەرزە، بە هەمان ڕێژە ڕێگە بە کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی-ئابووری نادات. ئەو باربۆ کۆمەڵایەتییانەی بە تایبەتی بەپێی پێوەر دەدرێ، لە واقیعدا، بارودۆخی تایبەتی ڕەچاو ناکات. ئەگەر ئیرادەی دیموکراسی بە بەردەستکردنی یەکسانی بە شەرعی دابنرێت، ئەوا پراکتیزەکردنی پرەنسیپی یەکسانی بەبێ هیچ جیاکارییەک، لە هێندێک حاڵەتدا، لە توانایدایە ببێتە هۆی ئەوەی شوێنەواری پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە. ئیدی پێویست دەکات دووبارە بیر لە ڕێساکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە کە "دەبێ" هاووڵاتیان پێکەوە ببەستێتەوە. کارەکانی جۆن ڕاوڵز بۆ دیاریکردنی گرنگترین ئەو شێوازانەی یەکانگیری کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ پاراستنی دیموکراسییەت بەردەست دەکات، ڕێگەی بە دارشتنەوەی دیبەتی پڕبایەخ دا. کام کۆمەڵگەمان دەوێت؟ ئایا یەکسانی دادوەرە؟ ئایا پەسەندکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی هەڵقوڵاوی کاری بازاڕی ئازاد بێت باشترە؟ کەواتە وا دەردەکەوێت لە ڕێگەی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە ناکۆکییەک لە نێوان چالاکیی ئابووری و یەکسانیی چاوەڕوانکراودا هەبێت. پێویستە لەسەرمان کام لەم دوو نموونەیە هەڵبژێرین؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە، ڕاوڵز پێشنیاز دەکات پەنا بۆ چەمکی ئازادی ببرێت. ئایا بەپێی دەستەواژە باوەکە، پێویست ناکات "ئەوەی کەمی هەیە، زۆرتری پێ بدرێ؟" ئایا داننان بە هێندێک نایەکسانیدا بە ڕاستی دەتوانێت ڕێگە بە کەمکردنەوەی نایەکسانیی دی بدات؟ ئایا پیادەکردنی ئەم کارە جیاکارە شوێنەواری ئاوەژوو بەرهەم ناهێنێت؟

## ١– له "قەرزی پیرۆزەوە" بۆ قەیرانی دەوڵەتی خۆشگوزەران

هەر وەکو پێشتر وتوومانە، جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی کە لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٩٣ دەرچووە، لە مادەی ٢١دا ئەو بیرۆکەیە هاتووە کە "قەرزێکی پیرۆز" بەرامبەر بە ئەندامەکانی لە ئەستۆی کۆمەڵگەدایە: "فریاگوزاریی گشتی قەرزێکی پیرۆزە. پێویستە لەسەر کۆمەڵگە مانەوەی هاووڵاتییە کلۆڵەکانی دەستەبەر بکات، یا کاریان بۆ بەردەست بکات یا ئامرازەکانی مانەوە بۆ ئەو کەسانە بەردەست بکات کە لە حاڵەتێکدا نین بتوانن کار بکەن (٩٦)." سەدەی نۆزدەهەم هەوڵی دا باشترین فۆرمولەی پراکتیکی بۆ ئەم پرۆژەیە بدۆزێتەوە. لە واقیعدا، لە ساڵی ١٨٤٨دا، ئایدیا سۆسیالیستییەکان و داواکارییەکانی بزووتنەوە کرێکاری و بیریارانی سۆسیال کاسۆلیکەکان، ڕێگەیان دا باشترین بۆ مافەکانی – قەرزدەر دیاری بکرێ کە کۆمەڵگە قەرزداری تاکەکانە: مافی کارکردن، مافی دڵنیایی مادی، مافی خوێندن و مافی حەوانەوە، هتد... بەڵام دەبوایە تا ساڵی ١٩٤٥ و دەرکەوتنی دەوڵەتی خۆشگوزەران چاوەڕوان بکرێ، تاکو گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی دەستوەردانی دەوڵەت جێبەجێ دەبن: کارەکە پەیوەستە بە گواستنەوە لە هاووڵاتیبوونی ڕووکەشییەوە بۆ هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینە: بوێری و هەنگاونان لەسەر بەدیهێنانی یەکسانیی سیاسی و یاسایی بەبێ هەنگاونان، بە شێوەیەکی هاوتەریب، لەسەر ئەنجامدانی بزووتنەوەیەک بە ئامانجی کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کارێکی نابەجێیە. پاشان پێویستە فراوانبوونی پرەنسیپی یەکسانی لە ماف لە بواری

کۆمەڵایەتیدا تیایدا بەدی بکرێ: هەروەها دەبێ دەوڵەت دەستەبەری "مافە کۆمەڵایەتییەکان" بکات.

ڕاپۆڕتی بیڤیریدج (Beveridge-١٩٤٢) –ناوی وەزیری تەندروستیی بریتانیای لەسەرە– بە هیوای کەمکردنەوەی "کوێرەوەری، نەخۆشی، ماڵی پەڕپوت و کەودەنی"، گوزارشتی لەم شێوازە کردووە. ئەم ڕاپۆرتە کۆڵەکەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ لە ڕێگەی ئەو سێ چەمکەوە ڕاگیر دەکات کە بە پیتی "U" دەست پێ دەکەن:

- گشتێتی (Universalite): پێویستە سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی گشت دانیشتوان بگرێتەوە. بەرامبەر بەوەش، ئەمڕۆ قسە لەسەر "گشتگیری" دەکەین: هەمان ڕێوشوێن لەسەر هەموان پیادە دەکەین.

- هاوشێوەیی (Uniformite): پراکتیزەکردنی ڕێژەیی کارێکی نەشیاوە. نابێت ڕووماڵی کۆمەڵایەتی پەیوەندیی بە دەرامەتەوە هەبێت، هەموو کەسێک بەپێی پێداویستییەکانی، نەک بەپێی بەشداریکردنی، ڕووماڵ دەکرێ.

- یەکێتی (Unite): پێویستە خزمەتگوزاریی گشتی، بەپێی پرەنسیپی هاوکاری و خۆشنودیی هاوبەش، سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە ڕێوە بەرێت.

ئامانجەکە بەرخوازانەیە: هیچ تاکێک لە چەقی ڕێگەدا بەجێ نەهێڵرێت! ئەم ویستە کۆمەڵایەتییە هەوڵ دەدا هەمان دەرفەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە هەموو تاکێک بدات.

کەواتە ڕەنگە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا وا دەربکەوێت دەوڵەت نەتوانێت واز لە پرۆسەی دابەشکردنەوە بهێنێنێت. لە واقیعدا، دەسەڵاتی سیاسی بە تایبەتی، لە ڕێگەی توانای بەردەستکردنی یەکسانیی دیاریکراو لە بارودۆخی هاووڵاتیدا

شەرعییەت پەیدا دەکات. ئیدی لێرەوە پێکهێنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە دامەزراندنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێ دەدرێ، لە چوارچێوەی ئەم وێنایەدا دەبێت: لەناوبردنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی لۆجیکێکی ئابووریی پەتییە، دەتوانێت "کۆمەڵگەی هاووڵاتیان" تێک بشکێنێت."[1] بیرۆکەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی دامەزراندنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیی ڕێژەیی بۆ کۆی کۆمەڵگە، لەگەڵ ڕێکخستنی دابەشکردنەوەدا دەگونجێت. لە ڕێگەی سیستمی پیتاکدانی مزەکار و فەرمانبەران (لەسەر بنەمای کرێ)، دەستەبەرکاران سوودی لێ وەردەگرن، لە ڕووپۆشکردنی بواری تەندروستی، لە پاراستنی پەیوەست بە ڕووداوی کارکردن و لە هاوکاریکردن لە حاڵەتێکدا تووشی هێندێک مەترسی ببنەوە (بێکاری، خانەنشینی...). کەواتە میکانیزمی هاوکاریخوازی کار دەکات بۆ ئەوەی تاکەکان نەکەونە چنگی هەژاری و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە: هاوکاری نێوان ئەوانەی تەندروستییەکی باشیان هەیە و ئەوانەی تەندروستییان باش نییە، هاوکاریی نێوان ئەوانەی کار دەکەن و ئەوانەی بێکارن (دەرماڵەی بێکاری...)، هاوکاریی کەسانی چالاک و ناچالاک (خانەشینی بە سەرلەنوێ دابەشکردنەوە). لە پاڵ ئەوەشدا، هەروەها دەتوانرێ وەک یارمەتیی کۆمەڵایەتی بۆ هەرە هەژارەکان، لە پاراستنی کۆمەڵایەتی تێبگەین؛ بۆ نموونە، لایەنی کەمی دەرامەتی تێکەڵبوون (RMI) کە سەرەتا بۆ ئاسانکاریی

---

[1] دۆمینیک شناپەر، کۆمەڵگەی هاووڵاتیان. دەربارەی بیرۆکەی مۆدێرن بۆ نەتەوە.
Dominique Schapper, La communaute des citoyens. Sur I'idee moderne de nation, Gallimard, 1994.

گەڕانەوە بۆ بازاڕی کارکردن دروست بوو، پێویستە لەم توێژەدا جۆرێک لە دادوەریی تیادا بێت، چونکە بە زۆری لەمڕۆدا بە بەردەستکردنی داهاتی بژێویی سنووردار ڕۆڵی دەردەکەوێت – ئەگەر ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ڕووپۆشی کۆمەڵایەتیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم داهاتە بە سەرکەوتن دابنرێ، ئەوا ئاوێتەبوونی پیشەیی بە شکست دادەنرێت!

لۆجیکی گشتگیر بۆ دەستوەردانی ئابووری و کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتەوە، یەکەم، لەسەر ئیرادەی پێدانی یەکسانیی ڕاستەقینە بەپێی توانا بە ئەندامانی کۆمەڵگە: هاندانی یەکسانی لە دەرفەتدا بە هەوڵدان بۆ ڕاستەکردنەوەی (٩٨) نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری. لەم چێوەیەدا، سیاسەتی باجگەرایی گرنگییەکی تایبەت بە خۆیەوە دەبینێ، باجی پلە بە پلە (وەک باجی دەرامەت) لەو ڕسومانە دادپەروەرانەترە کە کۆی خێزانەکان دەگرێتەوە (وەک باج لەسەر زێدەنرخ یا باجی ناوخۆ لەسەر بەرهەمەکانی نەوت)، بەبێ ئەوەی سەرچاوە جیاوازەکانی لەبەرچاو بگیرێن. توخمێکی دی بۆ دابەشکردنەوە و کەمکردنەوەی نایەکسانی، پەیوەندیی بە بڵاوبوونەوەی دارایی و خزمەتگوزاریی بە کۆمەڵەوە هەیە. ئیدارە، دادپەروەری، باخچە گشتییەکان و خوێندنی فەرمی، هەموویان لە لایەن گروپە لۆکاڵییەکانەوە مایەدانی دەکرێن و بە خۆڕایی پێشکەش بە تاکەکان دەکرێن، ئیدی ئاستی دەرامەتیان هەرچەندێک بێت... کەواتە لێرەدا یەکسانییەک هەیە بۆ گەیشتن بە بەرخۆریی ئەو "کالایانە"ی مافی هەموو کەسێکە و سوود بە هەموان دەگەیەنێت – ڕەنگە زەحمەتی پاڵنەرە تاکانەکەیشی ڕاڤە بکات. هێندێک لەو خزمەتگوزارییە بەکۆمەڵانە بەشداریی

دارایی دەسەپێنن، بەڵام بە گشتی، ئەو بەشداریکردنە کەمترە یا هاوتای تێچووی بەرهەمهێنانە زەروورییەکانی خزمەتە بەدیهاتووەکەیە: مۆزەخانە، شانۆیی کولتووری، گەیاندنی گشتی... بە شێوەیەکی گشتگیرانەتر، پێویستە خزمەتگوزاریی گشتی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی و کارێکی سیستماتیکانە و بەردەوام ئەنجام بدات (ناقازانجگەرایی پێوەرێک نییە بۆ ڕاگرتنی چالاکیی لەو جۆرە، پاشان هۆکاری کەمتەرخەمیی کۆمپانیا تایبەتەکان ڕاڤە دەکات کە تەنها لە دوورەوە گرنگیی پێ دەدەن). لەم خاڵەدا، دیموکراسییەت بە چاوگی هاوکاریی دەستەهەست دادەنرێت: پێویستە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی گشتی گرەنتیی مانەوە و ڕێز دابین بکەن، بۆ دەرخستنی دەسەڵاتەکان وەک ئەوەی بە هەمان شێواز و بە یەکسانی گرنگی بە هەموان دەدا. ئایا حاڵەتەکە هەمیشە بەم جۆرەیە؟

ئەمە سەرباری ئەوەی دەستوەردانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دەوڵەت، هەمیشە هەوڵ دەدا لە نێوان کاریگەرێتیی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا سازان بکات، لە واقیعدا، بەپێی لۆجیکی کینیز (Keynes)، پاراستنی کۆمەڵایەتی بەشداری لە پاڵپشتیی داواکاری دەکات، بە تایبەتی حەزی بەرخۆری لە کن نەدارەکان زیاترە تا دەوڵەمەندەکان. کەواتە بەشداریکردن لە گەشەسەندنی ئابووری بەهێزترە: ئەگەر ئەمەی دوایی بە شێوەیەکی باش بەکار بهێنرێ، ئەوەش ڕەنگە ڕێگە بە کەمکردنەوەی نایەکسانی (٩٩) و بە ئەفراندنی سازانی کۆمەڵایەتی بدات، دەبێتە مایەی جۆرێک لە یەکانگیری لەگەڵ سیستمی سیاسیدا.

لەگەڵ قەیرانی ئابووریدا، دیاردە بەسوودەکانی دەستووردانی پارێزەرانەی دەوڵەت زۆر بە ڕوونی دەرنەکەوت. بۆیە پرۆسەی دابەشکردنەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بویەوە، تا ڕادەیەک کار گەیشتە قسەکردن لەسەر ئەوەی "قەیرانی دەوڵەتی خۆشگوزەران"[1] بێکاریی بەکۆمەڵ زیاد دەکات و ژمارەی خانەنشینان دووهێندە دەکات و خەرجییەکانی تەندروستی زیاد دەکات، بە خاتری ئەوەی هەموو ئەوانە سەرچاوەی هەڵکشانی بەهێزی خەرجییە گشتییەکانن. بە هۆی خاوبوونەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرای گەشەسەندنی ئابووری کە دوای یەکەم قەیرانی نەوت ڕووی دا، نزمبوونەوەیەکی ڕاستەقینە لە دەرامەتی باجەکاندا هاتە ئاراوە و دەوڵەت نوقمی قەیرانێکی دارایی فیعلی بوو. سەرباری ئەوەش، ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەستکورتەکان هەیە ("سەرکەوتن" هێماکەی SDF نەبوونیماڵێکی جێگیر، گەواهی لەسەر دەدا)، بە بەرچاوی تۆڕێکەوە دەڕوات خەرێکە دەپچڕێت: ئەو گروپانەی بە دەست هەژارییەوە دەناڵێنن، بە شێوەیەکی بەردەوام زیاد دەکەن، بە تایبەتی فۆرمە تازەکانی هەژاری لەگەڵ فۆرمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتیی تەقلیدی ناگونجێت کە هێشتا هەر باڵادەست و باوە. لە سەرووی ئەوەشەوە، داهێنانی ڕووپۆشی نەخۆشیی گشتی (CMU)، بە مەبەستی چاککردنەوەی تەواوەتیی هێندێک لە کەلەبەرەکانی، سەلماندنی ئەم حاڵەتە بەرجەستە دەکات، بەوەی تا ئەم ساتەوەختەش، کارکردن (یا بە لایەنی کەمەوە چالاکی) مەرجێکە بۆ گەیشتن بە ڕووپۆشی نەخۆشی:

---

[1] پییر ڕۆسانڤالۆن، قەیرانی دەوڵەتی خۆشگوزەران.

Pierre Rosanvallon, La crise de I'Etat – Providence. Seuil, 198.

پەراوێزخراوەکان گرنگیی پێ نادەن و سوودیشی لێ وەرناگرن! قەیرانی ئەم کاریگەرییە بە قەیرانی شەرعییەت گەورەتر بوو: دەرئەنجامی کاری دابەشکردنەوەی دەوڵەت بە خراپی کەوتەوە، بەوەش سەرلەنوێ شەرعییەتی بە ڕەخنەی لیبراڵیزم دایەوە کە بازاڕ وەک ڕێگەیەکی گونجاو دەناسێنێت بۆ بەردەستکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی گشتی و پێی وایە هاوکاریی کۆمەڵایەتی هانی بێکاری دەدا.

## (١٠٠) ٢– بەرەو کۆمەڵگەیەکی داپەروەر؟

### أ– دۆزینەوەی پرەنسیپەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

ئامانجی جۆن ڕاوڵز، فەیلەسوفی ئەمەریکی، بریتییە لە "چارەسەرکردنی ناکۆکیی جەوهەری دەربارەی فۆرمی دادوەرانەی دامەزراوە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی لە بارودۆخی هاوچەرخدا،" بەوەی کۆمەڵگەی دیموکراسی بە هەمەڕەنگیی بیروباوەڕی گرنگ دەناسرێتەوە. گرفتەکە لە دژوارێی دۆزینەوەی ڕێسایەک بۆ یەکێتیی کۆمەڵایەتی و هاوکارییەک بە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکەوە نەبەسترابێتەوە، خۆی حەشار داوە. پاشان، شتی تازە لە هەنگاوەکەی ڕاوڵزدا لە لایەکەوە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو "لیبراڵیزمە دڕندە"یەی بە ناوی کاریگەریی ئابوورییەوە قوربانی بە هەژارەکان دەدا، لە لایەکی دی ڕەتکردنەوەی "سۆسیالیزمی ستەمگەر" کە بە ناوی "عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە" بە قوربانیدانی دەوڵەمەندەکان تەرجەمە دەکرێ. بۆیە چارەسەرێکی مامناوەندی پێشنیاز دەکات کە پێویستە ڕێگە بە گونجاندنی نێوان ڕێزلێنانی تاکەکەسی و یەکسانی بدات: دەبێ دیموکراسییەتی لیبراڵی "دادپەروەر" گرنگی بە چاودێریی ئازادیی ئابووری "میکانیزمی

بازاڕ" بدات، تا ڕێگە لەمەی دوایی بگرێت ببێتە هۆی نایەکسانییەک لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کە بەرگەی نەگیرێت.

ڕاولز لە کتێبی "تیۆری دادپەروەری – Theorie de la justice"[1]دا هەوڵ دەدا پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دابڕێژێتەوە، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی هەموو تاکێک بە تاسەوە ئینتمای بۆی هەبێت. نووسەر لە پشتیوانیی دامەزراندنیدا، "پێگەیەکی ئەسڵی" وێنا دەکات، تاکە ئامادەکان نازانن گفتوگۆ لەسەر پێوەرەکانی دادپەروەری بکەن کە لە کۆمەڵگەیەکدا پیادە دەکرێ بە ناچاری ژیانی تیادا بەسەر دەبەن و لە هەموو ئەو شتانەش بێئاگان کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە. ئەوان لە سایەی "پەردەی نەزانی"دا ئەو پرەنسیپانە دیاری دەکەن، بێ ئەوەی زانیارییەکی پێشوەختیان هەبێت، لەو پێگەیەی بە فیعلی لە کۆمەڵگەیەکی دامەزراوەیدا گرتوویانە: هیچ کەسێک چینە کۆمەڵایەتییەکەی و سامان و ڕەگەزی خۆی نازانێت، کەس هیچ نازانێت لەسەر ئەو چارەنووسەی لە دابەشکردنی توانا و بەهرە سروشتییەکاندا بۆی دیاری کراوە. بۆ ئەوەی سازانێک دەربارەی ئەو پرەنسیپانە بێتە ئاراوە، پێویستە تاکەکان لە دۆخێکی دڕدۆنگانەی یەکساندا بن.

(١٠١) ڕاولز لەو گریمانەیەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت تاکەکان ڕقیان لە ڕیسک دەبێتەوە، واتە ئارامی پەسەند دەکەن و خۆیان لە هەموو ئەو مەترسییانە دوور دەگرن کە ڕەنگە هەڕەشە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئایندەیان بکات. ئیدی لە بەرژەوەندیی هیچ کامیان نییە، تەنانەت خۆپەرستترین کەسیشیان، مەسەلەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە هەند

---

[1] جۆن ڕاولز، تیۆری دادپەروەری (١٩٧١).
John Rawls, Theorie de la justice (1971), Seuil, 1987.

وەرنەگرێت، مادامەکی ئەگەری زۆر بۆ هەر یەکێکیان هەیە بەشداریی چارەنووسی بەختێکی کەمتر لە ژیاندا بکات (بەو پێیەی بە زۆری ژمارەی هەژارەکان لە ژمارەی دەوڵەمەندەکان گەورەترە). ڕێککەوتنەکە لە سایەی ئەم پەردەی نەزانییەوە، دوای گفتوگۆیەکی بەکۆمەڵ، لەم پرەنسیپانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندنی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەدا:

- پرەنسیپی ئازادی: هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی یەکسان لە ئازادییە سەرەکییەکان بەهرەمەند دەبێت (لیبراڵیزمی سیاسی). جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی هەموو تاکێک مافی هەیە بە شێوەیەکی یەکسان لە ئازادییە سەرەکییەکان بەهرەمەند بێت: چێژوەرگرتن لەوپەڕی ئەو ئازادییەی لەگەڵ هەمان ئازادیی هەمواندا دەگونجێت. پاشان پراکتیزەکردنی ئەم پرەنسیپەش مافی دەنگدان زامن دەکات، هەروەها مافی هەڵبژاردن و ئازادیی ڕەئی و دەربڕین و گردبوونەوە و خاوەندارێتیی تایبەتی دەپارێزێت... لە بەرامبەریشدا، هەر وەکو چۆن ئەم باشانە دانیان پیادا نرا، گەلێک نایەکسانییش دەردەکەون: ئەو خەڵکە بەهێزانەی ویستی خوداوەندیان لە پشت بوو، بە شێنەیی خۆیان دەسەپاند، بە شێوازێک، نایەکسانیی بەرابەر و بەردەوامییان تۆکمە و پتەو دەکرد کە پێویستی بە پیادەکردنی پرەنسیپی دووەم دەکرد...

- پرەنسیپی جیاوازی: نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێ قبوڵە –لە سنووری دیاریکراودا– بەو مەرجەی پەیوەست بێت بە پێگەی کراوە بۆ هەموان (لە هەلومەرجی یەکسانیی دادوەرانە لە دەرفەتدا) و ئامانجی لێکەوتەکانی بریتی بێت لە باشکردنی چارەنووسی هەژاران. یەکەم، پێویستە هەلومەرجی

یەکسانی لە دەرفەتدا ڕێزی لێ بگرێت. نوێکردنەوەی ئەو نموونە دیموکراسییەی جەخت لەسەر سیستمی شایستەیی دەکاتەوە: پێویستە هەموو تاکێک بەپێی بەهرە و هەوڵ و لێهاتوویی کاری دەست بکەوێت... سەرباری ئەوەی تەبەنیکردنی هەر ڕێکارێکی سیاسی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە دابەشکردنەوە هەیە، دادپەروەرانە بێت، تەنانەت گەر نایەکسانییش دووهێندەیی بێت، بە خاتری ئەوەی باری هەژاران باش دەکات (یا لە ناهەموارترین حاڵەتدا خراپتری نەکات). هیچ نایەکسانییەک قبوڵ ناکرێ، جگە لەوەی لە بەرژەوەندیی هەژارتریندا بێت...

(١٠٢) ئەو دوو پرەنسیپە پایەیەکی سەرەکیی هەر دادپەروەرییەک پێک دەهێنن، بە ڕای ڕاوڵز، ڕێگەی بە دارشتنی "تیۆری دادپەروەری وەک ئینساف – Justice as fairness" دەدەن. لە واقیعدا، لەم کۆنتێکستەدا، نایەکسانی دادوەرانە و پۆزەتیڤە، بە تایبەتی ئەو نایەکسانییەی لە بەرژەوەندیی هەرە هەژارەکاندا بێت، چونکە دادپەرەوەریی کۆمەڵایەتی بە تەنها نابێتە مایەی یەکسانی، بەڵکو دەبێتە مایەی ئینسافیش. بەڵام ئەستەمە بە یەکسانی بەرەوڕووی ئینساف ببینەوە: لە ڕاستیدا، ئینساف شێوازێکە پێویستە ڕێگە بە گەیشتنی یەکسانی بدات. ئینساف خۆی لە باشی و بەربەستە سەرەکییەکانی تاکدا دەبینێتەوە تا ئامانجی یەکسانی بە شێوەیەکی باشتر بەدی بێت. پێویست ناکات هەموو ئەو کەسانە بە شێوەیەکی یەکسان و یەکگرتوو وەربگیرێن: دەبێ بەرامبەر بە نەدارەکان هەوڵێکی زیاتر بدرێ بۆ ئەوەی کەلێنەکانی باردۆخی ژیان فراوانتر نەبن، ئیدی زەروور دەبێت بە شێوازێکی نایەکسان مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجێکدا بکرێ کە

هەر لە بنەڕەتەوە نایەکسانە! ئیدی سیاسەتێک بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی جیاوازییە بنەڕەتییەکانی بارودۆخەکە دەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە کە لە ڕێگەیەوە مافی تایبەت بە مافی هاوبەش دەبەخشین.

لە فرەنسا، تەنها لەم دواییانەدا وەرگێڕانی فیکری ڕاولز لە مشتومڕە گشتییەکاندا بە دیار کەوت. بەڵام هەڵوێستی ئابووریناس جان پۆڵ فیتۆسی لە گفتوگۆکەدا بەشداریی کرد: "چارەسەرکردنی ترسناکترین تەنگژە کە ڕووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە –بێکاریی بەرفراوان– پێم وانییە لە خۆڕادەستکردنی گەورەیی گەشەسەندنی نایەکسانیدا و لە هەڵوەشانەوەی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا بێت. بە پێچەوانەوە، چارەسەرەکە لە یەکانگیرییەکی گەورەتردا خۆی حەشار داوە، هەروەها نەک تەنها لەسەر هۆکارە ئاکارییەکان، بەڵکو لەبەر هۆکارە کاریگەرەکان. بەهەرحاڵ، هەوڵم داوە ئەوە ڕوون بکەمەوە، بۆ سارێژکردنی بڕینێک، نەک هەر بارودۆخی کاریگەر، بەڵکو مەرجی کاریگەر خوڵقاندوویەتی، پێویست نییە گرنگیدان بە ئینساف لە پلەی دووەمدا بێت."[١] لە واقیعدا؛ بۆ نموونە، دەتوانین بپرسین ئایا لە دەرماڵە خێزانییە پاساودەرەکاندا مامەڵەیەکی یەکسان لە نێوان هەموو خانەوادەکاندا (بەبێ جیاوازیکردن لە داهاتدا) هەیە. (١٠٣) ئایا پابەندکردنی ئەو دەرماڵانە بە مەرجەکانی سەرچاوەوە کاراتر و کاریگەرتر نابێت؟ ئیدی شایستەیی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دووبارە دەکەینەوە بۆ ئەوەی قەیرانی دارایی کۆنترۆڵ بکەین:

---

[1] جان پۆڵ فیتۆسی، کێبەرکێ و یەکانگیریی کۆمەڵایەتی.
"Jean – Paul Fitoussi et cohesion socile" in Lettre de I'OFCF, 7 decembre 1994. "Competitivite

کاتێک یەکسانی تێدەپەڕێنین، هاوکاری دەدەرێت بەو کەسانەی کە بە ڕاستی پێویستیان پێیەتی. ئالان مینیک لە ڕاپۆرتە فەرمییەکەیدا باسی لەو هەڵویستە کردووە: "فرەنسا تا هەنووکە جەخت لەسەر نموونەی چونیەکیی ساکار دەکاتەوە: دووهێندەیی مافە یاسایی یا کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازێکی یەکگرتوو، کەمکردنەوەی نایەکسانی لە داهات، گەیاندنی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان تا هەموان بگرێتەوە. ئەم هەنگاوە، لە سییەی شکۆمەندد‌ا، بە سەرکەوتنی هەمەڕەنگ لەسەر ئابوورییەکی گۆشەگیری هەڵاوساو پیادە کرا کە تا ئێستاش چێژ لە گەشەیەک دەبینێت کە کاری تەواوەتی بەرهەم دەهێنێت. سەرباری ئەوەش، خەڵکانێک بیرۆکەیەک سەرکۆنە دەکەن کە نموونەیەکی لەو جۆرە بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەئینساف بێت، مادامەکی یەکسانی لە دەرفەتدا بەس نییە، توانای تاکە جیاوازەکان لەسەر خودبەدیهێنان قەرەبوو بکاتەوە."[١] نووسەری ڕاپۆرتەکە پێشنیاز دەکات بە مەبەستی قوتاربوون لە "وەڵامدانەوە کۆنەکەی چونیەکیی تەقیلیدی"، یەکسانی بە ئینساف بگۆڕرێت.

لە واقیعدا، ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو ئاستدا دانراوە: شار و پەروەردەی نیشتمانی. سیاسەتی شار هەوڵی دا بە پێشخستنی ناوچەی ئازاد، هانی دابەشکردنی باشتری کار بدات: هەوڵی ڕاکێشانی کۆمپانیاکان بۆ کەرتە "قورسە"کان لە ڕێگەی بەخشینیان لە باج. کارەکە پەیوەستە بە پاراستنی "جەمسەرەکانی چالاکی"، بە ناوچە دووردەستەکانیشەوە. بەڵام خوێندنگەی خۆڕایی و ناچاری کە

[1] ئالان مینیک، فرەنسای ساڵی ٢٠٠٠.

Alain Minc, La France de I'an Odile Jacob/ La documentation francaise, 1994, p. 85

لەسەر پرەنسیپی یەکسانی دامەزرا، بوو بە مایەی پشتگوێخستنی بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی (پاشان دەرفەتی سەرکەوتن یا ئەو بەربەستە سەرەتاییانەی پێوەی پەیوەستن) خوێندکاران بە حوکمدان لەسەر ئەرکەکانی خوێندنگەیان. ئەو یەکسانییە لە دەرفەتدا کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێ، لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەسەڵاتەکانی وا لێ کرد لە ڕێگەی دامەزراندنی ناوچەی لەبەرتر بۆ خوێندن، ڕێوشوێنی بەجێ بگرنە بەر (١٠٤)، چونکە ئەو خوێندنگایانەی مندالانی ناوچە میللییەکان وەردەگرن، ئامرازی گرنگتریان لە خوێندنگەکانی دی پێ دەدرێ. لە واقیعدا، یەکەم گشتاندنی فەرمی ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە "ئامانجی ناوچە لەبەرترەکانی خوێندن، پتەوکردنی کارە بە شێوەی جیاکردنەوە لەو ناوچانە و لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ڕێژەی شکستی خوێندکارەکانی بەرزە، [هەروەها] بە پێسپاردنی ئامرازە پێشکەوتووەکان بۆ دەسکەوتی چاوەڕوانکراو بەپێی لۆجیکی دیموکراتیزەکردن." (یەکی تەموزی ساڵی ١٩٨١). کەواتە کارەکە لە ڕێگەی تۆکمەکردنی خەسڵەتی پەروەردەیی و مادیی ئەو خوێندنگایانەی دەکەونە گەڕەکە هەژارنشینەکانەوە، پەیوەستە بە لەناوبردنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی خوێندنگەوە. سەرنج دەدەین ئاسۆی ئەم سیاسەتانە بە پلەی یەکەم خۆی لە چارەسەرکردنی لەسەرخۆی هەلومەرجی ژیان مات داوە، ئەوەش لە ڕێگەی پەنابردن بۆ هەوڵ و کۆششی پێویست بە مەبەستی هەموارکردنەوەی مەرجی بوون و خوێندن لە ناوچە هەژارەکان. چاوەڕوان دەکەین ئەم سیاسەتانە هانی قەرەبووکردنەوەی کەمتەرخەمییەکە بدەن... ئەو پراکتیکەی بە "جیاکاریی پۆزەتیڤ" دەناسرێتەوە، خەریکە لە زانستە سیاسییەکانیشدا تەشەنە دەسەنێت...

## ئەزموونی زانستە سیاسییەکان

ڕیچارد دیسکۆنگ (Richard Disconing)، بەڕێوەبەری پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان لە پاریس، بە کردنەوەی لقێک کە ڕێگەی دەدا هێندێک لەو خوێندکارە دەستەبژێرانەی لە ناوچەی لەپێشبوونی خوێندنەوە هاتبوون، ڕاستەوخۆ لە خوێندنگەکەی وەربگیرێن، مشتومڕی ورووژاند. بەم کارەشی، بە مەبەستی هاندانی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی، پرەنسیپی یەکسانیی کۆماریی نێوان هاووڵاتیان و پرەنسیپی پێشبڕکێی وەرگرتنی ڕەت کردەوە. مەترسیی پاشەکشێی ئاستی خوێندن لە خوێندنگەی سان-گیوم (Saint–Guillaume) پاساوی نەیارانی ئەو ڕیفۆرمە بوو. لە ڕاستیدا، ساڵی ٢٠٠١، حەڤدە خوێندکاری دەرچووی شەشەمی ئامادەیی ناوچە هەژارنشینەکان، لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکدا لەو خوێندنگەیە وەرگیران. لیژنەکانی ئەو ئامادەییانە لە دوای چاوپێکەوتنێکی چل خولەکی کە جەختی لەسەر فایلی ڕۆژنامەوانی دەکردەوە، خوێندکارە خۆبەخشەکانیان جیا دەکردەوە. ئەو لیژنانە لە سەرەتای دواساڵی خوێندندا، خوێندکارەکانی لە گۆڕانکارییە تازەکان ئاگادار دەکردەوە و لە بیرکردنەوە لە مەسەلە و بابەتە هاوچەرخەکاندا هاوکاریی دەکردن و لەسەر تاقیکردنەوەی زارەکی مەشقی پێ دەکردن. لە ڕاستیدا، منداڵی کۆچەرییەکان یا دەوروبەری شار لەسەریان نەبوو بەشداری لە پێشبڕکێی تاقیکردنەوەکانی زانستە سیاسییەکاندا بکەن، بەڵکو پێویست بوو لەسەریان لە ناوەڕاستی مانگی تەموز/ یۆلیۆدا، لە بەردەم ئەو لیژنەیەی لە مامۆستا و لێکۆڵەر و خاوەن کۆمپانیاکان پێک هاتووە، تاقیکردنەوەی زارەکی ئەنجام بدەن. یەکەم لیژنە بەم شێوەیە دروست بوو (١٠٥)، بە شێوەیەکی تایبەتی پێک هاتبوو لە ڕێنیە ڕیمۆنی ئەکادیمیست، سەرۆکی کۆمپانیای ATTAC، بەڕێوەبەری بانکی

نیشتمانیی پاریس BNP. کارەکە هەرگیز پەیوەست نییە بەوەی حوکم لەسەر ڕوناکبیریی پالێوراوەکە بدرێ، بەڵکو پەیوەستە بە ئارەزوویان بۆ زانیاری و تێگەیشتن لەسەر شتەکان و لەسەر لێهاتووییان لە بەڵگەهێنانەوە و بیرکردنەوەی لۆجیکییانە. دەرفەتی چوونەنێو پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی زۆر سادە: "بۆچی وەرزش دەکەن؟" "ئایا پێویستە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بە یاسایی بکرێت؟" "دوای تەواوکردنی خوێندن حەز بە چ کرێیەک دەکەن؟" "ئایا پێویستە بالاپۆش قبوڵ بکرێ؟" هتد. ئەو نەوەیەی زەحمەتییەکانی دامەزراندنی ئەم ڕیفۆرمەی چەشت، ڕووبەڕووی شالاوێک ڕەخنەی ڕۆژنامەوانی بوویەوە: ڕۆژنامەنووسەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دەیانپرسی چی دەبێت ئەگەر کارەکە بە "خوێندکارانی پلە دوو"ەوە پەیوەست نەبێت. یەکێکیان دەیوت، سەرزەنشتکردنە زۆر گەورە بوو: "وەک ئاژەڵی سێرک مامەڵەیان لەگەڵمان دەکرد. تەنها ڕق و سووکایەتیمان لە چاوانیان دەبینی!" لە خوێندنگەیەک لە ٨٠٪ی خوێندکارانی لە ژینگەیەکی دەوڵەمەندەوە هاتوون، یەکسەر ناسنامەی "ناوچەی لەپێشبوونی خوێندن" بەسەر منالانی فەرمانبەر و کرێکارانەوە دەلکێنرا. گەر لە لایەن خوێندکارەکانی دییەوە تووشی هیچ سووکایەتی و ڕیسوایی و بەکەمزانینێکیش نەبنەوە، ئەوا پێویستە لەسەریان بەرهەڵستیی حوکمی پێشوەخت لەسەر دەوروبەری پاریس بکەن کە هەرگیز پێیان تێنەخستبوو. هەر لە بنەڕەتەوە، ئەو پێشەنگانە هەوڵیان دا بەسەر دڵەڕاوکێکانیاندا زاڵ بن: وەک خەڵکانی قەدەری، پێیان وابوو ئەو بوارەیان بۆ نەنووسراوە! هەر بە ڕاستی ڕۆژانی هەوڵ پڕزەحمەت بوو: بەپێی وتەکانیان، دەبوایە هاوڕێ لە چوونەنێو "دونیایەکی دی"، پێکدادانی شارستانیی ڕاستەقینەیان پێ قبوڵ بێت. بە دڵنیاییەوە هەستی ئەوەی لە شوێنی خۆیان نین، بەسەریاندا زاڵ بوو: هەموو شتێک، ڕەفتار و شێوازی

گرنگیدانیان، لە "ئەوانی دی"ی جیا دەکردنەوە. هەستیان بە ئاستنزمی دەکرد، بەڵام خۆڕاگر بوون. بە تەواوەتی دەورە درابوون، چاودێری و پاڵپشتیی داراییش دەکرێن، ئیدی پێشکەوتنیان بە درێژایی ساڵ مسۆگەر بوو، بەوەش کەلێنێکی گەورەی دواکەوتنیان قەرەبوو دەکردەوە. سەرسامییان لە بەردەم فرەیی کارکردندا دەردەبڕی، بەڵام دواجار ئەنجامێکیان بە دەست دەهێنا کە لە ئەنجامی هاوپۆلەکانیان دەچوو.

سەربارى ڕاڕایی وەزیری پەروەردەی نیشتمانی، لۆک فێری (Luc Ferry)، کە ڕای گەیاند دژی ڕێکارەکانی جیاکاریی پۆزەتیڤە، کەچی ڕیفۆرم هەر پێشدەکەوت. لە ساڵی ٢٠٠٢دا، سیازدە ئامادەیی ڕێککەوتنامەیان لەگەڵ پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان بۆ ساڵی داهاتووی زانکۆ واژۆ کرد. لە پاڵ ئەوەشدا، ساڵی ٢٠٠٣، زۆرێک ڕێککەوتنامە لەگەڵ ئەکادیمییەکانی مۆنپێلیە (Montpellier)، ڕوان (Rouen) و لیل (Lille) واژۆ کران. دەبێ ئەوەش بوترێ کە بەڕێوەبەرەکانی خوێندنگە ئامادەییەکان، ئەوانەی دەستیان بەو سەرچڵییە کرد، هێزێکی نوێی پڕ لە مۆتیڤ و بەرخوازییان لە خوێندنگەکانیان بەدی دەکردا!

(١٠٦) بە پێچەوانەی ڕووداوەکانی فەرەنسا، تیۆرەکانی ڕاوڵز مشتومڕێکی بەرفراوانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لێکەوتەوە. دەبێ ئەوەش بوترێ کە ڕێوشوێنەکانی "کاری پۆزەتیڤ" لە سەرەتای شەستەکانەوە بڕیاریان لەسەر درابوو. "کردارە جیاکارەکان" بە شێنەیی بەرجەستە کران، بە مەبەستی هاوکاری ژنان و کەمایەتییە ئەتنییەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتنیان، بە تایبەتی لە بواری خوێندن، ئەرکی گشتی و بواری کار، بە هۆی پشک لە شوێنەکان و ئەو کۆمەک و کۆنتراکتانەی بۆیان تەرخان کرابوو. کەچی داداگای باڵا، لە ساڵی ١٩٧٨دا حوکمی

نادەستووریبوونی بۆ پیادەکردنی پشکی ئەتنیکی دەرکرد، بەڵام ڕەزامەندیی دەبڕی لەسەر ئەوەی ئەسڵی ئەتنیکی بۆ بەردەستکردنی "هەمەڕەنگیی ڕەگەزی" لە زانکۆ و فەرمانگەکان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە کارەکە پەیوەندیی بە ڕێزلێنانی "بەرژەوەندیی گشتیی ناچاری"یەوە هەیە. بەڵام ژمارەی ئەو سپیپێستانەی پێیان وایە بە "جیاکاریی پۆزەتیڤ" فریو دەدرێن، بەردەوام زیادی دەکرد. کاتێک داوایەک بەرز دەکەنەوە، عەدالەت زیاتر بەرەو ئەوە دەڕوات مافیان پێ بدات! لە واقیعدا، پاڵێوراوێک نمرەیەکی نزمی هێناوە و تەنها لەبەر ئەوەی ئینتمای بۆ توێژێک هەیە، لەسەر حیسابی پاڵێوراوێکی نمرەبەرز لە زانکۆ وەردەگیرێت، لەبەر ئەوەی لە خانەوادەیەکی کۆچبەری ئەورووپییەوە هاتووە، کارێکی ناکۆکە لەگەڵ یەکسانبوونی هاووڵاتیان لە بەردەم یاسادا. لە پاڵ ئەوەشدا، هێندێک لەو کەسانەی وابەستەییان بۆ کەمایەتییەکان هەبوو، داوای هەڵوەشانەوەی ئەو سیاسەتەیان دەکرد کە وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی لە شایستەییان بدات و پاشان گومان لە سەرکەوتنی زاتییان بکات. دواجاریش، لە کاتێکدا تەنها هۆشیارییەکی "ئەتنیکی"ی لاواز پیشان دەدەین، ڕەنگە داواکردنی ئینتما بۆ توێژێکی دیاریکراو بۆ سوودوەرگرتن لە جیاکاری، کارێکی بەسوود بێت! پاشان، دیبەیت دەربارەی ئەم بابەتە لە ئەمەریکا زۆر گەرم بوو، چونکە سەرباری ئەو ڕەخنانە، ئەوەی گومان هەڵناگرێ، بریتییە لەوەی ئەو ڕێکارانە ڕێگەی بە خێراکردنی مۆبێلیتەی کۆمەڵایەتیی هەڵکشاوی بەشێک لە دانیشتوانی ئەمەریکییە ئەفەریقییەکان دا کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕەتی دەکردەوە پێگەیەکی شیاو بە هێندێک "توێژی ئەتنیکی" ببەخشێت.

بە شێوەیەکی گشتگیرتر، فیکری ڕاوڵز زۆر بە توندی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەسەر ئاستێکی تیۆریی پەتی گفتوگۆی

لەسەر دەکرێ. یەکەم جار (١٠٧) هێندێک لەو بیریارانەی دەچنە ڕیزی جۆرێک لە بەردەوامبوونەوە، بە ناوی یەکسانییەوە هەوڵ دەدەن کار لەسەر چەمکی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" بکەن: لە چوارچێوەی ئەم شرۆڤەیەدا، باس لە شرۆڤەکەی میکائیل والزەر (Michael Walzer) دەکەین و وەک هەنگاوی دووەمیش ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە چۆن لە لایەن فریدریش فۆن هایەک (Friedrich von Hayek)، یەکێکە لە لایەنگرانی "لیبرالیزمی ڕادیکاڵ"، بە ناوی ئازادییەوە دژایەتیی "دادپەروەری وەک ئینساف" دەکرێ. ئەمەی دوایی، واتە هایەک، بەبێ دیاریکردن، هەوڵ دەدا باشییەکانی بازاڕ بۆ دروستکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی بڵاو بکاتەوە. دواجاریش، تیۆری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەخەینە ڕوو کە ئەمارتیا سین (Amertya sen) دای ڕشتووە یا کاتێک توانست دەبێتە پێوەری دیاریکراو و گردەبڕ...

### ب- یەکسانیی ئاڵۆز

میکائیل والزەر لە کتێبی "جوغزەکانی دادپەروەری"[1]دا هەوڵ دەدا ئەو مەرجانە دیاری بکات کە ڕێگە بە بەدیهێنانی دادپەروەری دەدەن بەبێ ئەوەی سیستمێکی ستەمگەری یەکگرتوو بێتە ئاراوە. پاڵپشت بە پرسیار و ڕاڤەکردنی مانای هاوبەش (shared understanding، واتە "چەمکە هاوبەشەکان")، هەوڵ دەدا لە فیکریدا پرەنسیپە تازەکان لە فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسییەوە هەڵگۆزێت. نووسەر لە دژی

---

[1] میکائیل والزەر، جوغزەکانی دادپەروەری، بەرگریکردن لە پلورالیستی و یەکسانی (١٩٨٣).

Michael Walzer, Spheres de justice, Une defense du pluralisme et de I'egalite (1983), Seuil, 1997.

یەکسانیی سادە بەرگری لەو چەمکی عەدالەتە دەکات کە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە دەڵێت بە ئەندازەی "جوغزەکانی دادپەروەری" جۆرەکانی ئەو کاڵایانەش هەن کە کۆمەڵە جیاوازەکان بەدوایدا دەگەڕێن. هەموو ئەو کاڵا کۆمەڵایەتییانە پابەندی پێوەرە تایبەتەکانی دابەشکردن دەبن: خێزان، پەروەردە، ئایین و دەسەڵاتی سیاسی، تەنها بەپێی نموونەی دابەشکردنی "جوغزی ئابووری" منەیان دەکرێ. ئیدی کارەکە بە بەردەستکردنی دابەشکردنێکی هاوتاوە پەیوەست نابێت ئەوەندەی پەیوەستە بە ڕێگریکردن لەوەی یەکێک لەو کاڵایانە یا یەکێک لە "جوغزەکانی دادپەروەری" کۆنترۆڵی ئەوی دی بکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر: لە هەموو دۆخێکی هاوتادا نایەکسانییەک چەکەرە دەکات کە پێویستە سەرکوت بکرێ و لە خودی سەرکوتکردنەکەشەوە نایەکسانیی نێوان ئەوانەی دەسەڵاتی سەرکوتکردنیان هەیە (١٠٨) و نێوان ئەوانی دی دێتە ئاراوە. ڕاسپاردەی عەدالەت بریتییە لەوەی هیچ کاڵایەک وەک ئامرازی کۆنترۆڵکردن بەکار نەهێنرێ. میکائیل والّزەر، دوای ئەوەی جوغزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی بە تەواوەتی جیا کردەوە، پێشنیازی داهێنانی تیۆری "یەکسانیی ئاڵۆز" دەکات. پێویستە ئەوەش ڕێگە بە دیاریکردنی جوغزەکان بدات، بەوەی ئاڵوویێری ئازاد دەبێتە پرەنسیپی دابەشکردنی شەرعی، چونکە داگیرکردنی بازاڕ دەبێتە مایەی لەناوبردنی یەکسانی و لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی سەرکوتکردن.

لە قووڵاییدا بیریارە ئەمەریکییەکە هەوڵی بەرهەمهێنانی دەروازەیەکی نوێ بۆ تەنگژەی دابەشکردنی کاڵا کۆمەڵایەتییەکان دەدا. گەڕان بە دوای "یەکسانیی ئاڵۆز"دا بەر

لێکەوتەکانی کۆنترۆڵکردن دەکەوێت، واتە بەگشتگیرکردنی ستەمگەرانەی ئەو باشییانەی پەیوەستن بە خاوەندارێتیی کالایەکی کۆمەڵایەتییەوە. یەکسانیی سادە قۆرخکردنی کالایەک مەحکوم دەکات، نەک کۆنترۆڵکردنی بکات: کالایەک (وەک ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی پشت بە فەرمانبەران دەبەستێت) قۆرخ دەکرێ، کاتێک لە بەردەستی توێژێکی کۆمەڵایەتی، نەک توێژێکی دی دەبێت، بەبێ ئەوەی بە زەرووڕەت بە شێوازێکی ناهاوتایانە دابەش کرابێت؛ کاتێکیش لە ڕێگەی گۆڕینەوەیەکەوە زاڵ دەبێت، دەبێتە مایەی گەیشتن بە کالایەکی دی (بۆ نموونە، کاتێک خزمەتگوزارییە گشتییەکان دارایی یا دەسەڵاتێک بۆ ئەوی دی بەردەست و زیاد دەکەن). هێندێک کالا بۆ بەدەستهێنانی کالای دی بەکار دەهێنرێن! بەڵام ئەو کالایانەی دەتوانن دەسەڵات سەقامگیر بکەن، هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە دەتوانرێ کالاکانی دی بە دەست بهێنرێن. کەواتە "یەکسانیی ئالۆز" بە تەنها مەبەستی نییە بە شێوازێکی وێکچوو ئەو کالایانەی بەردەستن، دابەش بکات، بەڵکو دوورکەوتنەوەش لەوەی دابەشکردنی کالاکان ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی زاڵ بەرهەم بهێنێت. کەواتە پێویستە هەمەڕەنگیی کالاکان بە فرەیی پێوەرەکانی دابەشکردن تەرجەمە بکرێ، چونکە "کۆمەڵە کالایەکی سەرەتایی یا سەرەکی نییە بەسەر جیهانی ئەخلاقی و مادیدا بەرزتر بێت." هەوڵەکە گەیشتنە بە سەروەریی جوغزە جیاوازەکان و پرەنسیپە تایبەتەکانی دابەشکردنی: پێویستە سەربەخۆیی نێوان کالاکان جیا بکرێتەوە: بۆ نموونە، (١٠٩) نابێت پەروەردە بە پارە بسەنرێت! پاشان ڕوانینی لە شتە بەڵگەنەویستەکانی پێداویستی یا خەسڵەتە مرۆییەکانەوە بۆ

تایبەتمەندێتی "جوغزەکانی دادپەروەری"ی تایبەت بە هەر کالایەکی کۆمەلایەتی دەگوێزێتەوە.
ئەو هەمەرەنگییە لە پێوەرەکاندا، لە هەمان کاتدا، بەشێکی جیانەکراوەی ئەو پرەنسیپە گشتییەشە کە داوا دەکات رێزی دادپەروەریی دابەشکردنی نێو هەموو جوغزێک بگیرێت، پێویستە ببەسترێتەوە بەم "یەکسانییە ئالۆزە"وە، نەک بەو یەکسانییە سادە گشتییەی کە بە شێوەیەکی حەتمی بەرەو "زۆردارەکی" هەنگاو دەنێت. بەپێی دیدی نووسەرەکەمان، ئەمە "ئارەزووی کۆنترۆلکردنی گشتی و لە دەرەوەی سیستمەکەیە" کە خۆی لە قۆرخکردنی کالایەکی کۆنترۆلکەردا شاردووەتەوە، واتە لە بەردەستبوونی ئامرازەکانی گۆڕینی کالایەک بۆ کالایەکی دی، بەلام لە رووی پرەنسیپەوە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە (وابەستەی دوو جوغزی جیاوازن و پەیڕەوی لە ڕێسا جیاوازەکان دەکەن). دواجار، والزەر پێشنیازی ئەو دابەشکردنە کراوەیە دەکات کە دەڵێت "نابێت کالای کۆمەلایەتی -س- لە نێوان ئەو ژن و پیاوانەدا دابەش بکرێ کە کالای -ی-یان هەیە، ئەوەش لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار، چونکە کالای -ی-یان هەیە، ئیدی بەدەر لەوەی کالای -س- چ مانایەکی هەیە." بە مانایەکی دی، کۆمەڵگەیەکی ئالۆزی وێکچوو کۆمەڵگەیەکە، سەرباری زۆرێک لە حالەتی نایەکسانیی بچووک، پرۆسەی گۆڕانێکی تیایە کە دووهێندەیی لە نایەکسانیدا بەرهەم ناهێنێت. کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە پەسەند کراوە، لەبەر ئەوەی "یەکسانی پەیوەندییەکی ئالۆزی نێوان کەسەکانە، لە نێو ئەو کالایانەوە تێپەڕ دەکات کە بەرهەمی دەهێنین و لە نێوان خۆماندا دابەشی دەکەین و بەشداریی تیادا دەکەین، نەک لە رێگەی ناسنامەی

خاوەنـداریتییەوە." ئەوەی ڕەسـمی دیموکراسـیی کـۆمەڵایەتی دەکێشێت، بیرۆکەی ئینساف لە وێنایەک دەگێڕێتەوە کە فرەیی و "یەکـسانیی ئـاڵۆز" کـۆ دەکـاتەوە: سـەرلەنوێ گرنگیـدانی دەوڵەتـی خۆشـنودی بە تـازەگەرێتی دەبـووژێنێتەوە." بـۆ ڕێگەگرتن لە سەقامگیریی نایەکسانیی کۆمەڵگە، دەتوانین باس لە زەروورەتی تەواوکردنی مافەکانی دەوڵەتی کۆمەڵایەتی بە دامەزراوەی دی بکەیـن کە زیـاتر لۆکـاڵییە و پـشت بە خۆبەخـشین دەبەسـتێت لەم ڕوانـگەیەوە، وا دەردەکەوێـت دووبـارە فۆرمـۆڵەکردنەوەی ئەو مـافە کۆمەڵایەتییـانە گرنـگ بێت، بەو مانایەی ڕەچاوی کەسەکان بکەین، نەک پێناسـەیان بکەیـن، چـونکە لەو ئیـدارانەوە دەرچـووە کە گرنگـی بە هاوکارییەکان دەدەن (١١٠).

## ج – تەرازووی "لیبراڵیزمی ڕادیکاڵ" دادپەروەریی کۆمەڵایەتی "تراویلکەیە"

فریدریش فۆن هایەک، لە بەرامبەر بۆچوونی ڕاوڵزدا، بەرگری لەو بیرۆکەیە دەکات کە چەمکی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئابووریی بازاڕدا، هیچ ڕەوایەتییەکی نییە. بەشی دووەمی کتێبەکەی "ماف، یاسادانان و ئازادی" (١٩٧٦)، ئەم ناونیشانە سەرنجڕاکێشە هەڵدەگرێت: "تراویلکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی". نووسەر هەڵمەتێک لە دژی چەمکی خودی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" دەکات: "لە کۆمەڵگەیەکدا تاکەکانی ئازاد بن، ئەندامەکانی ئازادیی تەواوی ڕەفتارکردنیان لە بەکارهێنانی زانیارییەکانیاندا هەبێت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئامانجەکانیان بکەن، ئیدی زاراوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەبێتە وشەیەکی پووچی بێناوەڕۆک." بەڵام ئەم زاراوەیە کە

کێشێکی تەواوی بۆ ئیعتبارە وێکچووەکان هەیە، مێشکی عەوامی کۆنترۆڵ کردووە: ئەگەر سەرنجی ناڕەزایەتییەکانی نیولیبراڵ بدەین، ڕەنگە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی زیاتر بە دیاردەی بینینەوە پەیوەست بێت. لە واقیعدا، ڕوخسارە دڵڕفێنەکەی هەمیشە فریودەرە، چونکە وەک ئەوە نییە کە "زۆرینەی خەڵکی وێنای دەکەن، شێوازێکی ئاشتییانەیە بۆ ئەوەی ویستە باشەکەی بەرامبەر بە هەژاران تەرجەمە بکات (...)، بەڵکو شێوازێکی ناڕاستەوخۆی پڕپێچوپەنایە و ئاماژە دەکات بەوەی دەبێ هەموان دان بە مەرجی بەرژەوەندییەکانی هێندێک گروپدا بنێن، بەبێ ئەوەی هیچ پێویست بکات هۆکارەکەی بخرێتە ڕوو." سەبارەت بە "هایەک"، کە ساڵی ١٩٧٤ خەڵاتی نۆبڵی لە ئابووریدا بە دەست هێنا، هەوڵەکانی بۆ "ڕاستکردنەوە"ی دەرئەنجامەکانی بازاڕ بەرامبەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەژێر ناوی جیاکارییە تازەکان و بەربەستەکانی بەردەم مۆبێلیزە و کۆششە ناکامەکانی، نایەکسانیی لێکەوتەوە، زیاتر لەوەی دەرمانی چارەسەری هەژاران بکات. لە سایەی قەپاخی لۆجیکی هاوتاییدا، ڕەنگە دەستوەردانی دەوڵەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاسەواری ئاوەژووی هێنابێتە ئاراوە: بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان (سیاسی و ئابووری) و چالاکیی کەمتر (بە تایبەتی لەسەر ئاستی ئابووری)!

**(١١١) "دادگایی"کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی**

لە ئێستادا کارێکی پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا جیاوازی لە نێوان دوو گرفتی تەواو جیاوازدا بکەین کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سیستمی بازاڕدا باسیان لێوە دەکات:

یەکەم: لەو سیستمە ئابوورییەی جەخت لەسەر بازاڕ دەکاتەوە، ئایا چەمکی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" هیچ مانا و ناوەڕۆکێکی هەیە؟

گرفتی دووەم: ئایا دەتوانرێ لەسەر سیستمی بازاڕ بهێڵرێتەوە و لە هەمان کاتدا لە لایەن دەسەڵاتێکەوە خاوەنی دەسەلاتێکی ناچارکردن بێت، نموونەی خەلاتی (بە ناوی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" یا لەژێر هەر پاساودانێکی دی) بەسەردا بسەپێنین کە جەخت لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەرکی تاک یا گروپ یا پێداویستییەکان دەکاتەوە؟

وەڵامی هەردوو پرسیارەکە نەخێرە.

فریدریش فۆن هایەک، ماف، یاسادانان و ئازادی (١٩٧٦)، بەشی دووەم: "تراویلکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی"

Friedrich von Hayek, Droit, legislation et liberte (1976), tome 11: "Le mirage de la justice sociale", PUF, 1995, p. 81 – 82.

لە بەرامبەر ئەم دادپەروەرییەی دابەشکردندا، "لیبراڵیستە ڕادیکاڵەکان" ئامۆژگاریی گەڕانەوە بۆ عەدالەتی ڕێکاری دەکەن. بۆیە نۆزیک (Nozik) دەنووسێت "هەر شتێک، هەرچییەک بێت، لە دۆخێکی دادوەرانەوە بێت و لە ڕێگەی هەنگاوی دادپەروەرانەوە پێی بگەین، خودی خۆی

دادپەروەرانەیە."[1] دەبێ ڕێکارییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی دادپەروەر، بە تەنها ببێتە مایەی "شتە" دادپەروەرەکان، تەنانەت گەر کارەکە پەیوەست بێت بە نایەکسانییشەوە. پاشان دادپەروەری خۆی لە بەدەستهێنانی ڕێسای ڕوون و ئاشکرادا حەشار دەدات و خۆیشی بۆ هەموان دەبێت. دۆخی براوە لە یاریی "لۆتۆ"دا هەر دەبێ بە دادپەروەرانە وەسف بکرێ، چونکە خودی ڕێساکان بۆ هەموانە. ناعەدالەتییش لە حاڵەتی ساختەکاریدا دەبێت: بۆ نموونە، ئەگەر یەکێک لە گەمەکاران هەر خۆی زانیارییەکی لە کن بێت (یەکێک لە قورسترین تۆپەکان). هەر ڕێوشوێنێک هەمان ماف و ئازادی نەبەخشێت، بە "دادوەرانە" دانانرێت. پێویست ناکات منەی دەرئەنجامە دادپەروەرەکان بکەین، بەڵام دەبێ منەی ڕێوشوێنە دادپەروەرانەکان بکەین، واتە ڕێساکانی ڕەوتی کاری دادوەرانە بەسەر هەمواندا جێبەجێ دەکرێن. یەکسانی لە دەرئەنجامەکاندا گرنگ نییە، بەڵکو یەکسانی لە دەرفەتدا گرنگە (١١٢).

لە واقیعدا، تەنها کاتێک بتوانین هەنگاو بنێین بۆ گۆڕینی ڕێساکان و سنووردانان یا بە لایەنی کەمەوە سووککردنی توندیی پەیڕەوکراو لە مامەڵەکردنی تاکدا، چەمکی "دادپەروەری" بوونی دەبێت. لە بەرامبەریشدا، لە ئاست هەلومەرجێکی ناهەمواردا (نوقمبوونی ماڵێک لە ئاکامی کارەساتێکی سروشتیدا)، کارێکی نابەجێیە قسە لەسەر "دۆخێکی نادادپەروەرانە" بکەین، چونکە نازانین کێ یا چی تاوانبار بکەین. کەواتە دەشێت ڕووبەڕووی تراجیدیای

---

[1] ڕۆبیرت نۆزیک، ئاشووب، دەوڵەت و یۆتۆپیا.
Robert Nozik, Anarchie, Etat et Utopie (1974), PUF, 1988.

چارەنووسی قەدەرێک ببینەوە یا چارەنووسێک پەیوەندیی بە عەدالەت یا ستەمەوە نەبێت. بۆچی؟ چونکە ئەستەمە دابەشکردنی وەرەقەکانی گەمەکە بگۆڕرێت: ناتوانین هیچ شتێک بگۆڕین! جێگەی داخە بەڵێندەر، سەرباری وەبەرهێنانێکی گونجاو، ناتوانێت بە داهاتێکی باش قەرەبووی بکاتەوە، "بەڵام گلەیی لە کێ دەکرێ؟" ئیدی پوختەی بیرۆکەیەک ختووکەمان دەدا کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەتی بریتییە لە عەدالەتی تاکەکان، لەبەر ئەوەی ئەوان ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دەهێنن؛ بۆ نموونە، سەبارەت بە داهات (کامەیە ئەو پێگەیەی بە هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دەبەخشین؟، ئایا پێویستە باجەکان زیاتر پلە بە پلە بن؟) "هایەک"، پێی وانییە بازاڕ بە تەواوەتی ئازاد بێت: "ئەوەی دەشێت دادپەروەرانە یا نادادپەروەرانە بێت، بە تەنها ئەو شێوازەیە کە لە ڕێگەیەوە کێبەرکێی پێ پیادە دەکرێ، نەک دەرئەنجامەکانی." لە واقیعدا، لە هەر ئابوورییەکەدا، بە تەنها بازاڕ کار دەکات، دەرئەنجامەکان بە ڕێکەوتەوە پەیوەست دەبن (یا تەنانەت بە بەختەوە؛ بۆ نموونە، کاتێک پێویستە وەختی چالاکییەک هەڵبژێردرێت: هەڵبژاردنی چالاکیی بەسوود لە کاتی گونجاودا) و ئەو ئاماژانەی بازاڕ ڕەوانەیان دەکات (کەواتە پێویستە هەموان ئاگاداری ئەو زانیارییانە بن). ئیدی هەڵوێستی هەر تاکێک دەرئەنجامی کردەوەکانی زۆرێک لە تاکەکانی دییە و کەسیش ناتوانێت پێشبینیی دۆخێکی کەمتر بۆ هێندێک بکات – پاشان بە "نادادپەروەرانەش" ئاماژەی بۆ ناکرێ". بێلایەنیی بازاڕ دەرئەنجامەکان وا لێ دەکات پێشبینینەکراو بێت: دەوترێ بازاڕ "بێلایەنە"، بە مانای ئەوەی لە توانایدا نییە، بە مەبەست هانی هێندێک بدات، لەجیاتیی

هێندێکی دی. لە دەسپێکی ئەو وێنایەوە، "هایەک" جەخت دەکاتەوە لەسەر بێمانایی قسەکردن لەسەر "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" (١١٣).

سیستمی هەناردەکردنی بازاڕ ڕێگە بە هەموو تاکێک دەدا، بەپێی بەشداریکردنی، شایستەییەکانی بە دەست بهێنێت: پاشان بازاڕ وەک ئەو ئامرازە دەردەکەوێت کە پێوەری سیستمی شایستەیی بۆ دابەشکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکان سیستمی دیاریکراو بێت. ئەو پێگانە پەیوەندییان بەو کۆشش و مەسەلانەوە هەیە کە تاکە ژیرەکان دایان ناوە، ئەوانەی هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان بەدی بهێنن. بە گەڕانەوە بۆ خوازەی ئەو "دەستە پەنهانەی" ئادم سمیس لە کتێبی "لێکۆڵینەوەکان دەربارەی سروشت و هۆکارەکانی سامانی نەتەوەکان" (١٧٧٦) باسی لێوە کردووە، لەم ناوکۆیەدا زۆر بە ئاشکرا ڕوون دەبێتەوە. کەواتە نایەکسانی بە بەهرە یا کارکردن پاساودانی بۆ دەکرێ: نایەکسانی دادپەروەرانەیە، مادامەکی خەڵاتی ئەوانە دەکات کە زیاتر بەرهەم دەهێنن. بوونی نایەکسانی خۆی لە خۆیدا پێویستە تا ئابووریی بازاڕ بە شێوازێکی باش بە ڕێوە بچێت: "نایەکسانی لە داهات و لە ساماندا دوو تایبەتمەندین بە ئابووریی بازاڕەوە لکاون. هەڵوەشانەوەی ئەو تایبەتمەندییە ئابووریی بازاڕ ڕووبەڕووی نابووتییەکی تەواو دەکاتەوە.[1] لە واقیعدا، نایەکسانی وەک گۆڕەری ئاڕاستەی ڕاستەقینەی هەژاران دەردەکەوێت و ڕێگە بە دیاریکردنی ئەو تەنگژەیە دەدا کە پێویستە تاکەکان خۆیانی لێ دوور بگرن: جیاوازییەکان وەک مۆتیڤێکی پێویست بۆ

---

[1] لۆدڤیگ فۆن میزس، کاری مرۆیی.

Ludwig von Mises, L'Action humaine (1949), PUF, 1985, p.884

هاندانی باشکردنی بارودۆخیان دەردەکەوێت. بەڵام چاکەی ئەو نەخشەڕێگایەشی هەیە کە لە بەرژەوەندییانە بیگرنە بەر: پێگە باڵا و گرنگەکان ئەو پاڵنەرانەن بۆ بەدیهێنانی باشترینەکان زات هان دەدەن. کەواتە بازاڕ ئەو ڕێبەرەیە کە ئارەزووەکان دەبووژێنێتەوە و وزە زیاد دەکات و ورووژێنەرە داهێنەرەکان دووهێندە دەکات. لە پاڵ ئەوەشدا، نایەکسانی سوودی بۆ هەموان دەبێت: بۆ نموونە، جەختکردنەوەی سەرمایەداری کە دژی گشت ئەو هەڵوێستانەیە، بۆ مایەدانی چالاکیی بەرهەمهێنان و کار زۆر گرنگە. پاشەکەوتی هەناردەکراوی توێژە باڵاکان لە بەرژەوەندیی وەبەرهێنانە و بە تێپەربوونی کاتیش ڕێگە بە بەرزبوونەوەی گەشەی ئابووری دەدا (١١٤)، واتە خۆشگوزەرانیی سەرجەم توێژەکان! کەواتە بە مەبەستی پاراستنی داینامیکییەتی بازاڕ، پێویستە ئەو نایەکسانییە قەڵاچۆ بکرێ کە بە تەنها ڕێگە لە کێبەرکێ (وەک قۆرخکاری) دەگرێ.

**نایەکسانی بزوێنەرە...**

"لە هەموو ساتێکدا، پێگەی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا لە پرۆسەکانی پێشووتر لە تیژهەستی و دۆزینەوە هاتووەتە ئاراوە کە لە ڕێگەیەوە، ئەو و باوانیان بە سامانی جۆراوجۆر و هەموو ئاڕاستەکانی ژینگەکەیانەوە (سروشتی یا کۆمەڵایەتی)، هەموو هەوڵێکی خۆیان داوە، پاشان ئەو بۆنانەی هەر گۆڕانێک لە هەلومەرجدا دەیخولقێنێت، ئەو دەرفەتە هەیە کە پێویستە بۆی برەخسێت – ئەو ڕێسا دەستەهەستە بۆ بەکارهێنانی مەعریفەی زانستی بەدی دێت کە گەشەسەندن و سازان لە کۆمەڵگەی گەورەدا پشتی پێ دەبەستێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، هۆکاری

نایەکسانی لەو دەرفەتەی بڕیارەکانی نەوە بۆ نەوەی دوای خۆی دەیخوڵقێنێت، نائیرادی و حەتمییە... (...)، ئەگەر خانەوادە دڵنیا بن لەوەی هەر ئاڕاستەیەک کە دەیگرنە بەر و هەر چالاکییەک کە هەڵی دەبژێرن، دەبێ حکومەت یەکسانی لە دەرفەت بۆ منداڵەکانیان بە شێوازێک بەردەست بکات کە لە ڕێگەیەوە هەمان کارئاسانی بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکات، ئیدی بڕیاری خانەوادە هەرچییەک بێت، ئەوا فاکتەرێکی گرنگ لە بەرژەوەندیی گشتیدا سروشبەخشیان دەبوو کە لەم بڕیارانەدا پشتگوێ خراوە."

فریدریش ڤۆن هایەک، ماف، یاسادانان و ئازادی (١٩٧٦)، بەشی دووەم: "تراویلکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی"

Friedrich von Hayek, Droit, legislation et liberte (196), tome 11: "Le mirage de la justice sociale", PUF, 1995, p.11.

یەکسانی هاومانای ناچالاکییە: بە هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکسانی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا بۆ هەر تاکێک، پاڵنەرەکانی تاک لاواز دەبن و پەرۆشی بۆ کێبەرکێ وێران دەبێت. کەواتە یەکسانی بۆ تاک و کۆمەڵ بێفەڕ و بێبەرە. گروپەکان هیچ شتێک لەو بەرخوازییە چونیەکانە ناچننەوە کە لەگەڵ باش بەڕێوەچوونی ئابووریدا ناکۆک دەکەونەوە. "زۆر جار پێمان وابووە پێویستە پێگەی جیاوازی تاکەکان بە شێوازێک لە شێوازەکان بە بەهرە و بارودۆخی تایبەتی هەر تاکێکەوە ببەسترێتەوە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەر کەسێکە کە هەمان دەرفەت بۆ هەموان دەستەبەر بکات." (١١٥) کاتێک دان بەوەدا دەنێین کۆمەڵگەی ئازاد کۆمەڵگەیەکی پلورالیستە،

زنجیرەی ئامانجە تایبەتەکانی تیادا بزر دەبێت و بە هۆی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە یەکانگیر دەبێت، ئیدی "هایەک" ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دەستوەردانی زۆرەکی لە مامەڵکردنی بازاڕدا، واتە بازاڕێک بۆ ئەوە دروست بووە تا ببێتە ئەو جێگەیەی ئاڵوێری ژیرانە و چالاک و ئازادی تیادا ئەنجام بدرێ، دادپەروەرانە نابێت، کەواتە پێویستە ڕێگە نەدرێ دەوڵەت دەست وەربداتە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە بە زۆرێک بەربەست لەسەر حیسابی خولقاندنی دەرفەت تەرجەمە دەکرێ. پاشان "لیبراڵیستە پەڕگیرەکان" دژایەتیی ئەوانە دەکەن کە بە مەبەستی بەردەستکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، داوای دابەشکردنەوەی داهات دەکەن. وا دیارە لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەران، پاراستنی پێویست بۆ هەموان شەرعییە، بەڵام "هایەک" پێداگری دەکات لەوەی کە دابینکردنی ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هێندێک بە مسۆگەری دەبێتە مایەی لاوازکردنی دۆخی ئەندامەکانی دیی کۆمەڵگە. کاتێک دەمانەوێت چارەنووسی زۆرینە باش بکەین، جۆرێک لە سەرکێشی دەتوانێت تووشی پاشەکشێی بکات؛ بۆ نموونە، گرتنەبەری ڕێوشوێنی لێگرتنەوە لەسەر داهات بۆ مایەدانیی دابەشکردنەوە دەبێتە مایەی بڕینی قازانجی ئەوانەی چالاکییەکانیان سوودێکی گەورەی بۆ کۆمەڵگە هەیە. ڕەنگە پاڵنەرەکانیان بە شێوەیەکی گەورە ڕوو لە لاوازی بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خۆشنودیی گشتی... کەواتە پێویستە دەوڵەت زاهید بێت، واتە جەخت لەسەر ئەرکە پاشایەتییەکان بکاتەوە (بەردەستکردنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە بە هۆی دادپەروەرییەوە، پۆلیس و سوپا)، لەسەر

ئاستی ئابوورییش، بە شێوەیەکی سەرەکی بە ڕێزگرتنی یاسا کێبەرکێکارەکانەوە پابەند بێت.

لەگەڵ دەستوەردانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت، ئەستەم دەبێت لە ڕێگەی هەمەڕەنگیی ئەو داهاتە ئازادەی لە گەمەی بازاڕەوە دێتە ئاراوە، ئەوپەڕی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە دەست بهێنرێ، ئەمە لەگەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوەپێکردنەوەی ئەو فاکتەرانە بەرەو چالاکییە بەسوودترە کۆمەڵایەتییەکان. بەوەش خواستی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی هەر چالاکییە کۆمەڵایەتی فراوانتر دەبێت: بەرهەمهێنان لە لایەن تاکەکانەوە ئاڕاستە ناکرێ، بەڵکو لە لایەن دەسەڵاتی باڵاوە ئاڕاستە دەکرێ. سەبارەت بە "هایەک"، لەبەر ئەوەی ئەم کۆمپانیا ئابوورییە (١١٦)، گەر هەوڵی گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بدەین، حەتمییە و چالاکیی کەمتری لە ئابووری بازاڕدا هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خۆشگوزەرانیی گشتی. لەوەش واوەتر، ئەم پرۆسەیە دەتوانێت تاکەکان وا لێ بکات "ڕێگەی کۆیلایەتی"[١] بگرنە بەر، چونکە ویستی بەردەستکردنی ئەوپەڕی توانا لە یەکسانی، دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ئازادی تاکەکان. لە ڕاستیدا لە سایەی ئابووریی ئاڕاستەکراو و سەنترالْدا (تاکەکان پەیڕەوی لە ڕێنمایی یا فەرمان یا زانیارییەکانی دروستکارانی بڕیاری سیاسی دەکەن)، چەمکی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی چالاکیی ڕاستەقینەی دەبێت. ئەوەش بە تەواوەتی بۆ کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەبارە... کەواتە ڕەنگە هەوڵدان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی "ئەوپەڕی" ئاسەواری پێچەوانەیی

---

[1] فریدریش فۆن هایەک، بەرەو کۆیلایەتی.
Fredrich von Hayek, La Route de la servitude (1944), PUF, 1994.

لێبکەوێتەوە: نەمانی ئازادی، سەروەری و بەرپرسیارێتی لە ئابووریدا، لەسەر حیسابی مافی خاوەندارێتی، لەپێشبوون دەدا بە گروپێک. "یەکسانیی تەواو بۆ زۆرترین کەس، بە مانای ملکەچیی یەکسانیی جەماوەرە بۆ دەستەبژێرێکی دیاریکراو کە بەرژەوەندیی خۆیان دەپارێزن. بەڵام یەکسانیی مافەکان لە حکومەتێکی دیاریکراودا، دەشێت و لە هەمان کاتیشدا مەرجی ئازادیی تاکەکەسییە. داواکردنی یەکسانیی مادییش بۆ بارودۆخەکان تەنها لە ڕێگەی سیستمێکی سیاسیی خاوەن دەسەڵاتێکی تۆتالیتارییەوە بەردەست دەبێت." "هایەک" دیالێکتیکی نێوان یەکسانی و ئازادی دادەڕێژێتەوە: بە هەموو دڵنیاییەکەوە تۆتالیتاریزم پێچەوانەی دیموکراسییە و بە "شێوازێک یا ڕێکارێک بۆ دیاریکردنی بڕیارەکانی حکومەت" پێناسەی دەکات، بەو مانایەی "ڕێکەوتنێک وا دەکات گۆڕانی ئاشتییانە بۆ ئەوانەی حوکمڕانی دەکەن، مومکین بێت."

### د- دیدێکی نوێ دەربارەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یا ڕوانینی ئەمارتیا سین

ئەمارتیا سین، فەیلەسوف و ئابووریناسی هیندی، ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی نۆبڵی لە ئابووریدا بە دەست هێناوە، تیۆرێکی نوێی بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی شی کردووەتەوە (١١٧). ئەو تیۆرە بە شێوەیەکی تایبەتی هەوڵ دەدا سازان لە نێوان یەکسانی و ئازادیدا بکات... لە واقیعدا، پێی وایە پێویستە کۆمەڵگەی دادوەر ڕێگە بە هەموو تاکەکانی بدات، بە فیعلی شێوازی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. ئەو کۆمەڵگەیە پابەند و ناچارە زۆرێک "هێز و توانا" پێشکەش بە هەموان بکات.[1] ئەم

[1] ئەمارتیا سین، سەرلەنوێ تێگەیشتن لە نایەکسانی.

زاراوە نوێیە مانای چییە؟ توانست کۆمەڵێک ئازادیی فۆرمۆڵەیی و مادی دەنوێنێت کە ڕێگە بە تاکەکان دەدا لە زۆرێک کاری مرۆییدا بەهرەمەند بن، بە جۆرێک، تاک دەتوانێت شێوازی ژیانی بەپێی هەڵبژاردنە فەلسەفییەکانی هەڵبژێرێت.

بەڵام تاکەکان لە یەکتری جیاوازن: لە جێندەر، تەمەن، لێهاتوویی و ژینگەی کۆمەڵایەتی (سامان و کولتوور)، هتد، ئەوەش جیاکاری لە نێوان خەڵکیدا دروست دەکات. مادامەکی کارەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوا هەر مافێکی هاوشێوە، هەمان ئازادی بە هەموان نابەخشێت، لەبەر ئەوەی؛ بۆ نموونە کەمیی داهات، بەربەست لە بەردەم بەدیهێنانی هەڵبژاردنەکان پێک دەهێنێت. بەڵام هەمان داهات بە هەموان، ڕێگە بە دەستەبەرکردنی هەمان ئازادی نادات، چونکە مرۆڤێک؛ بۆ نموونە، بە دەست نەخۆشییەکی دیاریکراوەوە دەناڵێنێت، لە مرۆڤێکی ساغ زیاتر پێویستی بە سەرچاوەی مادی دەبێت، بۆ ئەوەی هەمان ئازادیی ڕاستەقینە بۆ هەردووکیان دابین بکرێ. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەمان ئازادی و هەمان ماف بە هەموو تاکەکان دەبەخشێت، هەروەها "ئازادیی یەکسانیش بۆ گەیشتن بە ئامرازە دەرەکی و ئەو لێهاتووییە کەسییانە دەبەخشێت کە لە ڕێگەیەوە کەسێک دەتوانێت پراکتیزەی ئازادییەکانی بکات." ئەمارتیا سین پێی وایە پێویستە تواناکانی گەیشتن بە شتە پراکتیکییەکان وەک یەک بێت (توانای دەرچوون بەبێ شەرمکردن، خواردنی تەندروست...)، بۆ خودی ژیان دەگەڕێتەوە، نەک ئەو سەرچاوانەی ڕێگە بە گوزەراندنی ژیان دەدەن. سین ڕەخنە لە تیۆرەکەی ڕاولز دەگرێت کە

---

Amartya Sen, Repenser l'inegalite (1992), Seuil, 2000.

سزای ئەوانە دەدا لە چەندایەتیی هەمان کالا سەرەکییەکاندا، لەوانی دی کەمتر سوودمەند دەبن... لە لایەکی دی، سەرلەنوێ چەمکی "ئینساف" دەگرێتە ئەستۆی خۆی – بە خاتری ئەوەی تەنانەت لە چەمکی "کاریگەریێتی"ش بەرزترە: لە واقیعدا، لایەنگری فۆرمۆڵەیەکی بەهێزی "کاری پۆزەتیڤە"، چونکە ئەو پێی وایە، بۆ نموونە، دەتوانرێت کەسێکی ڕەشپێست کە لە سپیپێستێک کەملێهاتووترە یا ناچالاکترە، لە فەرمانگەیەکدا دامەزرێنرێت، ئەگەر ڕەشپێستەکە دەرفەتی یەکسانی بۆ پەرەپێدانی بەهرەکانی پێ نەدرێت (خۆی لە فۆرمۆڵەی لاوازیی "کاری پۆزەتیڤ"دا دەبینێتەوە، بەوەی کارێکی زەروورییە لەپێشبوون بدرێ بە کەمایەتییە ڕەگەزییەکان یا ژنان، لەبەر ئەوەی گەیشتن بە زانکۆکان یا بەدەستهێنانی کار بۆیان زەحمەترە، ئەگەر لێهاتوویی یەکسان بێت). تەنانەت گەر ئەستەمیش بێت بە تەواوەتی کاریگەریێتی فەرامۆش بکرێ، دەشێت "ئینساف" یەکەم بێت...

**توانست وەك پێودانگێکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی...**

مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لەیەک ناچن: یەکەم، لە تایبەتمەندییە دەرەکییەکان و ژینگەکەی. بە میراتی هەمەجۆرەوە دێینە ئەم جیهانەوە – سامان و بەربەستەکان. لە ژینگە سروشتییە جیاوازەکاندا دەژین – هێندێکیان لەوی دییان زیاتر دوژمنکارانەیە. ئەو کۆمەڵگە و گروپانەی ئینتمامان بۆیان هەیە، بە شێوازی زۆر جیاواز ئەو کارانە دیاری دەکەن کە دەتوانین ئەنجامی بدەین یا ناتوانین بیکەین. تەنانەت حەقیقەتە میکرۆبییەکانی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، دەتوانن شوێنەوارێکی قووڵ لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانیمان بەجێ بهێڵن.

هەمەڕەنگی سیما کەسییەکانیشمان (تەمەن، جێندەر، توانای جەستەیی و عەقڵی و هتد...) دەچنە پاڵ جیاوازییەکان لە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە دەرەکییەکان. ئەوەش بۆ هەڵسەنگاندنی یەکسانی گرنگە. یەکسانی لە داهات، دەتوانێت نایەکسانیی توند لە توانای ئەو کارەی هەڵی دەسەنگێنین، بهێڵێتەوە. کەسێکی کەمئەندام ناتوانێت وەک کەسێکی ساغ کارەکان ئەنجام بدات، تەنانەت گەر دەرامەتی هەردووکیشیان وەک یەک بێت. نایەکسانی لە گۆڕاوەکان (بۆ نموونە، دەرامەت) دەتوانێت دۆخێکی تەواو جیاواز لەسەر نایەکسانیی گۆڕاوێکی دی بخولقێنێت (وەک توانستی کارکردن یا خۆشگوزەرانی).

کاتێک تاکەکان پێکەوە بەراورد دەکەین، دەتوانین باشی و خراپەکانیان بەپێی گۆڕانکارییە زۆر جیاوازەکان هەڵبسەنگێنین: دەرامەت، سامان، قازانج، سەرچاوە، ئازادی، ماف و سیفاتە ئاڵوگۆڕەکانیان و هتد.

فرەیی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕێگەمان پێ دەدەن بۆ هەڵسەنگاندنی نایەکسانییە کەسێتییە ناوەکییەکان (گۆڕانکارییە چاوگییەکان) پشتی پێ بەستین، بە زەروورەت ئاستێکی تیۆریمان بەسەردا دەسەپێنێت تا پەیڕەوی بکەین. (١١٩) کێشەی هەڵبژاردنی (پانتایی هەڵسەنگاندن) (جیاکردنەوەی گۆڕانکارییە چاوگییە کاریگەرەکان) لە شیکاری نایەکسانیدا زۆر گرنگە.

لەو هەڵسەنگاندنە دادپەروەرییەی جەخت لەسەر توانست دەکاتەوە، نابێت بەپێی سەرچاوە و کاڵا سەرەتاییەکانیان، حوکم لەسەر داواکارییەکانی تاک بدرێ، بەڵکو بەپێی ئەو ئازادییە ڕاستەقینەیەی لێی بەهرەمەندن بۆ هەڵبژاردنی ئەو ژیانەی مافی هەڵسەنگاندنیان هەیە. ئەمەش ئەو ئازادییە ڕاستەقینەیە کە پێی دەڵێین "توانای" تاک بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، بە پێکهاتنە شیمانەییە جۆراوجۆرەکانەوە.

پێویستە جیاکاری بکرێ لە نێوان توانستی – ئەو ئازادییەی

تاک بە فیعلی چێژی لێ وەردەگرێ – (١) کاڵای سەرەتایی (و سەرچاوەکانی دی) و (٢) دەستکەوتەکان (کە پێکهاتنە کردەوەکانی بە فیعلی ئەزموون کردووە و ئەو دەرئەنجامانەی دی کە پێیان گەیشتووە). بۆ ڕوونکردنەوەی جیاکاریی یەکەم، با بیری بهێنینەوە کە کەمئەندامێک دەتوانێت کاڵای سەرەتایی زیاتری لە کەسێکی دی هەبێت، (لە شێوەی دەرامەت، سامان، ئازادی، هتد). بەڵام تواناکانی (بە هۆی پەککەوتنیەوە) کەمترن. نموونەیەکی دی، ئەم جارەیان لەو کردەوانەوەی دەربارەی هەژارییە وەرگیراوە: یەکێک دەتوانێت زیاتر بخوات و قازانج بکات، بەڵام بە هۆی زیندەگۆڕان (Metabolism)ی بەرزەوە یا زۆریی قابلییەتی بە نەخۆشییە مشەخۆرەکان یا بە هۆی کێشی زۆرەوە یا بەوپەڕی سادەییەوە بە هۆی دووگیانییەوە، ناتوانێت وەک کەسێک کە خواردنی باش دەخوات، بە ئازادی ژیان بەسەر بەرێت. لە پاڵ ئەوەشدا، کاتێک هەژاری لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا چارەسەر دەکەین، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە زۆرێک لە هەژاران، سەبارەت بە دەرامەت و کاڵا سەرەتاییەکانی دی تایبەتمەندییان هەیە –تەمەن، بەربەست، نەخۆشی– گۆڕینی کاڵا سەرەتاییەکانیان بۆ هێز و توانا سەرەکییەکان ئاڵۆز بووە، وەک توانای گواستنەوە و هاتوچۆکردن، تەندروستییەکی باش، بەشداربوون لە ژیانی شار و شارۆچکەدا. کاڵا سەرەکییەکان و سەرچاوە دیاریکراوەکان، بە شێوەیەکی بەرفراوان، ڕەنگدانەوەی توانای ڕاستەقینەی کەسێک نییە. بۆ ڕوونکردنەوەی جیاکاریی دووەم، با بڵێین کەسێک هەمان توانای کەسێکی دیی هەیە، بەڵام کۆمەڵێک کاری جیاواز هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ ئامانجە تایبەتەکانیدا دەگونجێت. لە پاڵ ئەوەشدا، دوو کەس نەک بە تەنها هەمان توانستی ڕاستەقینەیان هەیە، بەڵکو هەمان ئامانجیشیان هەیە، دەتوانن ئەنجامی جیاواز بە دەست بهێنن، لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیجی و تاکتیکی جیاوازدا، پیادە ئازادی خۆیان

دەکەن (١٢٠).

توانست ڕەنگدانەوەی ئەو ئازادییە کە تاک لە هەڵبژاردنی جیاوازییە جۆراجۆرەکانی ژیانی مومکیندا (پێکهاتنە کردار) لێی بەهرەمەند دەبێت، پاشان، بەهایەکی پێ دەبەخشێت کە زەرووڕەت سازانێکی پێشکاتی لەسەر ئەو کۆمەڵە تایبەتە یا ئەو ئامانجانە نییە (یا هەر وەکو ڕاولز دەڵێت، لەسەر بڕوایەکی گشتگیری جیاکار). هەر وەکو پێشتر بینیمان، کارێکی زۆر گرنگە جیاکاری بکەین لە نێوان ئازادی (کە دانەوەی توانستە) و بەجێهێنان (کە دانەوەی کرداری ڕاستەقینەیە)، هەڵسەنگاندنی توانست هەرگیز ناخوازێت جەخت لەسەر بڕوای گشتگیری جیاکار بکاتەوە و یەکێکیشە ڕەنگە دەسکەوت و شێوازەکانی ژیان پۆلێن بکات."

ئەمارتیا سین، سەرلەنوێ تێگەیشتن لە نایەکسانی

Amartya Sen, Repenser l'inegalite (1992), Seuil, 2000, p. 122 – 124.

# ئەنجامگیری

گەیشتنی کۆمەڵگەی دیموکراسی و گەشەسەندنی ئابووری بە بازاڕ لە قۆناغی هاوچەرخدا، مادەیەکی بە بیرکردنەوەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بە ناوەڕۆکەکەی ئێستایەوە، بەخشیوە. بەڵام هەردوو چەمکی "یەکسانی" و "نایەکسانی" بوونە هۆی پرسیارکردن و تێبینی و مەرجەکان کە بە شێوەیەکی بەردەوام زیاد دەکەن. لە ڕاستیدا، قەیرانی دەوڵەتی خۆشگوزەران و لەناوبردنی پەراوێزخستن و بەرهەستی زیاد، سەبارەت بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی، لەمڕۆدا بەشداری دەکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلەیەی کتێبەکەی ڕاوڵز بە شێوەیەکی هەستپێکراو تازەی کردووەتەوە، بکاتە بابەتی دیبەت. ئارەزووی دۆزینەوەی " هێڵی سێیەم" لە نێوان لیبراڵیزمی ئابووری و سۆسیالیزمی دەوڵەت، ڕێگەی دا بە داهێنانی بیرۆکەی دادپەروەری وەک ئینساف. شەپۆلەکانی شۆک بە ڕادەیەک گەورە بوون کە ئینساف زۆر بە خێرایی وەک باشترین ئامرازی گەیشتن بە یەکسانی خۆی سەپاند: تەنانەت هێندێک بیریار پێشنیازیان کرد دروشمی کۆماری فرەنسی "ئازادی، یەکسانی، برایەتی" بگۆڕێت بە دروشمی "ئازادی، ئینساف، برایەتی". هێشتا نەگەیشتووین بە ئێرە! دیبەت دەربارەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پەیوەست بە گرفتەکانی هەژاری و پەراوێزخستن و هاوکاری، دەربارەی ئامرازە تایبەتەکان بۆ فەراهەمکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ زامنکردنی دیموکراسی، بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی بە دیبەتێکەوە هەیە، هێشتا کراوەیە!

## زاراوەکان

| فرەنسی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Absolutisme | نظام الحکم المطلق، الاستبدادية | ستەمگەری، سیستمی حوکمی ڕەها |
| Abstention | الامتناع | دەنگنەدان، خۆگرتن، نەکردن، نەویستن |
| Affaires publiques | شؤون عامة | کاروباری گشتی |
| Affirmative action | العمل الايجابي | کاری پۆزەتیڤ |
| Alienation | اغتراب | نامۆبوون |
| Allocation chomage | تعويض بطالة | قەرەبووکردنەوەی بێکاری |
| Appareil judiciaire | جهاز قضائي | دەزگای دادوەری |
| Arbiraire | تعسفي | هەڕەمەکی، زۆردارەکی، زۆرەملێی |
| Assemblee nationale | جمعية وطنية | کۆمەڵەی نیشتمانی |
| Auto–exclusion | استبعاد ذاتي | خود–دوورخستنەوە |
| Autonomie | سيادة ذاتية (استقلال ذاتي) | خودموختاری، ئۆتۆنۆمی |
| Auto–recrutement | توظيف ذاتي | خۆبەخشانە |
| Biens et services | سلع و خدمات | کالا و خزمەتگوزارییەکان |
| Biens premiers | سلع أولية | کالا سەرەتاییەکان |
| Capabilite | مقدرة | توانست، توانا |

| | | |
|---|---|---|
| Capital culturel | رأسمال ثقافي | سەرمایەی کولتووری |
| Capital economique | رأسمال اقتصادي | سەرمایەی ئابووری |
| Catallaxie | تعاملات السوق | سەوداکردنی بازاڕ، مامەڵەی بازاڕ، مامەڵەکردنەکانی بازاڕ |
| Cens electoral | ضريبة حق الانتخاب | باجی مافی هەڵبژاردن |
| Chomage | بطالة | بێکاری |
| Chomage a longue duree | بطالة طويلة الأمد | بێکاریی درێژخایەن، بێکاریی دوورمەودا، بێکاریی مەودادوور |
| Chomage de masse | بطالة واسعة النطاق | بێکاریی بەرفراوان |
| Citoyen | مواطن | هاووڵاتی، هاونیشتمانی |
| Citoyennete | مواطنة | هاووڵاتیبوون، هاونیشتمانیبوون |
| Citoyennete formelle | مواطنة شكلية | هاووڵاتیبوونی ڕووکەشی، هاووڵاتیی فۆرمۆڵەیی، هاووڵاتیی شکڵی |
| Citoyennete reelle | مواطنة حقيقية | هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینە، هاونیشتمانیی ڕیاڵ |
| Civisme | مدنية | مەدەنییەت، شارستانییەت |
| Classe de possession | طبقة مالكة | چینی موڵکدار، چینی |

| | | |
|---|---|---|
| | | خاوەندار |
| Casse de production | طبقة الانتاج | چینی بەرهەمهێن |
| Casse de moyenne | طبقة متوسطة، طبقة وسطى | چینی مامناوەندی، چینی ناوەنجی |
| Classe ouviere | طبقة عاملة | چینی کرێکار، چینی کارگەران |
| Classe populaire | طبقة شعبية | چینی میللی، چینی پاپیولەر |
| Classe sociale | طبقة اجتماعية | چینی کۆمەڵایەتی، چینی سۆسیال |
| Classe superieur | طبقة عليا | چینی باڵا، چینی سۆپەر، چینی خانەدان |
| Cohesion sociale | تماسک اجتماعي | یەکانگیریی کۆمەڵایەتی |
| Conflit social | نزاع اجتماعي | ململانێی کۆمەڵایەتی، کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی |
| Conformisme | امتثالية | گوێڕایەڵی، خۆڕادەستکردن، پاشکۆیەتی، ملکەچی |
| Conscience ethnique | وعي إثني | هۆشیاریی ئەتنیکی، ئاگایی ئەتنی |
| Conscience politique | وعي سياسي | هۆشیاریی سیاسی، ئاگایی سیاسی |
| Consensus | إجماع (توافق) | کۆدەنگی (سازان) |
| Constitution | دستور | دەستوور |
| Contrat social | عقد اجتماعي | پەیمانی کۆمەڵایەتی، |

| | | |
|---|---|---|
| | | کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی |
| Contre pouvoir | سلطة مضادة | دژەدەسەڵات |
| Controle social formel | رقابة اجتماعية شكلية | چاودێریی کۆمەڵایەتیی ڕووکەشی، سانسۆری کۆمەڵایەتیی ڕووکەش |
| Converture maladie universelle (CMU) | تغطية مرضية شاملة | ڕووماڵی نەخۆشیی گشتگیر، ڕووپۆشی نەخۆشیی گشتگیر |
| Croissance economique | نمو اقتصادي | گەشەی ئابووری |
| Culture democratique | ثقافة ديمقراطية | کولتووری دیموکراسی |
| Debat public | سجال عام | دیبەتی گشتی، مشتومڕی گشتی |
| Decentralisation | لامركزية | ناسەنترالّیزەیشن، نانێوەندێتی، لامەرکەزییەت |
| Deficit public | عجز عام | کورتهێنانی گشتی |
| Democratie | ديمقراطية | دیموکراسی |
| Democratie d'opinion | ديمقراطية الرأي | دیموکراسیی ڕەئی، دیموکراسیی بیرورا |
| Democratie des partis | ديمقراطية الأحزاب | دیموکراسیی حیزبەکان |
| Democratie directe | ديمقراطية مباشرة | دیموکراسیی ڕاستەوخۆ |
| Democratie du public | ديمقراطية الجمهور | دیموکراسیی جەماوەر |

| | | |
|---|---|---|
| Democratie inachevee | ديمقراطية غير منجزة | ديموكراسيی ناتەواو |
| Democratie indirect | ديموقراطية غير مباشرة | ديموكراسيی ناڕاستەوخۆ |
| Democratie liberale | ديمقراطية ليبرالية | ديموكراسيی ليبراڵی |
| Democratie locale | ديمقراطية محلية | ديموكراسيی لۆكاڵی، ديموكراسيی ناوچەيی |
| Democratie represntative | ديمقراطية تمثيلية | ديموكراسيی نوێنەرايەتی |
| Democratisation | دمقرطة | ديموكراتيزەكردن |
| Demographisation | دمغرفة | ديموگرافيا، ديموگرافيک |
| Depenses collectives | نفقات جماعية | خەرجييە كۆلێكتيڤەكان، خەرجييە بەكۆمەڵەكان |
| Desaffection civique | مجافاة مدنية | تەكينەوە لە مەدەنيەت، دووركەوتنەوە لە شارستانی، وەڕسبوون لە مەدەنييەت |
| Desafflliation social | لاانتماء اجتماعي (انخلاع اجتماعي) | ناوابەستەيی كۆمەڵايەتی، نەبوونی ئينتمای كۆمەڵايەتی |
| Determinisme social | حتمية اجتماعية | حەتمييەتی كۆمەڵايەتی |
| Devoir electoral | واجب انتخابي | ئەركی هەڵبژاردن |
| Dictature du proletariat | ديكتاتورية البروليتاريا | ديكتاتۆرييەتی پرۆليتاريا |

| | | |
|---|---|---|
| Dismension sociale | بعد اجتماعي | ڕەهەندی کۆمەڵایەتی |
| Discrimination positive | تمييز إيجابي | جیاکاریی پۆزەتیڤ |
| Disparite economique et sociale | تباين، تفاوت اقتصادي و اجتماعي | جیاوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی |
| Disqualification sociale | عدم أهلية اجتماعية | ناشایستەیی کۆمەڵایەتی، لێنەوەشاوەیی کۆمەڵایەتی، لێنەهاتوویی کۆمەڵایەتی |
| Diversite racial | تنوع عرقي | هەمەجۆریی نەژادی |
| Divorce par consentment mutuel | طلاق بالتراضي | جیابوونەوەی ڕەزامەندانە، تەڵاق بە ڕەزامەندیی هەردوولا |
| Doctrine globale particuliere | عقيدة شاملة خاصة | بیروباوەڕی گشتگیری تایبەت |
| Droit a la contraception | الحق في موانع الحمل | مافی دووگیاننەبوون، مافی ڕێگریکردن لە دووگیانبوون، مافی زگنەگرتن |
| Droit a l'avortement | الحق في الاجهاض | مافی لەباربردن، مافی زگخستن |
| Droit a la securite du travail | الحق في الامن في العمل | مافی دڵنیایی لە کارکردندا، مافی سەلامەتیی کارکردن |
| Droit civique | الحق المدني | مافی مەدەنی، مافی سیڤیل |
| Droit de greve | الحق في | مافی مانگرتن |

| | | |
|---|---|---|
| | الإضراب | |
| Droit de manifester | الحق في التظاهر | مافی خۆپیشاندان |
| Droit de s'associer | الحق في الاجتماع، التجمع | مافی کۆبوونەوە، گردبوونەوە |
| Droit de vote | حق التصويت | مافی دەنگدان |
| Droit politique | حق سياسي | مافی سیاسی |
| Droit syndical | حق نقابي | مافی سەندیکایی |
| Droit de la minorite | حقوق الأقليات | مافی کەمینەکان |
| Ecart salarial | فارق في الأجر | جیاوازی لە کرێ، جیاوازیی مزەکار، جیاوازی لە هەقدەست |
| Economie dirigee | اقتصاد موجه | ئابووریی ئاراستەکراو |
| Economie du marche | اقتصاد السوق | ئابووریی بازاڕ |
| E – democratie | ديموقراطية إلكترونية | دیموکراسیی ئەلیکترۆنی |
| Egaliberte | مساواة-حرية | یەکسانی-ئازادی |
| Egalisation | تسوية | وەکیەکی، هاوتایی، چونیەکی، چارەسەرکردن، بەلاداخستن |
| Egalitarisme | المساواتية | یەکسانی، یەکسانبوون |
| Egalite complexe | مساواة معقدة | یەکسانیی ئاڵۆز |
| Egalite culturelle | مساواة ثقافية | یەکسانیی کولتووری |

| | | |
|---|---|---|
| Egalite dans la loi | مساواة في القانون | یەکسانی لە یاسا |
| Egalite de droit | مساواة في الحق | یەکسانی لە ماف |
| Egalite de fait | مساواة فعلية | یەکسانیی ڕاستەقینە |
| Egalite de situation | مساواة في الوضع | یەکسانی لە بارودۆخ، یەکسانی لە پێگە |
| Egalite de traitment | مساواة في المعاملة | یەکسانی لە مامەڵە |
| Egalite des chances | مساواة في الفرص، تكافؤ الفرص | یەکسانی لە دەرفەت، هاودەرفەت، وەکیەکی لە دەرفەت |
| Egalite des condition | مساواة في الشروط | یەکسانی لە هەلومەرج |
| Egalite des consideration | مساواة في الاعتبارات | یەکسانی لە بیرکردنەوە |
| Egalite formelle | مساواة شكلية | یەکسانیی ڕووکەشانە، یەکسانیی شکڵی |
| Egalite juridique | مساواة قانونية | یەکسانیی یاسایی، یەکسانیی قانونی |
| Egalite politique | مساواة سياسية | یەکسانیی سیاسی |
| Egalite professionnel | مساواة مهنية | یەکسانیی پیشەیی |
| Egalite reelle | مساواة حقيقية | یەکسانیی ڕاستەقینە |
| Egalite socio - economique | مساواة اجتماعية – اقتصادية | یەکسانیی کۆمەڵایەتی–ئابووری |

| | | |
|---|---|---|
| Elections libres | انتخابات حرة | هەڵبژاردنی ئازاد |
| Elections transparentes | انتخابات شفافة | هەڵبژاردنی شەفاف |
| Elections pluralistes | انتخابات تعددية | هەڵبژاردنی فرەیی، هەڵبژاردنی پلوراڵ |
| Eligibilite | أهلية للانتخاب | شایستەیی بۆ هەڵبژاردن، لێوەشاوەیی بۆ هەڵبژاردن |
| Elitisme | نخبوية | دەستەبژێرگەرایی، دەستەبژێرخوازی |
| Equite | إنصاف | ئینساف |
| Esclavage | استعباد | بەکۆیلەکردن |
| Espace d'evaluation | فضاء تقويم | فەزای هەڵسەنگاندن، پانتایی هەڵسەنگاندن، فەزای خەملاندن |
| Espace public | فضاء عام | فەزای گشتی |
| Etat de droit | دولة قانون | دەوڵەتی یاسا |
| Etat social | وضع، واقع اجتماعي | پێگە، واقیعی کۆمەڵایەتی، پێگەی کۆمەڵایەتی |
| Etat - providence | دولة الرفاهية | دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، دەوڵەتی خۆشنودی |
| Exclusion | استبعاد | دوورخستنەوە، پەراوێزخستن |
| Fecondite differentielle | خصوبة تباينية | بڕشتی جیاوازی، بەپیتیی جیاوازی |

| | | |
|---|---|---|
| Feodalite | إقطاعية | فیودال، دەربەگایەتی |
| Fluidite sociale | مرونة اجتماعية | نەرمونیانیی کۆمەڵایەتی |
| Flux constants | تدفقات ثابتة | تەوژمە نەگۆڕەکان، لێشاوە نەگۆڕەکان |
| Flux humains | تدفقات بشرية | تەوژمی مرۆیی، لێشاوی مرۆیی، لێشاوە مرۆییەکان |
| Fonction politique | وظائف سياسية | ئەرکە سیاسییەکان |
| Fraternite | أخوة | برایەتی |
| Frustration relative | إحباط نسبي | نائومێدیی ڕێژەیی، تێکشکانی ڕێژەیی |
| Groupes ethniques | فئات إثنية | توێژە ئەتنییەکان، گروپە ئەتنییەکان |
| Harcelement sexuel | تحرش جنسي | گێچەڵی سێکسی، گێچەڵپێکردنی سێکسی |
| Heredite sociale | وراثة اجتماعية | بۆماوەیی کۆمەڵایەتی |
| Homogeneisation des conditions | تجانس في الشروط | یەکانگیری لە هەلومەرج |
| Impot sur le revenu | ضريبة الدخل | باجی دەرامەت |
| Individuallisme | فردية | تاکگەرایی، تاکخوازی |
| Industrialisation | تصنيع | پیشەسازی، دروستکردن |
| Inegalite d'intelligence | لامساواة في الذكاء | نایەکسانی لە ژیری |
| Inegalite de fortune | لامساواة في | نایەکسانی لە سامان |

| | | |
|---|---|---|
| | الثروة | |
| Inegalite de sexe | لامساواة في الجنس، بين الجنسين | نايەكسانيی نێوان دوو ڕەگەز |
| Inegalite de situation | لامساواة في الوضع | نايەكسانی لە شوێن، نايەكسانی لە بار |
| Inegalite face au chomage | لامساواة أمام البطالة | نا يەكسانی لە ئاست بێكاری |
| Inegalite positive | لامساواة إيجابية | نايەكسانيی پۆزەتيڤ |
| Inflation | تضخم | هەڵئاوسان، پەنەمان |
| Institutions communales | مؤسسات بلدية | دامەزراوەكانی شارەوانی |
| Institutions formelles | مؤسسات شكلية | دامەزراوە شكڵييەكان |
| Instruction obligatoire | تعليم إلزامي | خوێندنی بەزۆر، خوێندنی ناچاری |
| Interet general | مصلحة عامة | بەرژەوەنديی گشتی |
| Interet public imperatif | مصلحة عامة إجبارية | بەرژەوەنديی گشتيی جەبری، بەرژەوەنديی گشتيی ناچاری |
| Intervention economique et sociale de I'Etat | تدخل اقتصادي و اجتماعي للدولة | دەستوەردانی ئابووری و كۆمەڵايەتيی دەوڵەت، دەستوەردانی ئابووری و كۆمەڵايەتی لە لايەن دەوڵەتەوە |
| Isonomie | مساواة الجميع أمام القانون | يەكسانيی هەموان لە بەردەم ياسادا |

| | | |
|---|---|---|
| Justice corrective | عدالة تصحيحية | دادپەروەریی ڕاستکردنەوە، دادپەروەریی پیاچوونەوە |
| Justice distributive | عدالة توزيعية | دادپەروەریی دابەشکردن |
| Justice sociale | عدالة اجتماعية | دادپەروەریی کۆمەڵایەتی |
| Legislateur | مشرع | یاسادانەر |
| Legitlmite du pouvoir | شرعية السلطة | شەرعییەتی دەسەڵات، ڕەوایەتیی دەسەڵات |
| Les Trente Glorieuses | الثلاثينية المجيدة | سییەی شکۆمەند، سی ساڵەی شکۆدار، گەشەسەندنی دوای جەنگ |
| Liberalisme | ليبرالية | لیبراڵیزم |
| Liberalisme politique | ليبرالية السياسية | لیبراڵیزمی سیاسی |
| Liberte d'association | حرية الاجتماع | ئازادیی کۆبوونەوە |
| Liberte d'entreprendre | حرية المبادرة | ئازادیی دەستپێشخەری |
| Liberte d'opinion | حرية الرأي | ئازادیی ڕەئی، ئازادیی بیروڕا |
| Liberte de croyance | حرية المعتقد | ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی باوەڕ |
| Liberte de culte | حرية العبادة | ئازادیی پەرستن |
| Liberte de | حرية التعليم | ئازادیی خوێندن، |

| | | |
|---|---|---|
| I'enseignment | | ئازادیی فێربوون |
| Liberte negative | حرية سلبية | ئازادیی نێگەتیڤ، ئازادیی نەرێنی |
| Liberte positive | حرية إيجابية | ئازادیی پۆزەتیڤ، ئازادیی ئەرێنی |
| Libertes publiques | الحريات العامة | ئازادییە گشتییەکان |
| Libre - echange | تبادل حر | ئاڵوویری ئازادی، ئاڵوگۆڕی ئازاد، گۆڕینەوەی ئازاد |
| Listes electorales | لوائح انتخابية | لیستی هەڵبژاردن، لیستەکانی هەڵبژاردن |
| Lutte des classes | صراع الطبقات | ململانێی چینەکان، کێشمەکێشی چینەکان |
| Marginalite | هامشية، تهميش | پەراوێزخستن، کەنارخستن |
| Mediacratie | الاعلامقراطية (حكم الاعلام) | میدیاکراسی |
| Medias | وسائل الإعلام | ئامرازەکانی ڕاگەیاندن |
| Meritocratie | نظام الاستحقاق | سیستمی شایستەیی، سیستمی لێهاتوویی، سیستمی لێوەشاوەیی |
| Meteque | غريب | نامۆ |
| Microsociologie | سوسيولوجيا وحدية | مایکرۆسۆسیۆلۆجیا |
| Militantisme | نضالية | تێکۆشەری، خەباتگێڕی |
| mobilisation | تحريك، تحرك | مۆبیلیتە |

| | | |
|---|---|---|
| | (تعبئة) | |
| Mobilite sociale | حركية اجتماعية | مۆبیلیتەی کۆمەڵایەتی |
| Mobilite ascengante | حركية تصاعدية | مۆبیلیتەی سەرەوژوور، مۆبیلیتەی هەڵکشان |
| Mobilite descendante | حركية تنازلية | مۆبیلیتەی سەرەوخوار، مۆبیلیتەی داکشان |
| Mobilite intergenerationnelle | حركية بين جيلين | مۆبیلیتەی نێوان دوو نەوە |
| Mobilite interagenerationnelle | واحد حركية داخل جيل | مۆبیلیتەی نێو یەک نەوە |
| Mobilite sociale structurelle | حركية اجتماعية بنيوية | مۆبیلیتەی کۆمەڵایەتیی بونیادی |
| Mobilite structurelle | حركية بنيوية | مۆبیلیتەی ستراکچراڵ، مۆبیلیتەی بونیادی |
| Mode de vie | نمط الحياة، العيش | شێوازی ژیان |
| monarchie | ملكية | پاشایەتی |
| Monde materiel | عالم مادي | جیهانی مادە، دونیای مادە |
| Monde moral | عالم أخلاقي | جیهانی ئەخلاق، جیهانی مۆراڵ |
| Motion de censure | اقتراح باللوم | پێشنیازی لۆمەکردن، پێشنیازی |

| | | |
|---|---|---|
| | | سەرزەنشتکردن |
| Movement social | حركة اجتماعية | بزووتنەوەی کۆمەلایەتی |
| Moyennisation de la socite | متوسطية المجتمع | میانەیی کۆمەڵگە، تێکڕای کۆمەڵگە |
| Moyens de production | وسائل الانتاج | ئامرازەکانی بەرهەمهێنان |
| Neo - liberal | ليبرالي جديد، نيوليبرالي | نیۆلیبراڵ، لیبراڵی نوێ |
| Oligarchie senatoriale | أوليغارشية مجلس الشيوخ | ئۆلیگارشیی ئەنجومەنی پیران، ئۆلیگارشیی سینات |
| Opinion publique | الرأي العام | ڕای گشتی |
| Oppression | قمع | سەرکوتکردن |
| Organisation politique | تنظيم سياسي | ڕێکخستنی سیاسی |
| Origine sociale | أصل اجتماعي | بنەچەی کۆمەلایەتی، ڕەگوڕیشەی کۆمەلایەتی، |
| Pauperisme | فقر جماعي | هەژاریی بەکۆمەڵ |
| Petite bourgeoisie | برجوازية صغيرة | بورجوازیی بچووک |
| Pouvoir executif | سلطة تنفيذية | دەسەلاتی جێبەجێکردن |
| Pouvoir judiciaire | سلطة قضائية | دەسەلاتی دادوەری |
| Pouvoir legislatif | سلطة تشريعية | دەسەلاتی یاسادانان |
| Prelevements obligatoire | اقتطاعات إلزامية | باجگریی ناچاری |

| | | |
|---|---|---|
| Primaires democrates | انتخابات اولية ديمقراطية | هەڵبژاردنی بەرایی دیموکراسی |
| Procedure d'impeachment | إجراء اتهام الرئيس (امام الكونغرس) | ڕێکاری تۆمەتبارکردنی سەرۆک (لە بەردەم کۆنگرێسدا)، ڕێوشوێنی تومەتبارکردنی سەرۆک (لە بەردەم کۆنگریسدا) |
| Production capitaliste | إنتاج رأسمالي | بەرهەمهێنانی سەرمایەداری |
| Quatrieme pouvoir | السلطة الرابعة (الصحافة) | دەسەڵاتی چوارەم (ڕۆژنامەوانی) |
| Quotas | حصة | پشک، کۆتا |
| Raisonnement probabliste | منطق احتمالي | لۆجیکی گریمانەیی، لۆجیکی شیمانەیی |
| Rapports sociaux de domination | علاقات اجتماعية سلطوية | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەراکان |
| Redistribution des revenus | إعادة توزيع المداخيل | دابەشکردنەوەی داهاتەکان |
| Referendum | استفتاء | ڕاپرسی، ڕیفراندۆم |
| Reforme de Clisthene | إصلاح كليستان | ڕیفۆرمی کلیستان، چاکسازیی کلیستان |
| Reforme scolaire | إصلاح مدرسي | ڕیفۆرمی خوێندنگە، چاکسازیی فێرگە |
| Regime censitaire | نظام ضريبة حق الانتخاب | سیستمی باجی مافی هەڵبژاردن |
| Rigime monarchique | نظام ملكي | سیستمی پاشایەتی |
| Rigime parlmentaire | نظام برلماني | سیستمی پارلەمانی |

| | | |
|---|---|---|
| Rigime politique | نظام سياسي | سيستمی سیاسی |
| Rigime presidentiel | نظام رئاسي | سيستمی سەرۆكایەتی |
| Rendement decroissant | مردود تنازلي | بەروبوومی دابەزیو |
| Representation nationale | تمثيل وطني | نوێنەرایەتیی نیشتمانی |
| Reproduction sociale | إعادة إنتاج اجتماعية | بەرهەمهێنانەوەی كۆمەڵایەتی |
| Republique | جمهورية | كۆمار، كۆماری |
| Rigidite sociale | جمود اجتماعي | چەقبەستوویی كۆمەڵایەتی، بەستەڵۆكی كۆمەڵایەتی |
| Rigidite structurelle | جمود بنيوي | چەقبەستوویی بونیادی |
| Sans domicile fixe SDF | من دون مسكن ثابت | بێماڵوجێ، دەربەدەر، بێجێوڕێ |
| Scolarisation | ارتياد المدارس | چوون بۆ خوێندنگە، خوێندن |
| Selection sociale, tri social | فرز اجتماعي | جیاكردنەوەی كۆمەڵایەتی، هەڵاوێردی كۆمەڵایەتی |
| Self-made-man | رجل عصامي | پیاوی خوددروستكەر، مرۆڤی خوددروستكەر، |

| | | |
|---|---|---|
| | | خۆدروستکەر |
| Senat | مجلس الشيوخ | سینات، ئەنجومەنی پیران |
| Sens commun, conception partagee | مفهوم مشترك | چەمکی هاوبەش |
| Separation des pouvoirs | فصل السلطات | جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان |
| Service public | الخدمة العامة | خزمەتگوزاریی گشتی |
| Socialisation | جتمعة | سۆشیالیزەکردن |
| Socialisme autoritaire | اشتراكية استبدادية | سۆسیالیزمی ستەمگەر، سۆسیالیزمی زۆردار |
| Socialisme etatiste | اشتراكية دولية | سۆسیالیزمی دەوڵەت |
| Societe aristocratique | مجتمع أرستقراطي | کۆمەڵگەی ئۆرۆستۆکراسی |
| Societe civile | مجتمع مدني | کۆمەڵگەی مەدەنی |
| Solidarite | تضامن | هاوکاری، دەستیاری، سۆلیدارێتی |
| Sondage | استطلاع للرأي | ڕاپرسی |
| Souverainete nationale | سيادة وطنية | سەروەریی نیشتمانی |
| Sphere justice | دائرة العدالة | جوغزی دادپەروەری، بازنەی دادپەروەری |
| Sphere economique | الدائرة الاقتصادية | بازنەی ئابووری، کایەی ئابووری |
| Stabilite temporelle | ثبات موقت | جێگیریی کاتی، سەقامگیریی کاتی |
| Statut professionnel | الوضع المهني | دۆخی پیشەیی، باری پیشەیی |

| | | |
|---|---|---|
| Stratification sociale | التقسيم الطبقي | دابەشکردنی چینایەتی |
| Structure sociale | بنية اجتماعية | بونیادی کۆمەڵایەتی، ستراکچەری کۆمەڵایەتی |
| Suffrage universel | اقتراع عام | دەنگدانی گشتی |
| Surete individuelle | أمن فردي | ئەمنی تاک، ئاسایشی تاک |
| Syndicat | نقابة | سەندیکا |
| Taux de mobilite | نسبة الحركية | ڕێژەی مۆبێلیتە |
| Taxe sur la valeur ajoutee | ضريبة على قيمة المضافة | باجی سەر بەهای زیادکراو |
| Technicisation | تقننة | بەتەکنیککردن |
| Tyannie | طغيان (ظلم) | زۆڵم، ستەم، جەور |
| Ultraliberalisme | ليبرالية متطرفة | لیبراڵیزمی ڕادیکاڵ، لیبراڵیزمی پەڕگیر |
| Uniformite | تماثل | لێکچوون، هاوشێوەیی |
| Unite | وحدة | یەکە، یەکبوون، یەکگرتوو، یەکێتی |
| Universalisme | الشمولية | گشتگیری، یونیڤێرساڵیزم |
| Universalite | العمومية | سەراپاگیر، یونیڤێرساڵ، هەمەگی |
| Urbanisation | تمدين | شارستانیبوون، بەمەدەنیکردن، شارستانێتی |
| Viscosite sociale | لصوق اجتماعي | لکاندنی کۆمەڵایەتی، ڤیسکۆسیتی |

| | | |
|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | | |
| ویستی ڕووکەشی، ویستی فۆرمۆڵەیی | مشيئة شكلية | Volonte formelle |
| ویستی یاسایی | مشيئة قانونية | Volonte juridique |
| ئیرادەی میلی | مشيئة شعبية | Volonte populaire |
| ناوچەی لەپێشبوونی خوێندن، زۆنێک لە خوێندندا ئەفزەڵییەتی هەبێت | منطقة ذات أفضلية في التعليم | Zone d'education prioitaire |
| ناوچەی ئازاد | منطقة حرة | Zone franche |

# سەرچاوەکان


- BLAU PETER M. et DUNCAN OTIS D., The American Occupational Structure, Wiley, 1967.

بلو بيتر م. ودانكان أوتيس د.، البنية المهنية الأميركية.

- BOUDON Raymond, L'Inégalité des chances, la mobilité sociale dans les sociétés industrielles, Armand Colin, 1973.

بودون ريمون، اللامساواة في الفرص، الحركية الاجتماعية في المجتمعات الصناعية.

- BOUDON Raymond, La logique du social, Introduction à l'analyse sociologique, Hachette, 1973

بودون ريمون، منطق الاجتماعي. مقدمة للتحليل السوسيولوجي.

- BOURDIEU Pierre et PASSERON Jean-Claude, Les héritiers. Les étudiants et la culture, Editions de Minuit, 1964.

بورديو بيار وباسرون جانكلود، الورثة، الطلاب والثقافة.

- BOURDIEU Pierre et PASSERON Jean-Claude, La Reproduction, Editions de Minuit, 1970.

بورديو بيار وباسرون جانكلود، إعادة الانتاج.

- - BOURDIEU Pierre, La Distinction, Editions de Minuit, 1970.

بورديو بيار، التمييز

- BOURDIEU Pierre, Questions de sociologie, Editions de Minuit, 1984.

بورديو بيار، مسائل سوسيولوجية

- CASTEL Robert, Les Métamorphoses de la question sociale, Fayard, 1995.

كاستيل روبير، تحولات المسألة الاجتماعية.

- CHARLOT Jean, La politique en France, Editions de Fallois, 1994.

شارلو جان، السياسة في فرنسا.

- CONSTANT Benjamin, " De la liberté des anciens comparée à celle des modernes ", (1819), in De la liberté chez les modernes, Pluriel, 1980.

كوستان بنجامين، «حرية القدماء مقارنة بحرية المحدثين» (١٨١٩)

- COTTA Alain, Un nouveau président pour rien, Fayard, 1994.

كوتا آلان، رئيس جديد للاشيء.

stant Flux. A study of class Mobility in Industrial Societies, Clarendon Press, 1992.

إيريكسون روبير وغولدثورب جون، التدفقات الثابتة. دراسة حول حركية الطبقات في المجتمعات الصناعية.

- FITOUSSI Jean-Paul et ROSANVALLON Pierre, Le Nouvel Age des inégalités, Seuil, 1996.

فيتوسي جانبول وروزانفالون بيار، عصر اللامساواة الجديد.

- GAXIE Daniel, Le cens caché. Inégalités culturelles, et ségrégation politique, Seuil, 1978.

غاكسي دانيال، ضريبة حق الانتخاب الخفية. لامساواة ثقافية وتمييز سياسي.

- GOLDTHORPE John, Social Mobility and Class Structure in Modern Britain, Clarendon Press, 1980.

غولدثورب جون، الحركية الاجتماعية والبنية الطبقية في بريطانيا الحديثة.

- HABERMAS Jürgen, L'Espace public. Archéologie de la publicité comme dimension constitutive de la société bourgeoise (1963), Payot, 1978.

يورغن هابرماس، الفضاء العام. حفريات الإعلان كبعد مكوّن للمجتمع البرجوازي (١٩٦٣).

- HAYEK Friedrich von, La Route de la servitude (1944), PUF, 1993.

هايك فريديريتش فون، الطريق الى العبودية (١٩٤٤).

- HAYEK Friedrich von, Droit, législation et liberté (1976), tome II : " Le mirage de la justice sociale ", PUF, 1995.

هايك فريديريتش فون، الحق، التشريع والحرية (١٩٧٦).

- HOBBES Thomas, Léviathan (1651), Gallimard, 2000.

هوبز توماس، اللوياثان (١٦٥١).

- KESLASSY Eric, Le libéralisme de Tocqueville à l'épreuve du paupérisme, L'Harmattan, 2000.

إيريك كيسلاسي، ليبرالية توكفيل في مقاومة الفقر الجماعي.

- LOCKE John, Second Traité du gouvernement civil (1690), Vrin, 1977.

لوك جون، الأطروحة الثانية في الحكومة المدنية (١٦٩٠).

- MANIN Bernard, Principes du gouvernement représentatif, Calmann-Lévy, 1995.

مانان برنارد، مبادئ الحكومة التمثيلية.

- MARX Karl, Le Dix-huit Brumaire de Louis Napoléon Bonaparte (1852), Berlin-Est, 1967.

كارل ماركس، الثامن عشر من بروميير لويس بونابرت.

- MENDRAS Henri, La Seconde Révolution française : 1965-1984 (1988), Gallimard, 1994.

ماندراس هنري، الثورة الفرنسية الثانية: ١٩٦٥ـ١٩٨٤ (١٩٨٨).

- MINC Alain, La France de l'an 2000, Odile Jacob/La documentation française, 1994.

مينك الآن، فرنسا العام ٢٠٠٠.

- MINC Alain, L'Ivresse démocratique, Grasset, 1995.

مينك الآن، السكرة الديمقراطية

- MISES Ludwig von, L'Action humaine (1949), PUF, 1985.

ميزس لودفيج فون، العمل الإنساني (١٩٤٩).

- MONTESQUIEU Charles, De l'esprit des lois (1748), Gallimard, 1995.

مونتسكيو شارل، روح الشرائع (١٧٤٨).

- NOZIK Robert, Anarchie, Etat, et Utopie (1974), PUF, 1988.

نوزيك روبير، الفوضى، الدولة والطوباوية (١٩٧٤).

- PAUGAM Serge, La Disqualification sociale. Essai sur la nouvelle pauvreté, PUF, 1991.

بوغام سيرج،، اللاأهلية الاجتماعية . دراسة حول الفقر.

- POULANTZAS Nicolas, Les classes sociales dans le capitalisme d'aujourd'hui, Seuil, 1974.

نيكولاس بولنتزاس، الطبقات الاجتماعية في رأسمالية اليوم.

- RAWLS John, Théorie de la justice (1971), Seuil, 1987.

روِلز جون، نظرية العدالة (١٩٧١).

- ROSANVALLON Pierre, La crise de l'Etat-Providence, Seuil, 1981.

روزانفالون بيار، أزمة دولة الرفاهية.

- ROSANVALLON Pierre, La nouvelle Question sociale, Seuil, 1995.

روزانفالون بيار، المسألة الاجتماعية الجديدة.

- ROUSSEAU Jean-Jacques, Discours sur l'origine et les fondements de l'inégalité parmi les hommes (1755), Flammarion, 1995.

روسو جان جاك، خطاب حول أصل اللامساواة بين الناس وأسسها (١٧٥٥).

- ROUSSEAU Jean-Jacques, Du contrat social (1762), Flammarion, 2001.

روسو جان جاك، في العقد الاجتماعي (١٧٦٢)

- SCHNAPPER Dominique, La Démocratie providentielle. Essai sur l'égalité contemporaine, Gallimard, 1994.

شنابر دومينيك، ديمقراطية الرفاهية. دراسة حول المساواة المعاصرة.

- SCHNAPPER Dominique, La communauté des citoyens. Sur l'idée moderne de nation, Gallimard, 2002.

شنابر دومينيك، مجتمع المواطنين. حول فكرة حديثة للأمة.

- SIMMEL Georg, Sociologie et Epistémologie, PUF, 1981.
جورج سيميل، السوسيولوجيا والابستمولوجيا(علم الاجتماع وعلم المعرفة).

- SOROKIN Pitirim, Social Mobility, Harper & Brothers, 1927.
سوروكين بيتريم، الحركية الاجتماعية.

- THELOT Claude, Tel père, tel fils ? Position sociale et origine familiale, Dunod, 1982.
تيلو كلود، هذا الشبل من ذاك الأسد؟ الموقع الاجتماعي والأصل العائلي.

- TOCQUEVILLE Alexis de, De la démocratie en Amérique (1835-1840), Œuvres complètes, Gallimard, tome I, 1961.
توكفيل أليكسي دو، حول الديمقراطية في أميركا (١٨٣٥-١٨٤٠).

- WALZER Michaël, Sphères de justice. Une défense du pluralisme et de l'égalité (1983), Seuil, 1997.
والزر ميكايل، ، دوائر العدالة. دفاع عن التعددية والمساواة (١٩٨٣)

- WEBER Max, Economie et Société (1922), Plon, 1971.
ماكس فيبر، الاقتصاد والمجتمع (١٩٢٢).

# زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عیراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ . ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێڕان | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ڕیکلام و پەیوەندیی گشتی و بازارکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| | | | |